# کوردستان و شۆڕشی کورد

لە بەڵگەنامەکانی ساواکی ئێراندا

# کوردستان و شۆڕشی کورد

## لە بەڵگەنامەکانی ساواکی ئێراندا

و. لە فارسیەوە و ئامادەکردنی:

**بەدرەدین ساڵح**



کتێب: کوردستان و شۆڕشی کورد لە بەڵگەنامەکانی ساواکی ئێراندا
و. لە فارسیەوە و ئامادەکردنی: بەدرەدین ساڵح

## سەرەتا

لە هەموو وڵاتانی دونیادا (مەبەستم ئەو وڵاتانەیە کە پێڕەوی لانی کەم بنەماکانی دیموکراسی دەکەن) دوای ئەوەی ماوەی (٢٠ – ٢٥) ساڵ بە سەر هەر بەڵگەنامەو نهێنییەکیاندا دەبووری بێ خۆ بواردن بە ئەرکی مێژوویی وڵاتەکەیان دەزانن بەڵگەنامەکان دەکەنە کتێبێکی (یان چەند کتێبێکی) جوان و ڕێکی دەخەن و بڵاوی دەکەنەوە بۆیە ڕۆڵەکانی ئەو میللەتانە بە هۆی ئەو بەڵگەنامانەوەیە کە شارەزای زۆربەی زۆری لایەن و کون و کەلەبەری مێژووی وڵاتەکەیان دەبن، کە ڕۆژگارێک بە هۆی بەرژەوەندی وڵاتەکەیانەوە دەبوایە بە نهێنی بمێننەوە. لە دونیای ئێمە (جیهانی سێیەم دا) نەک بیست و پێنج ساڵ بەڵکو (١٠٠) ساڵیش تێپەڕیوە بەسەر بەڵگەنامەو نهێنییەکانی ئەم هەرێمە داو هێشتا دەسەڵاتداران ڕێگای بڵاوبوونەوەی ئەم بەڵگەنامەو نووسراوانە نادەن جگە لەوەی شاهێدی لەناوبردنی هەزاران بەڵگە و شوێنەوارین لە مێژووی میللەتاندا. جار ناجار نەبێت کە ئەویش بۆ هەندێ مەرام و مەبەستی تایبەتی یان لانی کەم ئەو بەڵگەنامەو نهێنییانە دەخەنە ڕوو کە لە بەرژەوەندی دەستەڵات و گەل و وڵاتەکەیاندایە.

ئەوەی بەر دەستتان هەڵبژاردەیە کە لە بەرگی یەکەمی کتێبی:- (چپ درایران، بەروایت اسناد ساواک، حزب دمکرات کردستان) کە ساڵی (١٩٩٩) لە ئێراندا چاپ بووە.

دیارە منیش هەر لەو ڕوانگەیەوە کە گومانم لە هەندێ بەڵگەکان هەبوو هەندێکیشیان پەیوەندیان بە دۆزی گەلەکەمانەوە نەبوو، ئەو بەڵگەنامانەم وەرگێڕاوەو هەڵبژاردووە کە لام وایە خزمەتێک (هەر چەندە بچووووکیش بێت) بە گەلەکەم دەکەم.



هیوادارم بتوانم هەر چی بەڵگەنامەی جێ باوەڕو بە کەڵکەو لە هەردوو بەرگی تردا چاپ کراون و لە شوێنی تریش ئەگەر هەبن پاچڤەی کوردی بکەم و بڵاویان بکەمەوە. پێویستە ئاماژە بەمەش بدەم کە جگە لە ناوەڕۆکی ئەو بەڵگەنامانە، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەم بەڵگەنامانە ڕوانگەو تێبینی خۆیشیان لە تەک بەڵگەنامەکەدا چاپ کردووە دیارە من ئەو تێبینیانەی کە نەبوونەتە هۆی شێواندنی ڕاستی ڕووداوەکەو بەڵگەنامەکە و مێژووەکە وەرم گێڕاون و ئەگەر خۆم لە وەرگێڕانی هەندێکیشیان بواردبێ بە مافی خۆم زانیووە.

هیوادارم مێژوونووسان و مێژوو زانان لە ئاست ئەم بەڵگەنامانە ئەگەر لە هەندێ شوێندا، نادروستی و چەواشەکاریان تێدا بێت کە دڵنیام و شاراوەش نییە، بێدەنگ نەبن و کوردانە لە سەر مێژووی خۆیان وەجواب بێن. هەروەها ئەو ژمارەی من بۆ بەڵگەنامەکانم داناوە بۆ ڕیزبەندی کردن بووەو لە کتێبەکەدا بە پێی ژمارە نییە (وەرگێڕ).

## بەڵگەنامەی ژمارە (١)

مێژوو: ١٣٢٦/٨/٦ (١٩٤٧/١١/٢٧)

ژمارە: ٢٤١١٣

سەرکردایەتی لەشکری – بەپێی ئەو زانیارییانەی کە پێمان گەیشتوون بەم دواییانە حزبێکی نوێ بە ناوی (ژرگا یاخود زرکا)(١) لە عێراق دروست بووەو لە شارە سەر سنوورییەکانی سەر سنووریش چالاکی خۆی دەست پێکردووە. چەند مەبەستێکی ئەم حزبە لە مانەی خوارەوە پێک دێت.

١- دژایەتی کردنی حکومەتی ئێستەی عێراق.

٢- یەکیەتی کوردەکانی ژێر دەسەلاتی عێراق و ئێران و تورکیا.

٣- پاراستنی پەیوەندی دۆستانە لە گەڵ حزبە رزگاریخوازەکانی وڵاتە هاوسێکان و گەلانی تر.

٤- خوێندنی زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا.

٥- دژایەتی کردن لە گەڵ نوێ بوونەوەی پەیمانی سەعدابادو پەیمانی هاوشێوەی ئەمە.

٦- رەخنەگرتن لە شێوەی هەڵس و کەوتی حکومەتی عێراق لە سەر هەڵس و کەوتی دەگەل کارگەرانی نەفت لە کەرکوک.

٧- ناساندنی گەلی کورد بە هەموو میللەتان.

هەروەها پێویستە بگوترێ کە ئەم حزبە رۆژنامەی (السلاح)یش چاپ دەکاو بە پێی ئەو هەواڵانەی کە پێمان گەیشتوون بۆ کوردەکانی ئێرانیش دەنێردرێ. فەرمان بە لەشکری چوار دراوە کە لە چوارچێوەی ئەم زانیارییانە، لێکۆڵینەوەی تەواو بکات و ئەنجامەکەیشی رەوانە بکات.

٢٥٥٦- ١٣٢٦/٨/٥ سپهبد شاه بەختی



تێبینی/ (١) حیزبی (ژرکا یاخود زرکا) لەوانەیە مەبەستی راپۆرتچی ساواک، حزبی رزگاری بوو بێت کە بیوگرافی ئەم حزبە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

سەرەڕای ئەوەی «شۆڕش» بەرهەمی تەنیا یەکێک لە لقەکانی لا باڵی چەپگەرای حزبی هیواو تایبەت بە دەڤەری بچووک و سنووردار و دەسەڵاتەکەی کەم بووەو نەیدەتوانی ئامانج و بیروباوەڕەکانی حزب و بە تایبەتی مەلا مستەفای بارزانی جێبەجێ بکات (تاکو «شۆڕش» خۆی ئەو راستیەی بۆ دەرکەوتبوو).



بۆیە ئەم حزبە بڕیاری دا سەرەڕای پاراستنی بوونی خۆی با بەنهێنی و شارەواوەیش بێت، بەرەیەک لە چەپگرایەکان پێک بهێنێ. «شۆڕش» بە هۆی بەیاننامەیەک بە ناوی « لە پێناوی پێک هێنانی حزبی رزگاری کوردو بۆ تێک شکاندنی ئستعمارو دواکەوتوویی تێبکۆشین» هەموو لایەکی بۆ بەشداری دەو حزبەدا بانگهێشتن کرد.

کادری رێبەری «رزگاری» بە تێکۆشانی شۆڕش و هێنانە ریزی کەسایەتییە ناودارە کوردەکان و حزب و کۆمەڵە کوردیەکان لە کۆتاییدا لە ساڵی (١٩٤٥ – ١٣٢٤ هـ ش) پێک هات.

کادرە رێبەریەکانی رزگاری ئەمانەی خوارەوە بوون:

١- سلاح حەیدەری (ئەندامی شۆڕش).

٢- نافع یونس (ئەندامی شۆڕش).

٣- دکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم (ئەندامی شۆڕش).

٤- نوری شاوێس (ئەندامی شۆڕش).

٥- نووری محەمەد ئەمین (ئەندامی شۆڕش).

٦- تاها محیەدین مەعروف (دواتر بوو بە جێگری یەکەمی سەر کۆماری عێراق و بۆ ماوەیەکی درێژ لەو بەر پرسیاریەتیەدا مایەوە).

٧- مەلا حەکیم ( مەلایەکی خەڵکی شاری خانەقین بوو).

ڕێبەرانی حزبی رزگاری لە پێناوی وەدەست هێنانی ڕێبەرایەتی گەلی کورد، بزووتنەوەیەکی ڕێک و پێک و ڕێکخراوێکی پتەوی کوردی بوون.

ئەم حزبە هیچ بەرنامەو پەیڕەوێکی چاپکراوی نەبوو، بەڵام ئامانجی سەرەکی ئەم حزبە یەکخستنەوەی ناوچە کورد نشینەکانی ناو خاکی ئێران و عێراق و تورکیا و رزگاری کوردستانی گەورەو گەیشتن بە ئازادی و مافی چارەی خۆ نووسین بوو. گرنگی سەرەکی ئەم حزبە ئەوە بوو کە دواتر بوو بە کۆڵەکەو بناغەی پتەوی حزبی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق.

ئۆرگانی ناوەندی ئەم حزبە بلاوکراوەی «رزگاری» بوو کە تا ساڵی (١٩٤٦ م - ١٣٢٥ ھ ش) درێژەی بە چالاکیەکانی خۆی داو لە کاتی کۆنگرەی گشتی لە بەغدا (هەر لەو ساڵەدا) بە زۆرینەی دەنگ هەڵوەشانەوەی خۆیی و هاتنە ناو ریزی حزبی تازە دامەزراوی (پارتی دیموکراتی کوردستان) راگەیاند.

٢- بەڵگەنامەکانی ساواک، تایبەت بە لێکۆڵینەوە لە مێژووی حزبە کوردیەکان (٢-١٧ - تیر ٨/١٣١٦ ژوئیەی ١٩٣٧) پەیمانی سەعدا باد لە لایەن وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی (ئێران - عێراق - تورکیا و ئەفغانستان) لە کۆشکی سەعدابادی تاران ئیمزا کرا.

پەیمانی سەعداوا (سەعداباد) کە بە پەیمانی (دەست درێژینەکردن)یش



ناسراوە پێشەکیەک و (١٠) بەندی هەیە.

لە پێشەکیەکەی پەیمانی ئەو چوار وڵاتەی سەرەوە، ویستی خۆیان بۆ توندو تۆڵ بوونی پەیوەندی دۆستانەی نێوانیان و پاراستنی جێگیری و هێمنی و ئاشتی و ئاسایش لە رۆژهەڵاتی نزیکدا دەربڕیوە، کە بۆ بەجێهێنانی ئەو بەڵێنانەی کە دەپەیماننامەکەدا هاتوون و لە سەری ڕێک کەوتوون و ئەو ئەرکانەی کە بە پێی ڕێکەوتننامەی خۆ دوور خستن لە شەڕ لە پاریس (بە ڕێکەوتی ٢٧ی ئووتی ١٩٢٨) و بەڵێن نامەکانی کۆمەڵگەی گەلان لە ئەستۆیاندان ئەم پەیمانەیان بەستووە. بە پێی بەندەکانی ئەم پەیمانە لایەنەکانی ئەم پەیماننامەیە بڕیاریان وەرگرت کە دەست نەخەنە کاروباری نێوخۆی یەکترو، ریز لە سنوورەکانی یەکتر بگرن و لە هەموو کێشە نێودەوڵەتییەکاندا کە پەیوەندی بە بەرژەوەندیە هاوبەشەکانیانەوە هەبێت، راوێژ لە گەڵ یەکتردا بکەن. هێرشی داگیرکارانە (چ راستەو خۆو چ ناراستەوخۆ) بێت دژی یەکتر ئەنجام نەدەن. لە پێک هێنان یاخود هێرشی دەستەگەلی چەکدار کە ئامانجیان تێک دانی هێمنی و ئاسایش و گۆڕین و لە ناوبردنی حکومەتەکانی یەکتری بێت بەرگە بگرن و واتە جیاوازیەکانی بیرو بۆ چوونیان لە ڕێگای ئاشتی و بە هێمنی یەکلا بکەنەوە. تەمەنی پەیمانی سەعداوا زۆر کورت بوو، ئەم پەیمانە لە مانگی نوێ ساڵی (١٩٤١) کاتێک کە هێزەکانی ئینگلیز لە خاکی عێراقەوە هێرشیان کردە سەر ئێران بە کردەوە کارای خۆی دۆڕاند.

سەرچاوە: چپ در ایران - بەروایت اسناد ساواک حزب دموکرات کردستان - جلد اول . ص ١-٢

## بەڵگەنامەی ژمارە (٢)

«بەهەموو شێوەیەک نهێنییە»

سەرۆکی ستادی لەشکری
رێکەوت ١٩٤٧/١٢/٢٤
ژمارە/١٠٦٧٩

بەپێی هەواڵی شـارەوانی ئازەربایجـان، لە ئەنجـامی ئەو لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونەی (جاسوسی) کە لە سەر حزبی «رزگاری» لە عێراق کرا، ئاشکرا بوو کە هیچ جموجۆڵێکی ئەم حزبە لەدەوروبەری شاری مهاباد دا بەدی ناکرێ.



بەڵام حـزبی کـۆمـەڵە دەسـتی کـردووە بە بەسـتنی کـۆبوونەوە بە نهێنی و پەیوەندییان لەگەڵ عێراق و تەورێزو تاراندا پەیدا کـردووە، ئەوانـەی چالاکی بۆ ئـەو حـزبە ئەنجـام دەدەن «حوسێن داوەری» یە کـە کـوڕی حـاجی مـسـتـەفـای داوەرییـە، کـە لە لایەن دادگـای سـەردەمی شـەڕ تاوەنبـارکـراوەو لە شاری تەورێزدا زیندانی کراوە.

هەروەها کەسێکی تریش «عەزیز مشـیری» کە پەیوەندی ئەم حزبەیە لەگەڵ رووسـەکان و «عەبدولڕەحمان زەبیحی» پەیوەندی حزب لەگەڵ حکومەتی بەغدادە.



هەروەعـا عـەلی رەیحـانی، بازرگـان و سـاڵح خـرەدمـەند کـارمـەندی دانەوێڵەی مهابادو سەید عەبدوڵڵای دەرمان فرۆش و مەحمود سدیقی و چەند کەسێکی ترن. هەروەها بۆ کڕینی دەمانچەو چەک و تەقەمەنی تر لە لایەن کوردانی عێراقی و ئێرانییەوە جموجۆڵێکی زۆر لە ئارادایە، دوای گـەیشـتنی راپۆرتی ناوبراو بە لەشکری چوار، بڕیار گـەلی جـدی بۆ بەدواداچوونی بابـەت و بڕیارگـەلی زیاتر بدرێ بە شـارەوانـی بۆ ئاشکراکردنی شوێنی کۆبوونەوەی نهێنی ئەم تاقمە، ئەنجامەکەیشی دواتر رادەگەیەنرێ.

لێکۆڵەری لەشکری ناحیەی ٢
سپهبد

سەرچاوە: سەرچاوەی پێشوو. لاپەڕە (٣)

# بەڵگەنامەی ژمارە(٣)

رێکەوت/١٤/١٠/١٩٤٩

«راپۆرت»

بەپێی ئەو زانیاریانەی کە گەیشتوون لەسەر سنوورەکانی ئێران و عێراق و تورکیــادا هەندێ جـمـوجـوڵ بەشـێـوەیەکی نهـێنی بۆپێک هێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ لە ئارادایە. هەروەها هەندێ لەو دەستە بیانیانە لەپشت ئەوەدان لە شوێنی وەک و ئابادانیش کاری وا ئەنجام بدەن.

ئەم هەواڵە بۆ دڵنیابوون و پشتـڕاستی بە ناوەندەکانی پەیوەندیدار لە رۆژئاوا(مـەبەستی رۆژ ئاوای ئێرانە- و) راگەیانراوە ئەوانیش ئەمەی خوارەوە رادەگەیەنن.

١- ساواکی تەورێز لەسەر ئەم بابەتە راپۆرتی داوە و دەڵێ، سێ کەس لە سەرۆک هۆزەکان کە گومانی ئەو جۆرە جموجوڵەیان لێ دەکرا لەسەر پێشنیاری لەشکر و پێک هاتنی یەکەی هێمنایەتی بۆ کرمان و یەزد دوور خرانەوەو یەکێکیش بەناوی (ئیسماعیل ئەبوو تالبی) یەکێک لە پیاوە رابردوو بەگومان و دەست نخۆشەکان بوو بۆ مەلایێر دوور خرایەوەو بەوردی ئاگاداری بارودۆخ بووین و دەبین.

٢- ساواکی مهاباد ئەم بابەتەی سەرەوەی پشت راست کردووە و هەواڵی داوەکە هەندێ جموجۆڵ لەلایەن حزبی پارتی (پارت- مەبەستی پارتی دیموکراتی کوردستان- و)ە بۆ سەربەخۆی کوردستان و لە بەرژەوەندی سەر کۆماری مەلا مستەفای بارزانی، لە ئارادایە و رایگەیاندووە کە هەندێ ناکۆکی لەنێوان مەلا مستەفا و عەبدالکریم سەری هەڵداوە کە بوەتەهۆی ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا.



٣- ساواکی رەزاییە(ورمێ) سەبارەت بە چۆنیەتی ئەم بابەتە رای گەیاندووە، کە بەسەر هەڵدانی کێشە و ساردی لەنێوان عبدالکریم قاسم و مەلا مستەفا بارزانی حزبی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ سەربەخۆی کوردستان لەبەرژەوەندی بوون بەسەر کۆماری مەلا مستەفای بارزانی بەچڕی لەهەوڵ و تێکۆشاندایە کە دوای دوورخستنەوەی (٧) کەس لە سەرۆک خێڵەکان و گەڕانەوەی پەنابەران بۆ عێراق و بەڵێنەکانی عبدالکریم قاسم سەبارەت بەداخوازیەکانی



هەمـوو هۆزەکـانی عـێـراقی لە جموجۆڵی ئەو حزبە کەم بۆتەوە، بەشێوەیەک کە تا ئەم رێکەوتە هـیـچ هـەواڵـێـک لـەوبـارەوە نەگـەیشـتـۆتە بنکەی سـاواک لەڕەزاییە.

٤- لە راپۆرتی سازمان (ساواک- و)ی کـرمـانشـادا هاتوە کـە جموجۆڵ سەبارەت بەسەربەخۆیی کـورد پەرەی سـەندوە بەتایبـەت دوابـەدوای چونـەوەی مـــــەلا مـــــســـــتــــەفـــا بۆ بارزان، ئەم جموجۆلانە بەگوڕ بوە و بەهۆی گۆڕانی روانگە و سیاسەتی حکومەتی ناوەندی عێراق، حکومەتی شۆڕەوی گرنگیەکی زیاتر دەدا بەسەر بەخۆیی کورد و هاوکاری هەڵگرانی ئەم بیرۆکەیە دەکا.

بۆچوون... بەلەبەر چاوگرتنی بابەتی سەربەخۆیی کورد لەلایەن کۆمیتەوە باس کراو خرایە بەرباس و لەکۆنووسی کۆبوونەوەدا تۆمارکراوە کە لایەنی

بەرپرس هەنگاوی پێویست لەو بارەوە بنێن و سازمانە پەیوەندیدارەکان (بنکەکانی ساواک- و)یش ئاگاداربن کە دەرکردنی هەرجۆرە بڕیارێک پەیوەستە بە فەرمایشتەکانی خاوەن شکۆ.

- راپۆرتی کوردستان لەکوێیە؟
- بیروبڕوای بەشەکەی ئێران چیە؟

بەڕێزەوە سەبارەت بە بەدواداچوونەکەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی عەرزتان دەکەم، سەبارەت بە بەندی یەکەم راپۆرتەکەی ساواکی سنە داواکرا و سەبارەت بە ئەوبەشەی کەنە دەخوێندرایەوەش بەجیا نێردرایە خزمەتتان.

١٩٤٩/١٠/١٨

سەرچاوە: سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٦-٧



## بەڵگەنامەی ژمارە(٤)

رۆژ: ١٩٥١/٢/٣

راپۆرتی سەرهەنگ جیهانشاهی

بەپێی ئەو هەواڵانەی بەدەستمان گەیشتوون، لە کوردە راگوێزراوەکان لەناوچە کوردنشینەکانی عێراقی عەرەب، دوو حزب بەناوەکانی کۆمەڵەو رزگاری دامەزراون و لەسەرەتای دامەزرانیانەوە گەشە سەندنێکی لەبەرچاویان بووە.



دوابەدوای دروست بوونی خاڵی هاودژ لەنێوان شێخە کوردەکان، تارادەیەک لە رێژەی گەشەسەندن و جموجۆلی ئەوان کەم بوو بووەوە، بەم دواییانە ئەم دوو حزبەی ناومان هێنان دیسان وە جموجوڵ کەوتوونەتەوە، ئەویش بەهۆی رێبەرایەتی شێخ مەحموود کە دانیشتوو خەڵکی شاری سولەیمانیەی عێراقە زۆربەهێزبووەو هەندێ نێردراویشی بەرێگای زنوزی عێراق (لەوانەیە مەبەستی زەڵی یاخود زینوێ بێت- م) ناردۆتە نەغەدەو مهاباد و بۆکان و دیدار و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ هەندێ کەسی وەکو خسرەوی و عەشیرەتی قازی محمد و مەلا مستەفا کە لە شەڕ و پێکدادانەکانی هێزەکانی عەشیرەتەکان

و حکومەتدا کوژراو جەعفەری کەریمی سەرۆکی ناوەندی هێزی کارتۆنی قازی محمد، کردووەو ئەم بابەتە خراوەتە ژێر لێکۆڵینەوەو (جاسوسی) زیاتر و ئەنجامەکەشی ... دەنێردرێتە خزمەتتان.

دوابەدوای راگەیەنراوی رۆژی ٢٣/١/ ١٩٥١ سەبارەت بە هەردوو حزبی کۆمەڵەو رزگاری لەسەر خاکی عێراق دروست بوون و بنەمای رێکخستنەکانیان لەساڵەکانی ١٩٤٤ و ١٩٤٥ تەنیا لە شاری سولەیمانیەی عێراقدابوەو دوابەدوای جموجۆڵی فرەو فراوان بوونی خاڵی دژایەتی کردنی حکومەت لەنێوان شێخەکانی عێراق، وەکو شێخ مەلیک مەحمود لە نەوەکانی عزت کامل گەیلانی، کە شوێنێکی بەرزی لەنێو موسڵمانە بە جموجۆڵەکاندا هەیە و هەروەها شێخ کاکە عەبدوللا کە رێبەری چینی ئیرشادەو لە کەرکوک دادەنیشێ و شێخ بابا تۆفیق گەیلانی کە لە شاری (ئیلچە)ی عێراقە( نازانم مەبەستی هەواڵدەری ساواک لە ئیلچە شوێنی ئیرشادی کام تەریقەتە.و).

ئەم حزبانەی کە ناومان هێنان خەریکە لەبەریەک هەڵدەوەشێنەوە، بەڵام بەم دواییانە نزیکەی مانگێکە ئەم حزبانە زۆر بەبەر فراوانی خەریکی جموجۆڵ و چالاکین.

پێویستە ئاماژە بەوە بدرێ کە سەر راست بوونی ئەم هەواڵە لە شارەکانی خانەقین و هەڵەبجە و زنووز و کەرکوک و یەعقوبیە(لەوانەیە مەبەستی بە عقوبەبێت. و) و ناوچەکانی تری عێراق کە کوردی تێدا ئاکنجین تەکەزی لەسەر کراوەو ئەم حزبە خۆی رێک خستووەو بەهۆی شێخەکان و مەلا ئاینیەکان لەنێو هۆزەکانی جاف و هۆزەکانی تر کە لە نزیکەی (٣٥) هەزار کەس پێک دێن، بەشێوەیەک لە تورکیەوە تا سەر سنورەکانی خسرەوی بە درێژایی هێڵی سنوور کە دەگەل هۆزەکانی ئێرانیش هاو سنورن.



لەم سنورانە زۆر بەپەلە کاری پروپاگەندە و راگەیاندن و ناونووسین ئەنجام دەدرێ و گوایە دەستەڵاتدارانی عێراقی بەرگریەکی ئەوتۆ لەو کارە ناکەن، بەڵکو بەشێک لەم هۆزانە بە ئاشکرا چەکدارن و بەپێی ئەم راپۆتە ئاشکرا بووە کە نزیکەی مانگێکە هەموو جۆرە قوماشێکی رەنگاورەنگ و بەرووبەوومی ئاوریشیمی خوری و قەند و چایی و شتی لەو بابەتە لەناوچەی هۆزنشینە کوردە عێراقیەکان بازاڕ دەکرێ و بە کەمترین نرخ کە پێمان وایە: مەتری پارچەی حەریر چوار تا پێنج قڕان و مەتری فاسۆن سەد ریال و مەنێکی قەند دەریال و قوتویەکی چایی بیست و پێنج ریال کڕین و فرۆشتنی پێ دەکرێ و بەدەست کڕیاران دەگات.



بەم دواییانە لەسەر سنوورەکانی عێراق و ناوچە کوردنشینەکانی ئێران کڕین و فرۆشتن دەکرێ.

هەروەها ئەوەش سەرڕاست کراوە کە بەم دواییانە لەلایەن شێخەکانی عێراقەوە بەیانێک لە تیراژێکی چەند هەزار دانەیی دا چەند ساڵێک بەناوی ئامۆژگاریەکانی پیرنوسراوەو نموونەکەشی دەست هەموو پەیڕەوانی دەکەوێت. وەک زانراویشە هەر بەو شێوەیەی دیارکراوە رێبەری راگەیاندنی ناوچە کوردنشینەکانی ئێران کوڕی شێخ (حسام الدین)ە کە لە دەوروبەری ناوچە کوردنشینەکانی رۆژئاوای نەوسود دادەنیشێ و ئەم حزبە نە تەنیا کارتێکردنی لەسەر گیانی کوردەکانی ژێردەستەڵاتی ئێراندا هەیە بەڵکو

کارکردنیشی لەسەر کوردەکانی ژێردەستەڵاتی تورکیەی ئێستایشدا هەیە.

لە کون و کەلەبەرەکانی ئەم بابەتە دەرکەوتووە کە دەستەڵاتدارانی ئینگلیز هەندێ گرانایی و بونیان داوە بەم حزبە و ئامرازی وشە(لەوانەیە مەبەستی ئامرازی چاپ کردن بێت- و) خستۆتە دەست راگەیاندنی ئەم حزبانەو بۆ بەهێز کردنی زیاتریان کەرەستەی راگەیاندنیان، ئەویش بە کەمترین نرخ بۆ تاراج کردون کە ئەمە بابەتێکە گرنگی خۆی هەیە.

هەروەها مۆڵەتی (٥) چەکی سووک ئەویش بۆ پاراستنی ماڵ و حاڵ دەدرا، بەڵام ئێستا چەک بەڕادەیەک لەنێو هۆزەکاندایە کە ناکرێ پێشگیری لێ بکرێ و ئەم کارەی کە لەناوچە کوردنشینەکانی عێراق ئەنجام دەدرێ لایەنی راگەیاندن و پروپاگەندەی ئینگلیزە و لەهەرێمەکانی ناوەندی کوردەکانی ئێرانیش وەکو بۆکان و بانەو سەردەشت و نەغەدە و شنۆ نێردراوی نهێنی لە عێراقەوە بەنامەو نووسراو بۆ شێخ و پیاوانی ناودار چاوپێکەوتن و پەیوەندییان هەیە.

١٩٥٦/٢/٣

سەرهەنگ جهانشاهی

سەرچاوە/ چپ در ایران بەروایت ساواک. حزب دموکرات کردستان- جلداول. ص١٠-١٢.



## بەڵگەنامەی ژمارە(٥)

ڕۆژ: ١٩٥٨/٨/٣

ژمارە: ١٣٠٦٧/٢٠ ه ١١

لە: ٢٠ ه ١١

بۆ: ٣١٤

زۆر نهێنی

قسەکانی همایۆن کەمانگەر بەرپرسی بەرنامەکانی کوردی رادیۆی ناوەندی کرمانشا.



لە ڕۆژی ١٩٥٨/٧/٢٥ ناوبراوی سەرەوە لەبەردەم، محمد فاتح محمدی، قادر دادخوا، سدیق سەفی زادە بۆرەکەیی و محمد سالح ئیبراهیمی، کارمەندانی بەرنامەی کوردی رادیۆو تەلەفزیۆنی مللی ئێران لە زاری بەڕێز قوتبی بەڕێوەبەری سازمانی رادیۆ و تەلەفزیۆنی مللی ئێران دا گوتی: ئێستە لە ئێراندا کەشوهەوای سیاسی کراوەیە، ئیتر نابێت بڵێین زاراوەکان، چونکە کوردی زمانەو تا ئەم بەرنامە بڕیاری لەسەر دەدرێ دەبێ بڵێین زمانەکانی تری جیا لە فارسی دەبێ فەرهەنگی کوردی بەهێزبکرێ و دەبێ تا کۆتایی دەورەی

سەرەتایی لەناوچە کوردنیشنەکاندا بەزمانی کوردی لە قوتابخانەکان بخوێندرێ، هەر بەو شێوەیەی کە لە بەلوجستان و ئازەربایجان ئەو کارە ئەنجام دەدەین. (مەبەستی ئەوەیە ئەوانیش بەزمانی خۆیان دەخوێنن)و ناوبراو درێژەی دایێ و گوتی: قوتبی لەو کۆبوونەوەیەدا گوتی: بە گشتی فەرهەنگی کوردی و فەرهەنگە ناوچەییەکانی تر دەبنە هۆی پێش کەفتی فەرهەنگ و زمانی فارسی و هەروەها کەمانگەر لەزاری قوتبیەوە گوتی: ئێمە بۆ خۆمان دەزانین کە لە شەڕەکانی جیهانی یەکەم و دووەم دوژمنانی ئێران لەهەوڵی تێکدانی سنورەکانی ئێراندا بوون.

بیانییەکان هەوڵیان دەدا ئێران پارچە پارچە بکەن، بەڵام کوردەکان نەتەنیا سنوورو خاکی ئێرانیان پاراست و لەبەرانبەر داگیرکەر و دوژمنانی ئێران خۆڕاگری و لەخۆبردوییان نواند، بەڵکو یەکپارچەی خاکی ئێرانیان پاراست بۆیە دەبێت بۆ بەرفراوان کردنی بەرنامەکان و گونجاندنی بەرنامەکانی کوردی لە تەلەفزیۆنی ناوەندی کرمانشا هەوڵێک بدەین.

کە ئێستا (١٣) بەرنامەی کوردی بۆ ناوەندی کرمانشا ئامادە و تۆمارکراوە.

دواتر بەڕێز کەمانگەر گوتی: لەسەرەتای ساڵی نوێی خوێندن لە قوتابخانەکانی سەرەتایی لەئازەربایجان بەئازەری و تورکی دەخوێندرێ، مانگێکیش بەر لە ئێستا ڕۆژنامەکان ئاماژەیان بەو بابەتە داوە کە بۆ خوێندن لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی ئازەربایجان کتێبی تایبەتی کە بەشی زۆریان بە تورکی و ئازەرین ئامادەکراون و لەوانەیە تا ساڵی داهاتوو بەکوردیش بخوێندرێ.

کەمانگەر درێژەی دایێ و گوتی: ئەم کارە لە ئەنجامی راپۆرتێکەوەیە کە



ساڵێک بەر لە ئێستە لەلایەن دەستەی لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی ئێران بەسەرۆکایەتی دکتۆر نەهاوەندی پێشکەش بەخزمەتی شاهینشا ئاریا مێهرکراو ئەو جەنابە خاوەن شکۆیە لەو بارەوە رازی بوونی خۆیان ئەمر فەرموو.

تێبینی و بۆچوونی ڕۆژی شەمۆ: ئەو کۆبوونەوەی کە قوتبی قسەی تێدا کرد کۆبوونەوەی بەرپرسانی هەواڵی بەرنامەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆنی سەرتاسەری ئێرانە کە لە ڕۆژی ١٩٥٨/٧/٢٥ لەتاران کۆتایی پێهات، لەو کۆبوونەوەیەدا؛ عەباسی لە ڕەزائیە(ورمێ)، مەحمود شکاک نەژاد و هاشم سەلیمی لە مهابادو ئەسعەد سراج الدین لەسنەو همایۆن کەمانگەر لە کرمانشا تێیدا بەشداربیان کردبوو، هەروەها (شێخ ئەمین نەقشبەندی)ش لەوکۆبوونەوەیەدا بوو.

بیروڕای ڕۆژی سێ شەممە: هەواڵەکە گرنگ و بەکەڵکی لێکۆڵینەوەو لێوردبوونەوەیەکی وردەو بۆیە پێویستە لەکاتێکدا ئەگەر ئەم هەواڵە راست بێت و بڕیارێکی وا وەرگیرابێ، لێکۆڵینەوەیەکی گشتی و بەرفراوان بکرێ.

بیروڕای ڕۆژی چوارشەممە: ڕوانگەی ڕۆژی سێ شەممە پەسند دەکرێ.

بەڕێز شاهقلی پێم وانییە قسەکانی کەمانگەر کە بەزمان بەڕێز قوتبیەوە گێڕاویەتەوە ڕاست بن بۆیە لێکۆڵینەوەو چۆنیەتی ڕۆشن تا هەنگاوی پێویست بکرێ.

سەرچاوە: چپ در ایران بەروایت اسناد ساواک حزب دموکرات کردستان- جلد اول. ص١٦-١٧.

## بەڵگەنامەی(٦)

ڕۆژ / ١٩٥٨/١٢/١١

ژمارە/٧/٦٥٣٨ ئەلف٢

نهێنی

سەبارەت بە قەبری قازی محەمەد

سەرچاوەی هەواڵ بەڕێز پژمان



بە پێی ئەو هەواڵانەی کە پێمان گەیشتوون تیمسار وەرەهرام فەرماندەی گشتی سوپای مهاباد دەستووری داوە بەهۆی تراکتۆر قەبرەکەی قازی محەمەد تێکوپێک بدرێ.

ئەم بڕیارە بەو هۆیەوە وەرگیراوە کە کوردەکانی دانیشتووی مهاباد لەسەر ئەو بڕوایە بوون سەری قەبرەکە هەڵدەنەوەو ئێسقانەکانی قازی بۆ شوێنێکی گونجاوتر بگوێزنەوەو ئارامگایەکی شیاو بۆ ناوبراو دروست بکەن.

ئەم کردەوەی فەرماندەی لەشکری مهاباد کارتێکردنێکی زۆر گرانی لەسەر گیان و ئەندێشەی خەڵکیدا داناوەو گوتوویانە هێشتا لەشکرو حکومەت دوژمنایەتیان لەگەڵ مردوانی ئێمەدا هەیە.



لە پەروەرندەی ٢٥/ح دا هەڵبگیرێ

عەباس فروزش

١٩٥٨/١٢/١٥

سەرچاوە: چپ در ایران، بەروایت اسناد ساواک حزب دموکرات کردستان/جلد اول ص٢٦

## بەڵگەنامەی ژمارە(٧)

ڕۆژ/ ١٩٥٩/٨/١٢

ژمارە/ ٨٠٧٥/١٩٤٤٥

پەیوەندی بارزانییەکان بەکوردەکانی سەردەشت و مهابادەوە بەپێی ئەو هەواڵانەی کە گەیشتوون:

١- پیاوانی بارزانی کە لە ڕووسیاوە گەڕاونەتەوە عێراق، لە حاجی ئۆمەران و سیدەکان تا ناوچەی برادۆست بە چەک و تەقەمەنییەوە جێگیرو لە (پێنجوێن و چوارتا) و لەلایەن ئەفسەرانی شۆڕەوی فێری مەشق و هونەری سەربازی دەکرێن.



هەروەها لە هەوڵ و کۆششدان بۆ پەیوەندی بەستن لەگەڵ کوردەکانی سەردەشت و مهاباد.

٢- جوانڕۆییەکانی دانیشتوی عێراق لەلایەن ئەفسەرانی شۆڕەوییەوە پاڵپشتیان لێ دەکرێ و هان دەدرێن کەهێرش بکەنە سەر سەربازخانەکانی نەوسوودو پاوە. دەستوور بفەرموون سەرەڕای چاودێری تەواو، هەر جۆرە زانیارییەک لەو بارەوە بەدەست بگات بە پەلە ڕەوانە بکرێ.

سەرۆکی ستادی گەورەی قوماندااران

ئەرتەشبەد هدایەت



تێبینی:



ئەو شوێنانەی کە دەبێ ئەم هەواڵەیان پێ بگات:

- فەرماندەی گاردی سنور بەمەبەستی زانیاری و چاودێری و ناردنی هەر هەواڵێک کە وەدەست بێ:
- فەرماندەیی گاردی گومرگ- فەرماندەیی گشتی ژاندرمەی ولات- سەرۆکایەتی سازمانی زانیاری و ئاسایشی وڵات- سەرۆکایەتی سازمانی دژە زانیاری.


سەرچاوە: چپ در ایران بەروایت اسناد ساواک- حزب دموکرات کردستان- جلد اول - ص٢٨.

## بەڵگەنامەی ژمارە (٨)

رۆژ/ ١٩٥٨/١/١٠
ژمارە/ ٥٩٢/٤ب ٢

سەرچاوەی هەواڵ: کەسێک کە شارەزاو لێهاتووە.
لە لایەن: ج - ٣
نهێنی

یەکێک لە پیاوانی حزبی کۆمەڵە کە لە ساڵی (١٩٤٦) وە بەرەو عێراق هەڵاتووە، ئێستا پەیوەندی نێوان ئێران و باکۆیە کە وێنەکانیان لە بەر دەستە. یەکێک لە پیاوانی کۆمەڵە بە سوود وەرگرتن لە هەلو مەرج هەڵاتووەو دەمێکە لە عێراقە و بەم دواییانە بە قاچاخ هاتۆتە ناوچەکانی مهاباد - شنۆ - سەردەشت و بۆکان و بەردەوام پەیوەندی نێوان کۆمەڵەو کوردەکانی ئەو ناوچانەیە.



١- عەبدوڵڵا بارزانی، یەکێک لە سەرۆکەکانی بارزان کە لە ساڵی (١٩٤٧)وە لە عێراق بە دواییدا دەگەڕێن، ناوبراو بە هۆی ناسیاوی لە گەڵ خانەوادەی قازی محەمەد، لە گوندەکانی ئەواندا خۆی شاردبۆوەو لە ساڵی (١٩٥٣) دا هاتۆتە تاران و بە کڕینی تاکسیەک خەریکی خۆ ژیاندنە. شوێنی کارکردنیشی چوارڕیانی چایخانەی فەیرۆزە



کە بەردەوام دارودەستەی کۆمەڵە لە وێدا کۆدەبنەوەو ئێستە ناوبراو هاوکات لە گەڵ ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی عێراق گەڕاوەتەوە بارزان و زۆر جار هاتوچۆی تاران دەکات و پەیوەندی نێوان دارودەستەی کۆمەڵەو هۆزی بارزان و هۆزەکانی ناوچەی مهابادە.

٢- محەمەد مەولود، خەڵکی مهاباد، یەکێک لە بەتواناترین کەسانی ئەم حزبە کۆمەڵە (ژ.ک)ەو ناوبراو هەردەم پەیوەندی نێوان عێراق و تورکیە و ئێران و باکۆ بووەو لە چالاکترین کەسانی هەڵاتووی ساڵی (١٩٤٦) بەرەو عێراقە.

٣-دڵشاد ڕەسولی خەڵکی عێراقە، لە سەرەتای دامەزراندنی حزبی کۆمەڵەی کوردستانەوە جێگری فەرهەنگی کوردستان و بڵاوکەرەوەی زمانی کوردی بوو. دوا بە دوای خۆ بە دەستەوەدانی مهاباد گەڕاوەتەوە عێراق و لەوێوە بە قاچاخ ڕۆیشتۆتە سوریەو ئێستە بێژەری رادیۆی قاهیرەیە بە زمانی کوردی.

٤- زەبیحی لە بنەماڵە ناودارەکانی مهابادە کە دوای ڕووداوەکانی ساڵی (١٩٤٦) بەرەو عێراق هەڵاتووەو بەردەوام لە بەغداوە بەرەو مهاباد دێ و دەچێ. هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی لادێ کە رایان کردبوو بەم دواییانە بە قاچاخ هاتوچۆی گوندەکانی دەوروبەری مهاباد دەکەن. عەلی کوڕی قازی محەمەد بەردەوام لە گەڵ کوڕەکەی سەدری قازی و ژمارەیەکی تر لە خوێندکارانی کورد لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوادەخوێنن .

عەلی بەردەوام هات وچۆی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتی هەبووەو پەیوەندی بە مهابادەوە هەیە. هەروەها پیرۆزبایی بۆ عەبدولکەریم قاسم و مەلا مستەفای بارزانی ناردووە. بە هۆی نامەیەکەوە لە ئیدارەی گشتی دوو داوای وێنەکانیان بکرێ.

سەرچاوە: چپ درایران بەروایت اسناد ساواک حزب دموکرات کردستان/ جلد ١ ص ٣٣-٣٤

## بەڵگەنامەی ژمارە(٩)

رۆژی ١٩٥٩/١٢/٢٤

ژمارە ٤٩٥٢/س/٤٩٣

سەرۆکایەتی دژە زانیاری، سەر بە لەشکری چواری ئازەربایجان بەپێی زانیاری گەیشتوو:

١- نێردراوەکان بۆ پەیوەندی لە نێوان عێراق و ئێران و تورکیاو باکۆ بەردەوام بە رێگای، سوسنگرد، پشت کۆ، سومار، پاوە، هەورامانی مەریوان بەرەوبانە، سەقز، سەردەشت و مهاباد دادەڕۆن، ئەم نێردراوانە لە خاڵەکانی خانەقین، دەربەندیخان، هەڵەبجە، پێنجوین دزە دەکەنە ئەم شوێنانەی کە لەسەرەوە ناومان هێنان.

ئەم ژمارەیە لەلایەن حزبی(پارتی دیموکراتی کوردستان) بۆ ئازادی لە عێراق ئەرکیان پێ راسپێدراوە، کە بڵاوکراوە بە مەبەستی پێک هێنانی کوردو کوردستان و، هەروەها هەندێ وێنەیان لە قاسم(عەبدلکریم قاسم-و) کە لەژێرەوەی وێنەکە نووسراوە رێبەری کوردو عەرەب و وێنەی مستەفا بارزانی کە لەژێرەوەی وێنەکە نووسراوە رێبەری کورد لە نێو هۆزو جوتیارو خەڵکی دا بڵاودەکردەوە، ئەو کەسانەی بەو ئەرکانە هەڵدەستن ئەو کەسانەن کە ئێرانین، بەڵام بەرەو عێراق هەڵاتوون و لە بەرامبەر حزبی کۆمۆنیست، حزبی پارتی خەریکی جموجۆڵە کە بارەگاکەیان پەرچەمی کوردستانی گەورە، کە بەشی ئێران و عێراق و تورکیاو سوریا نیشان دەداو ئارمەکەشی بریتییە لە رۆژ و دوو گوڵەگەنم کە قەڵەمێکیش لەسەری دەبینرێ.

پێویستە بگوترێ ئەو ئارمە(دروشم)ە هەر ئەو ئارمەیە کە حکومەتەکەی قازی محەمەد بەرزی کردبووەوە، کۆمیتەی دیموکرات و حزبی کۆمۆنیستیش ئارمی کۆتری ئاشتیان هەڵبژاردوە.



٢- دووەمین نێردراوەکان لە رێگای قەلادزەو سلێمانی و کۆیەوە بە رواندوز، چوارتا، شەقڵاوە، بەغدا بە بەردەوامی لە نێوان هۆزەکانی سەردەشت و مهاباد و نەغەدەو شنۆ و بەتایبەت ناوچەی بۆکان، سەقز، بانە، رەزائیە،(ورمێ)، شاهپور(خۆی) و ناوچەی جەلالییەکان لە ماکۆو هەموو هۆزەکانی کورد لەو هەرێمە چوون و پەیوەندیان لەگەڵیاندا هەیە.

٣- هەروەها ژمارەیەکی زۆر دەوروبەری(٣٠)کەس کە پەیوەندی (باکۆو مهاباد، بەغدا، تاران)ن لە داروودەستەی حزبی کۆمەڵە(مەبەستی ژ.ک-و)لە ساڵی ١٩٤٤وە چوونەتە شۆڕەوی. ئەم کەسانە بەسوود وەرگرتن لە کەسانی کۆمەڵەو کەسوکاری خۆیان لە ناوچەی بۆکان، مهاباد، رەزائیە، دەستیان داوەتە جموجۆڵ. ئەم دەستەیە سێ ناوەندی بەڕێوەبەردنی کارەکانیان هەیە(لە دوای ئەم رستەیە ناڕێکییەک لە درێژەی باسەکە یاخود پچڕانێک هەیە، چونکە پەراوێزەکەی ژمارە(٣)تەواو نەبووە یەکسەر دوای ئەم چەند دێڕەی کە لەبەر دەستاندایە چۆتە سەر پەراوێزی ژمارە(٥) کە دیارە بەشێکی پەراوێزی(٣) و بەشێکی(٥) یان قرتێنراوە یاخود لە قەڵەم کەوتووە-م).

٥- بەم دواییانە بارزانییەکان پیاوەکانیان لە تەمەنی(١٠)ساڵ بەسەرەوە چەکدارکراون، چەکەکانیان چەکی شۆرەوی و چیکسلۆفاکیەو لەلایەن لێزان و شارەزایانی بارزانی کە بەم دواییانە لە شۆرەوی گەڕاوەنەتەوە رادەهێنرێن. لەناو بارزان چەند دەزگایەکی بێتەل کاردەکەن کە پەیوەندیان بە باکۆو بەغداوە هەیە.

هەروەها چەند دەفتەرێکی تۆماری بۆ لایەنگیری لە سەربەخۆی کوردستان لەبەردەستدایە. ناوەندی سەرەکی بارزان لەژێرچاودێری خودی

مەلا مستەفا دایە. ئەم ناوەندە بەردەوام پەیوەندی لەگەڵ ئێران و سوریاو تورکیادا هەیەو خەرج وتیاچوونی ئەم ناوەندانە بۆ پەیوەندی کردن لەلایەن رێکخراوی تێکۆشانی حزبی کوردستانی ئازادەوە دابین دەکرێ. پروپاگەندەی ئەوەیش هەیە، کە خەرجی سەرەکی و خەزێنەداری بە ئەستۆی پیاوانی بەرژەوەندییەکانی شۆڕەوییەوەیە.

لەنێو بارزان لەگەڵ ئەفسەران و کەسانی هاووڵاتی تودەی ئێرانی وئەندامانی فیرقەو دیموکرات و کۆمۆنیست، ئەوانەی هەڵاتوون چ لە سوریاو چ لە تورکیا لە پەیوەندیدان و بەشێوەیەک کە بەم دوایانە لە کوردستانی ئێران چاپ کراوە، کە گوایە شۆڕەوییەکان پشتیوانی جموجۆڵەکانی کورد دەکا بەو شێوەیە سەربەخۆی کورد بە ئەنجام دەگەیەنن.

بەم دواییانە کوردەکان بەناوی زیارەتی شێخ ئەحمەد بەرەو بارزان بوونەتەوەو تاکو سەرگۆرد لهۆنی لەگەڵ ژمارەیەک کوردی عێراقی و ئێرانی وەکو جوان رۆییەکان چۆتە ناوچەی بارزان و لەگەڕانەوەیدا دەستەڵاتدارانی عێراقیش لوتفیان لەگەڵ کردەوەو رێزیان گرتووە.

لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران و تورکیادا دابەشکرانی کارتی ئەندامەتی حزبی پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر بەنهێنی درێژەی هەیەو لە ناوچەی مەریوان و مهابادو بانە ئەم کارتانە(پێناسە)بینراون.

٦- مەلا مستەفا ئەرکی پێ سپێردراوە کە دڵی کورد بداتەوەو لەیەک مانگ لەمەوبەرەوە خەریکی پەیوەندی کردنە لەگەڵ میللەتی کورد.

٧- لاوانی سەر سنوور لەلایەن بانە-سەقز-سنە-مهاباد، گەیشتنی خۆیان بە کۆمیتەی لاوانی دیموکراتی(کوردستانی)عێراق راگەیاندوەو مەبەستەکەیان بەو کۆمیتەیە راگەیاندوە.

٨- بەهۆی دابەش بوونی چەکی شۆڕەوی لە عێراقدا، چەکی جۆراوجۆر، کە لە عێراقەوە دێت لەنێو کوردەکانی ئێران کڕین وفرۆشتنی پێ دەکرێ و



بەشی هەرە زۆری ئەو چەکە دەمانچەی چواردەخۆرو(برۆنیگ)برنۆی بەلژیکی وئیتاڵیای و روسیە.

٩- دەنگۆی ئەوە هەیە کە(دەنگی رادیۆی مللی ئێران) لەنێو ئۆتۆمبێلی گەڕۆک لە عێراقدایەو ئەم رادیۆیە لەلایەن دەستەیەک ئەفسەری تودەیی هەڵاتووەوە یاخود ئەو ئەفسەرانەی بەم دواییانە ئازاد کراون و بەرەو عێراق رایان کردوە بەڕێوە دەبرێ.

١٠- لە هەموو شارە سەرسنوورییەکانی عێراق، دەستەڵات بەدەست ئەندامانی بەرگری نیشتمانییە کە زۆربەی ئەوکەسانە لاوانی ئێرانین.

١١- خەڵک لە هێزەکانی بەرگری میللی نارازین بۆ نمونە لە سنە سەرهەنگ پزیشکیان چەکی داوەتە کەسانی زۆر بەدڕەوشت و ئێستا خەریکە لەشاری هەمەدانیش ئەوکارە دەکات.

هەروەها لە شاری سەقزیش سەرگورد نافزی لە تەک کەسانی گومان لێکراوی وەکو بانەییەکان و فەیزوڵلابەگییەکان دا خۆشەویستی زۆرتر دەنوێنێ.

بەوهۆیەوە دەستوور بفەرموون سەبارەت بە هەر(١١)بابەتی سەرەوە بەهۆی ئامرازی لەبەردەست بەوردی لێکۆڵینەوە بکرێ و ئەنجامەکەشی رابگەیەنرێ هەروەها سەبارەت بە وەدەست هێنانی(تەمر-پول)و پێناسەی ئەندامەتی و گرتنی ئەو کەسانەی کە بڵاویان دەکەنەوە هەنگاو باوێن.

جێگری لەشکری چواردەی ئازەر بایجان

سەرتیپ پەرهیزکاری

نموونەی ئەم راپۆرتە بۆ:

چاودێری سنوورو فــەرمــاندەیی گــاردی سنووری شــاری خــۆی؛ بۆ لێکۆڵینەوەو راگـەیاندنی ئەنجـام-فـەرمـاندەیی سـەربازخـانەی خـۆی-شاهپور-ماکۆ، بۆ لێکۆڵینەوەو راگەیاندنی ئەنجامەکەی-سەرۆکایەتی شارەوانییەکانی ئازەربایجانی رۆژئاوا بۆ لێکۆڵینەوەو راگەیاندنی ئەنجام.

فەرماندەیی هەنگی چواری سەربەخۆی ژاندارمی رەزائیە بۆ لێکۆڵینەوەو راگەیاندنی ئەنجام.

*(لێرەشدا شێواویەک لە ئارادا هەیەو دوای ئەم(١١)خاڵەی سەرەوە یەکسەر پەراوێزێک بە ژمارە(٢) هەیە، کەچی لە پاشکۆی راستکردنەوەکانی ئەو سەرچاوەیەش گەڕام، بەڵام ئەگەر ئەمە هەڵەی چاپیش بێت راست نەکراوەتەوە بۆیە من وەکو خۆی لێی گەڕام-و).*

٢- عەبدوڵڵا بارزانی کوڕی مستەفا ساڵی ١٩٣٣ لە گوندی (شێروان مەزن)ی سەر بە بارزان لەدایک بووە. دوای مەلا مستەفا لەنێو بارزانییەکاندا دەستەڵات و توانایەکی زۆری هەبوو.

ساڵی١٩٤٧ بەرەو ئێران رای کرد و ماوەیەک لە تاران خەریکی شوفێری تاکسی بوو. دوای هاتنە سەرکاری قاسم (عبدالكريم قاسم) (و) گەڕایەوە عێراق و ساڵی١٩٦١ بەتاوانی کوشتنی گروبانێک و چەک کردنی چەند سەربازێک دەستگیرکرا و رەوانەی بەغدا کرا، لەوێ بەوەرگرتنی مانگانەیەک لە حکومەت دەژیا و لەژێر چاودێری دا بوو.

ساڵی١٩٦٠ هاتۆتە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێک لە ئەندامە چالاکەکانی پارتی بووە لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٦٢ لە بەغداوە رایکرد و خۆی گەیاندە باکووری عیراق بووە بەرپرسی کۆمەڵێک لە کوردە راپەڕیوەکان.



عەبدوڵڵا چووەتە وڵاتی روسیا و ئێران و سوریا.

سەرچاوە: چاپ درایران بەروایت اسنادسا واک-حزب دموکرات کردستان-جلداول ل٣٣تا٣٦. ئەوانیش لە(بەڵگەنامەکانی ساوک-پەروەندە تاکەکەسییەکان)وەریان گرتووە.

# بەڵگەنامەی ژمارە(١٠)

ڕۆژ ١٩٦٠/٢/١٦

ژمارە/٤٢٨٧/٩ب ٧

ولاتی عێراق

بابەت/چوونی ئەفسەرە هەڵاتووەکانی ئێران بۆ عێراق

ژمارەیەک لە ئەفسەرەکانی ئێرانی کە بەرەو شۆڕەوی هەڵاتبوون و هەروەها ڕێبەرانی حزبی کۆمەڵەی کوردستان(ژ.ک)و دارودەستەی قازی محەمەد بەم دواییانە چونەتە عێراق و بەهۆی مەلا مستەفاوە لەنێو لەشکری عێراقدا لەسەر کار دانراون.



هەندێک لەو کەسانە و تاکو ئەفسەرو ڕایەدارانی لەشکری ڕووسی دیتراون کە خەریکی جموجۆڵن لەدژی ئێران.

مەلا مستەفا زۆر باوەڕی بە بارودۆخی ئێستاو داهاتووی خۆی هەیەو لەبەر ئەوەی ئەگەربێت و(قاسم)، عەبدولکەریم قاسم وحکومەتەکەی سەرکەوتووبن، مەلا مستەفا و قاسم بە پشتیوانی لایەنگرانی خۆیان حکومەتی کوردستانی ئازاد پێک دەهێنن، خەڵکی لە سێ بنەمای گرنگ ، ئاسایش- مەزهەب- بژێوی ژیان بێبەشن.

سەرچاوەی ئەم هەواڵە/ ناوەند(ستاد)ی گەورەی لەشکری.

سەرچاوە: چپ در ایران به روایت اسناد ساواک- حزب دموکرات کردستان- جلد اول- ص٣٦.



# بەڵگەنامەی ژمارە(١١)

ڕۆژ ١٩٦١/١/٥/

ژمارە/٨٣٤٨ /د ١٣

ڕاپۆرتی هەواڵگری ناوخۆ

بابەت/ کوردستان

سەرچاوەی زانیاری /کەسێکی خاوەن زەوی وزاری دەڤەرەکە بە پێی ئەو زانیارییانەی کە پێمان گەیشتوون مەلا مستەفا بارزانی لەکاتی



وەڕێکەوتنی بەرەو شۆڕەوی، بەسەرۆک هۆزەکانی گوتووە، تا گەڕانەوەی لە یەکێتی سۆڤیەت هیچ هەوڵێک لە دژی حکومەتی عێراق نەدەن. هەروەها لە ولاتی ڕوسان سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردستان تێدەکۆشێ و ئەگەریش لە هەوڵەکانیدا سەرنەکەوت ناگەڕێتەوە عێراق و دەچێتە ئینگلستان تا بە هۆی حکومەتی ئینگلیز و ئەمریکاوە بۆ ئەو ئامانجە هەوڵێک بدات.

تێبینی: ئێستا چونکە ئەوانەی لەگەڵ مەلا مستەفا چووبوونە شۆڕەوی گەڕاونەتەوە بەڵام مەلا مستەفا خۆی نەگەڕاوەتەوە دەنگۆی ئەوە هەیە کە مەلا مستەفا بەو مەرامەی خۆی نەگەیشتووە.

سەرچاوە: چپ در ایران بەروایت اسناد ساواک- حزب دموکرات کردستان-جلد١ ص٤٢.

# بەڵگەنامەی ژمارە(١٢)

ڕۆژ / ١٩٦٢/٢/٢١
ژمارە/٤٣٤٧٦/الف

(نهێنی)

بابەت/ دامەزرانی کۆمەڵەی کورد

بە پێی ئەو هەواڵانەی کە پێمان گەیشتوون:

١- بەشی هەرە زۆری کوردەکانی ناوچەکانی سنەو مهاباد و هۆزەکانی جوانڕۆیی لە ئێران حزبێکیان بەناوی(کۆمەڵەی کورد) دامەزراندووەو لەگەڵ کوردەکانی عێراقی ئەوانەی پەیڕەوی مەلا مستەفای بارزانین پەیوەندی راستەوخۆیان هەیە.



٢- ئەم کۆمەڵەیە لە ئێران بەرفراوان بووەو بڕیارو راسپاردە لە جەمال عەبدولناسر سەرۆکی کۆماری یەکگرتووی عەرەبی وەردەگرن، هەروەها پێداویستی خۆیان لە شۆڕەوی پێدەگات، دەنگۆی ئەوەش هەیە کە ئەم هاوکارییە چەک و تەقەمەنی نوێیە کە ژمارەیەکی زۆری لەناوچەکەدا دابەشکراوە.

٣- ئەم کۆمەڵەیە لەسەر بنەمای دیسپلینی حزبی بەرێوە دەچێت خەریکی



چالاکییە، دەنگۆی ئەوەش هەیە کە چاوەڕوانی تەواوبوونی وەرزی زستانن تا لە ئێران و عێراقدا شۆڕشێک بکەن.

ئەو شوێنانەی کە ئەم بەڵگەنامەیەیان پێ بگات:

سازمانی ئاسایش و زانیارییەکانی کوردستان (مەبەستی ساواکی سنەیە-و) کرمانشا- ڕەزائیە- هەمەدان).

ژمارەی دانە: بۆ ئاگاداری وپشت ڕاست کردنەوەو چاودێری و دیارکردنی ئەنجام بۆ ئیدارەی گشتی دووەم بۆ زانیاری.

سەرچاوە: چپ در ایران به روایت اسناد ساواک- حزب دموکرات کوردستان – جلد ١ ص٤٣.

# بەڵگەنامەی ژمارە(١٣)

راپۆرتی زانیارییەکانی ناوخۆ

«نهێنی»

رۆژی ١٩٦٠/٧/٢٧

ژمارە/١٥٧٣/ج٣٠

بەپێی زانیاری کەسانی حزبی لە باریەک هەڵوەشاوەی تودەی کوردستانی ئازاد(مەبەستی حزبی ژ.ک)ـە کە پێشتر کارتی ئەندامیەتیان هەبووە هەموو کارتەکانیان(پێناسەکانیان) فەوتاندوەو لە شوێنی ئەم پێناسانە بەهەرکامەیەک پولێکی عەبدولکەریم قاسم (مەبەستی ئەو پولەی پۆستەیە کە وێنەی عەبدولکەریمی لەسەر بووە-و) یان داوە.



بەهۆی چاودێریمان لە کەسێک بەناوی سەعید خەڵکی گوندی گۆگچە لوکە بۆمان دەرکەوت کە ناوبراو کۆمەڵێک لەو پولانەی لایە بۆیەگرتمان و بۆمان ئاشکرابوو کە ناوبراو هاتوچۆی عێراقی هەبووەو ناوبراو ئەو پولانە لە نێو بنەماڵەی گیراوان و کەسانی تر بڵاودەکاتەوە. بەو واتایەی کە ئێمە(مەبەستی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردو ژ.ک)ـە هێشتا زیندوین و درێژە بە خەباتی خۆمان دەدەین.



وێنەی ئەم راپۆرتە بۆ:

١- بەڕێوەەرایەتی گشتی ئیدارەی دووەم

٢- ساواکی کوردستان(مەبەستی پارێزگای سنەیە-و)

تێبینی/ بەڵام شتی سەیرو سەمەرە لەو بەڵگەنامەیەدا ئەوەیە کە لەسەرەوە نووسراوە رۆژی رووداو ١٩٦٠/٨/٢ رۆژی گەیشتنی ئەم هەواڵە ١٩٦٠/٧/٢٦ رۆژی رەوانەکردنی ١٩٦٠/٧/٢٧ واتە رۆژی رووداوی رووداوەکە پێنج رۆژ دوای رەوانەکردنی بووە، کە ئەمە لەگەڵ هیچ مەنتیقێک یەکتر ناگرێتەوە ئەوی تریش بۆ خوێنەران بەجێ دێڵم وەرگێڕ.

هەروەها ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەو بەڵگەنامانە تێبینی خۆی یاخود بۆ روون کردنەوەی زیاتری ئەو بابەتە پشتی بە بەڵگەنامەیەکی تر بەستووە کە تێیدا هاتووە:

ماوەیەکی کەم دوای دەستەڵات بە دەستەوەگرتنی عبدولکریم قاسم لە ساڵی ١٩٥٨ و گەڕانەوەی مەلا مستەفا بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت بۆ عێراق، لە ناکاو شەڕێکی توند لە نێوان بارزانییەکان و هۆزەکانی تری کورد روویدا. کەچی مەلا مستەفا دەستەڵاتی خۆی بە سەر زۆربەی گەلی کورد دا سەپاند بەڵام قاسم لە ترسی ئەوەی نەکا بارزانییەکان زیاتر لە پێویست بە هێز بن، هەڵسا بە یارمەتیدانی دوژمنە دێرینەکانی مەلا مستەفا.

(ئالێرەدایە کە ناوەندی بڵاوکردنەوە و نووسەرانی ئەم بەڵگەنامەو بیرو رایە چۆن وا بە ساویلکەیی وەڵامی خۆیان داوەتەوە لە لایەک دەڵێن بۆ دەستەڵات دا بڕین بە سەر هەموو گەلی کورد، لە لایەکی تر دەڵێت حکومەت لە ترسی ئەوەی بارزانییەکان زیاد لە پێویست بە هێز نەبن شەڕی لە گەڵیان کرداو).

توند و تیژییەکان لە ساڵی ١٩٦١ کاتێک رویدا کە حکومەت لە سەر

شەڕی هۆزێک لەگەڵ بارزانییەکان شوێن و سەنگەرەکانی بارزانییەکانی بۆمباران کرد.

سەرچاوەی ئەم ڕوونکردنەوەیە( اسناد لانه جاسوسی، شماره ٣١ دا نشجویان مسلمان پیرو خط امام، ص٤٨.٤٩ )

سەرچاوە: چپ درایران بەروایت اسناد ساوک - حزب دموکرات کردستان جلد اول / ص/٣٧



## بەڵگەنامەی ژمارە (١٤)

ڕۆژ/١٩٦٢/٢/١٧
ژمارە/ ١٥١٧٧/ج ١٣

زۆر نهێنی

بۆ / بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئیدارەی دووەم
لە / ساواکی پارێزگای دووەم

وەک ئاگادارن ساڵەکانی (١٩٤٤ و ١٩٤٥) کاتێک ڕووسەکان لە خاکی ئێران بوون، بە پێکهێنانی کۆماری دیموکراتی کوردستان و فێرکردنی قازی محەمەد بە سەرۆک کۆماریەتی، نەخشەی کوردستانیشیان کەلە شۆرەوی - تورکیە - عێراق و کوردستانی ئێران تا ناوچە نەفتاوییەکانی باکووریشیان کێشابووەوە و بەڵێنیان دابوو کە ئەو شوێنە ناوبراوانە دەبنە بەشێک لە کوردستان، مەبەست لەوەی کە خوزستانشیان بە کوردستان ژمارد بوو بۆ ئەوەی ڕێگەیان بکەوێتە سەردەریاش. بەو جۆرەی کە دیارە لەو سەردانەی کە بەم دواییانە مەلا مستەفا بارزانی بەرەو مۆسکۆ کردویەتی، ئەو نەخشەیە بە ناوی ئەوەوە تۆمارکراوە و وێنەی مەلا مستەفا بارزانی لە کاتێک دا کە ئاڵای



کوردستانیشی لە بان سەرە لە سەر نەخشەکە بە کلێشە کراوە و بەو پێیە وەدیار دەکەوێ کە بەڵێنی سەرۆک کۆماری کوردستان مەلا مستەفا وەری گرتووە و گەڕاوەتەوە.

ئێستا دانەیەک لەو نەخشەیە کە بە ڕێگاو کەرەستەی پێویست چنگمان کەوتووە و چوار چێوە کراوە لەگەڵ ئەم نووسراوەیە پێشکەشتان دەکرێ. لە گەڕانەوەی مەلا مستەفا لە مۆسکۆوە بەرەو عێراق بزووتنەوەی حزبی پارتی گەشەی کردووەو دوور نییە کە هاوکات لە گەڵ نەمانی وەرزی سەرماو سۆڵ و نەمانی بەرگری کەش و هەوا ئەم جموجۆڵانە توندترو بگەنە هێڵەکانی سنووری ئێرانیش. بۆیە ئەگەر هەر لە ئێستاوە سەبارەت بە پێشگیری کردن و پوچەڵ کردنەوەی جموجۆڵ و تێکۆشانی ئەوان خۆ سازدان ئەنجام نەدرێت بەدڵنیاییەکی زۆرەوە لە داهاتوودا ناخۆشی و گیروگرفت بۆ ئێران پێش دێت. تکا دەکەم ئەمر بفەرموون لەو بارەوە هەوڵی پێویست بدرێ و ئەنجامەکەشی بە ئێمە ڕاگەیەنن.

ئیمزا- ڕەزمپوش
سەرۆکی سازمانی زانیاری و
ئاسایشی پارێزگای ئازەر بایجانی ڕۆژئاوا



## بەڵگەنامەی ژمارە (١٥)

ڕۆژ: ١٩٦٢/٢/٢٤
ژمارە: ١٣٨٠٨

«ڕاپۆرت»

ئەنجومی کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩٦٢/٣/٢٥



بەپێی ئەو هەواڵانەی کە پێمان گەیشتون و ئەو زانیاریانەی کە دەستمان خستون حزبی پارتی (پارتی دیموکراتی کوردستان) بەم دواییانە دەستی داوەتە جموجۆڵێکی چڕوپڕ بۆ سەربەخۆیی گەلی کورد. سەرەڕای ئەوەی کاتێک کە مەلا مستەفا لە شۆرەوی بووە، کۆمیتەیەکی نیزامی (لەشکری) بە ئامادەبوونی حەکیم عامر، فەرماندەی گشتی هێزە سەربازیەکانی سوریەو ژمارەیەک لە ئەفسەرە پایە بەرزەکانی شۆرەوی پێک هاتوەو سەرەڕای هەموو بڕیارێک بابەتی سەربەخۆی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هاوکاری کردنی کوردە بارزانیەکان یەکێک لەو باسانە بووە کە گفتوگۆی لێوەکراوە. هەروەها فەرماندەکانی سوپا ئەوەشیان گوت کە بەو جۆرە لە نووسینی ڕۆژنامەکان، ئەو زانیاریانەی کە پیاوەکانمان لەسەر سنور

راپۆرتیان کردوە، هەموو ئەو هەولانە لەگەڵ یەکتر ڕێک دێنەوە کە سەربەخۆی کورد لەلایەن چەند سیاسەتێکی جۆراوجۆری دەرەوە پشتیوانی و بەهێز دەکرێ، هەروەها ئەم پیاوانەی شۆڕەوی و سوری گوتوویانەو داوایان کردوە کە چالاکیەکانی ئەم حزبە کە ئێستا خەریکە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرفراوانتر دەبێت و زیاتر لای لێ بکرێتەوەو سەرنجی دەستەلاتدارانی بەرز بۆ ئەو خاڵە رابکێشن.

نوسخەی یەکەم لەو راپۆرتە لە کۆمیتەی زانیاریەکانی کرمانشا بە ژمارە (ک/٤٣٨) وەرگیراوە لە راپۆرتی کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩٦٢/٣/٢٥ کۆمیتەی زانیاریەکانی شاری کرمانشاهان بە نامەی ژمارەی (١٩٦٢/٢/٢٤)/(١٣٨٠٨) ساواکی کرمانشاو بە نامەی ژمارە (١٩٦٢/٣/٢٤)/(٢/٣٩٥٦) لە وەزارەتی ناوخۆ.

سەرچاوە: چپ درایران بە روایت اسناد ساواک- حزب دموکرات کردستان- جلد اول ص٤٥.



# بەڵگەنامەی ژمارە (١٦)

ڕۆژ: ١٩٦١/٥/١٨

ژمارە: ٣١٢/٤١٨١

«راپۆرتی زانیارییەکانی ناوخۆ»

بابەت/ چالاکییەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان

ژێدەر/ لەکەسێکی زۆر جێی باوەڕو وردبین (ب)

بەپێی ئەو هەواڵەی کە پێمان گەیشتووە، حزبێک بەناوی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە نێوان سنەو کرمانشا دروست بووەو، ئەمریکییەکان پشتەوانی ئەم حزبە دەکەن بەو مەبەستەی، کە ئەگەر کاتێک ویستی هێزێک لەبەرامبەر دەوڵەت و تێکۆشان لە دژی ئینگلیزەکان، کە ئێستا لە ئێران لەهەموو ئەوانی تر بە هێزترن پێک بهێنێ سوود لەو حزبە وەربگرێ. زانیاری تەواوو ڕێک و پێک لە سەر ئەو راپۆرتە دواتر رادەگەیەنرێ.



وێنەیەک بۆ:

سەرۆکایەتی سازمانی هەواڵگری و ئاسایشی کوردستان (مەبەستی پارێزگای سنەیە-و)

سەرۆکایەتی سازمانی هەواڵگری و ئاسایشی کرمانشا بەمەبەستی ئاگاداری و پشت ڕاست کردنەوەو ڕاگەیاندنی چۆنیەتی ئەو بابەتەو چاودێری پێویست.

سەرچاوە: چپ در ایران بەروایت اسناد ساواک. حزب دیموکرات کوردستان - جلد اول -ص ٤٦



## بەڵگەنامە ژمارە (١٧)

ڕۆژ: ١٩٦١/٥/٢٢

ژمارە: ٣١٢/٥٤٩٩١

ڕاپۆرتی زانیاریەکانی نێوخۆ

بابەت/چالاکیەکانی حزبی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئێران

١- دەوروبەری نۆزدە ڕۆژ بەر لە ئێستا کوردێک پەنجا دەمانچەی لە نێو کوردەکانی سنەیی دابەش کردوە.

٢- نزیک دوو مانگ بەر لە ئێستە ژمارەیەکی زۆر دەمانچەو تفەنگ لە شۆرەوییەوە بەهۆی مەلا مستەفا بارزانیەوە هێنراوەتە عێراق و لە پارێزگای هەولێری کوردستانی عێراقەوە ڕاگوێزراوە بۆ شاری مهابادو لە نێوان ئەو کوردانەی کە جێی باوەڕیانن لە ڕێکەوتی سەرەوەوە خەریکی دابەش کردنیانن.



٣- لە زۆربەی شارەکانی کوردستان لقی حزبی پارتی دروست بوون و بۆ نموونە لە شارەکانی وەکو سنەو مەریوان و سابلاغ و هەورامان و... تد.

٤- لقی حزبی پارتی لە شاری مەهاباد. چالاکتر تا لە کوردستان (سنە-و).

٥- لەو شارانەی کە لەسەرەوە ناومان هێنان و لە شوێنە زۆر قەلەبالغەکانی تر لەلایەن مەلا مستەفاوە چەک گەیشتوە کە لە شۆڕەوییەوە هاتوە خەریکی دابەش کردنیانن لەنێو کەسانی جێ باوەڕیان کە بەشێکن لە حزبی پارتی و دوو مانگ دەبێت ئەو دابەش کردنە درێژەی هەیە.

٦- ژمارەیەک پلەدارو ئەفسەر لەناو کوردستان ناوی خۆیان لە حزبی پارتیدا نووسیوەو چالاکی دەنوێنن. ژمارەی ئەوکەسانە لە مهابادو مەریوان و هەورامان و سنە زیاترەو هەموو چالاکیەکانیان بۆ یەک خستنەوەی کوردەکانی ئێرانی و عێراقیەو بۆ گەیاندن و دابەش کردنی چەک و یەک خستنەوەی کوردەکان حەمە ڕەشیدی بانەیی و پیاوەکانی هاوکاریان دەکەن.

* ئەم حزبە لایەنگیری سەربەخۆی کورد بووەو دوا بەدوای گەڕانەوەی مەلا مستەفای بارزانی لە رووسیا لە راستیدا چالاکیە سەرەکیەکانی خۆی دەست پێکرد. سەرەتا مەیلی لەلایەنگیری شۆڕەوی بوو، بەڵام دوا بەدوای وەدەست هێنانی هەندێ سەرکەوتن لەلایەن مەلا مستەفای بارزانی ڕێبەری حزب مەیلیان بەرەو ئەمریکاو ئیسرائیل وەرگێڕا. هەیکەلی سەرەکی ئەم حزبە لە پیاوانی هۆزی بارزان پێک دێت و لە ڕاستیدا بە شێوەی عەشیرەتیە.

«بەڵگەنامەکانی ساواک- پەروەندەی تایبەت بە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران».

سەرچاوە: چپ درایران به روایت اسناد ساواک- حزب دیموکرات کردستان. جلد اول- ص٤٧



## بەڵگەنامەی ژمارە (١٨)

ڕۆژ: ١٩٦١/٥/٢٤

ژمارە: ١٠٥٦/ج١٣

بۆ/بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئیدارەی دووەم

لە/ساواکی پارێزگای چوار

«زۆر نهێنی»

هەواڵەکانی گەیشتوو وا ڕادەگەیەنن کە ماوەیەک بەر لە ئێستا کاتێک کە مەلا مستەفا لە شۆڕەوییەوە گەڕایەوە چاوی بە شێخ لەتیف کەوتوەو دوا بەدوای ئەمە هەموو کوردە عێراقیەکان، تاکو پەنابەرانی ئێرانیش لە عێراق نوێنەرانی خۆیان بۆ وتوویژو وەرگرتنی بڕیار ناردۆتە لای مەلا مستەفای بارزانی. جگە لە پەنابەران هۆزی ئەحمەدی بانەیی و عزەت خانیش لەگەڵ ئەو کوردانەدا هاوبیری و هاوکاریان کردووەو بە شێوەیەک کە لە ئاگاداریەکەدا ئاماژەی پێکراوە ژمارەیەک لە پیاوماقوڵانی کورد بۆ دیداری محمد رەشید چونەتە داروخان و لەوێش کۆبوونەوە پێکهاتوەو باس لە سەربەخۆیی کورد کراوە.



هەروەها بۆ پێزانین عەرزتان دەکەین کە حزبی پارتی دیموکراتی

بەڕێبەرایەتی مەلا مستەفای بارزانی زۆر بە چڕی خەریکی جموجۆڵ و دەرکردنی بەیاننامەوهەندێ چاپەمەنیە، بەڵام چونکە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە چالاکیەکانی ئەم حزبە بەرتەسک کراوە، بەردەوام چالاکیەکانی خۆیان بەدزی و بە نهێنی ئەنجام دەدەن و ئاشکرانین. بەڵام بەپشتڕاستی لەلایەن مەلا مستەفاوە بەناوی ڕێبەری حزبی پارتی دیموکرات، کە پەیڕەو و پرۆگرامەکەی سەربەخۆیی کوردو لەلایەن رووسەکانەوە هان دەدرێن، جموجۆڵ لە ئارادا بوەو خەڵکانی رەش و رووت و لادێی یان بە بەڵێن و پەیمانی پوچ فریو دەدەن و چونکە کەش و هەوا لەبارو ڕێگاکانی دزەکردن هەموار بوون توانای ئەوەی بووە بتوانێ کەسانی گومان لێکراو بۆ جێبەجێ کردنی مەبەستە تایبەتیەکانی خۆی بگەیەنێتە ناوچەو هەندێ جموجۆڵ و چالاکی بنوێنێ. بۆیە ئەم زانیارییە بدرێ بە سوپای (٣) تا لە ڕێگای سنور پارێزەکانەوە هەنگاوی پێدڤی بۆ هاتن و چوونی کەسانی گومان لێکراو بنێن.

لەلایەن سەرۆکی سازمانی هێمنایەتی

ئازەربایجانی ڕۆژئاوا- محسنی

سەرچاوە: چپ درایران بەروایت اسناد ساواک- حزب دیموکرات کوردستان- جلد اول- ص٤٨



## بەڵگەنامەی ژمارە(١٩)

ڕۆژ/ ٢١/ ٢/ ١٩٦١

ژمارە/ ١٧٢٩/ب٢

دامەزراندنی کۆمەڵەی کورد

بۆ/ئیدارەی گشتی سێیەم

لە/ساواکی کوردستان

بەپێی/ ٤٣٤٧٦/ الف٣

«نهێنی»

تیمسار سەرۆکایەتی سازمانی هەواڵگری و ئاسایشی وڵات بەپێی ڕاگەیاندنی هێزی سنووری ناوچەی مەریوان.



١- حزبێکی ڕێک و پێک کە بەمەبەستی سەربەخۆیی کورد جموجۆڵ دەکا، حزبی پارتیییەکە بە گومانێکی زۆرەوە لە ناوچە کوردییەکانی ئێرانیش لقی هەیەو هیوای زیاتری بە پیاوەکانی خۆی لە هەردوو شاری سنەو مهاباد دا هەیە.

٢- هیوای حزبی پارتی ئێستا زیاتر بە جەمال عەبدولناسرو دەوڵەتی شۆرەوییەوە زیاترە لە

هەر وڵاتێکی تر.

بەمەبەستی بەستنی پەیوەندی باش و پتەو لەگەڵ عەبدولناسردا ئێستا بەهیچ شێوەیەک لە راگەیاندن و بڵاوکراوەکانی خۆیاندا باس لە کوردەکانی سوریا ناکرێ.

٣- سەبارەت بە بەندی(خاڵی)سێیەم ئاگادارییەکە پشت راست کراوە، بەڵام وێ ناچێ تا ئەوکاتەی کە مەلا مستەفا بارزانی دڵنیایی تەواو لەسەرکەوتنی خۆی وەدەست نەهێنێ، دەست بداتە شۆڕشی چەکدارانەو ئێستا ئەوە بە باش دەزانرێ لە رێگای ئاشتییەوە هەندێ ئیمتیازاتی وەکو ئازادی، خوێندنی زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا وەدەست بهێنێ.

سەرۆکی سازمانی هەواڵگری و هێمنایەتی پارێزگای کوردستان کە بیری.

سەرچاوە: چپ درایران بەروایت اسناد ساواک-حزبی دموکرات کردستان-جلداول-ص٤٩



## بەڵگەنامەی ژمارە(٢٠)

رۆژ/١٩٦١/٦/٢٩

ژمارە/٢٣٤/٥٤٣٦

بۆ/ ئیدارەی گشتی حەوتەم

لە/ ئیدارەی گشتی دووەم

«زۆرنهێنی»

لەبەرئەوەی ئێستا کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بووە بە کێشەی رۆژو بیری سەربەخۆیی کوردستانی ئازاد، کە هەر لە کۆنەوە لە نێوان کوردەکانی خاوەن و دانیشتووی ناوچە بڵاوبووەتەوەو بەردەوام خەریکی بڵاوبوونەوەو گەشەسەندنە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پاڵەپەستۆیەی کە لەلایەن وڵاتانی هاوسێی وەکو تورکیاو عێراق و، هەروەها کۆماری یەکگرتووی عەرەب دەکرێتە سەر کوردەکان، هەستی ناسیۆنالیستی ئەوانی وروژاندوەو بیری سەربەخۆی خوازی ئەوانی بەهێز کردوە.



بۆیە لەکات و ساتێکی ئاوادا ئاگاداربوون لەناوچەی حەساسی کوردستان و خەڵکەکەی زۆر پێویستەو بەرگری کردن لە ناڕازی بوونییەکانیان و، هەروەها بەجێگەیاندنی

داواکارییە یاساییەکانیان و بەباش و لەبەرژەوەندیماندایە.

چ ئەوەی کە لە ئێستاوە کوردەکانی ئێرانی لەباری ژیانەوە لە تەنگانەدا بوون و زۆربەیان بەهۆی نەبوونی کەرەستەی پێویست بۆ کێلان و چاندن یاخود توانای پێویستیان بۆ خەریک بوون بە ئیش وکاری چاندن و کشتوکاڵ و مەڕداری و کێڵگەو دارستان و... بەجێ هێشتووەو خەریکی ئیش و کاری قاچاغی و نایاسایی کردنن.

زۆربەی ئەوانە بەهۆی شارەزاییان لە ڕێگاوبان لەبیری وڵات بەجێ هێشتن و کۆچ بەرەو وڵاتانی دەورووبەرن و ژمارەیەکیش بەهۆی کۆنترۆڵ نەکردنی سنوورەکان کە ئەویش بەهۆی سروشتی ناوچەکانەوەیەو زەحمەتە چاودێری بکرێن، کەڵکیان لە هەل وەرگرتووەو بەفرمانی سەرۆکەکانی خۆیان یاخود بەهۆی ئەو سوودە زۆرەی کە دەستیان دەکەوێ خەریکی مادە بێهۆش کەرو شتی لەو بابەتەن.

ئەم بابەتەنە تەنیا بۆتە هۆی بەردەوامی ئەوان لەسەر ئەم کارە، بەڵکو بووەتە هۆی هاندانی خەڵکانی تریش لەسەر ئەم ڕەوشتە دزێوە.

سەرەڕای ئەمانە بەپێی ڕاگەیاندنی ئەم بابەتەی سەرەوە داواکارین هەوڵ بفەرموون بۆ دەستەبەرکردنی پرۆژەی پێویست بەمەبەستی ڕاکێشانی سەرنج و هێورکردنەوەی کوردەکان و بەدوای پرۆژەی بنچینەیی کە پێشتر لە ڕێگای ئەو ئیدارە گشتییەدا ڕێکخراون و جێبەجێ کردنی ئەوانە لە کار بەدەستان داوابکرێ.

لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی ئیدارەی دووەم تەبریزی

وێنەیەک بۆ/ئیدارەی گشتی سێیەم

سەرچاوە: چپ درایران بەروایت اسناد ساواک-حزب دموکرات کوردستان-جلداول ص(٥٠-٥١).



## بەڵگەنامەی ژمارە(٢١)

ڕۆژ/ ٣٠/٦/١٩٦١

ژمارە/ ٢٢٧٢/١٣د

ڕاپۆرتی هەواڵەکانی دەرەوە

وڵات/عێراق

بابەت/بارودۆخی ناوەوە

ژێدەر/سەرۆک هۆزەکانی ناوچە

«زۆرنهێنی»

بەپێی ئەو هەواڵانەی کە پێمان گەیشتوون نزیک بیست ڕۆژ بەر لە ئێستا لە نێوان هۆزی-گۆران-ی عێراق کە سەر بە بارزانییەکانە، هۆزی هەرکی(خێڵی محی الدین) کە دژی بارزانییەکانە لەسەر ئاشی-جوجر- لە نزیک شاری موسڵ کێشەیەک ڕووی داوە، کە بووەتە هۆی شەڕ لە نێوانیان و لە ئەنجام دا(٧)کەس لە هەرکییەکان و (٣)کەس لە گۆرانەکان کوژراون و دواتر بەهۆی ناوبژیوانی مەئمورانی حکومەتەوە کێشەکە کۆتایی پێ هاتووە.



هەروەها سێ گوند لە گوندەکانی بارزانییەکان کە دەکەونە سەر ڕێی

هاتنی هۆزی هەرکی بەرەو ئێران چۆڵ کراون.

بۆچوون/ئەم جۆرە کێشەو بەیەکتر هەڵپژانە هەرچەند زیاترین دەبنە هۆی کزبوونی حزبی پارتی و ڕێگرتن لە چالاکییەکانی مەلا مستەفا و لایەنگرانی حزبیی وی.

وێنەیەک بۆ/بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئیدارەکانی دووەم و سێیەم بۆ پێزانین.

سەرچاوە: چپ درایران بەروایت اسناد ساواک-حزبی دموکرات کوردستان جلداول- ص٥٣.



## بەڵگەنامەی ژمارە (٢٢)

ڕۆژ: ١٩٦١/٦/١٤

ژمارە/١٨٨٥١/٥ج

بۆ/ وەزارەتی دەوڵەت

لە/ شارەوانی گشتی ولات- ئیدارەی زانیارییەکان

بەوپەڕی ڕێزەوە پێتان ڕادەگەیەنین، زانیاری گەیشتوو لە عێراقەوە بۆ قەسری شیرین ئەوە دەسەلمێنن گوایە:

١- کەلێن و کێشەی نێوان کوردو عەرەب زۆربووەو بەم دواییانە لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە، ڕێبەرانی حزبی پارتی، کە بۆ سەربەخۆیی کورد تێدەکۆشن بە بەهانەو ناوی جۆراوجۆرەوەگیراون و بەم شێوەیە عەبدولکەریم قاسم دەیەوێ خۆی وەکو لایەنگیری عەرەب بنوێنێ و لە ئەنجامدا کوردەکان بەتایبەت بارزانییەکان لەو بارەوە دڵیان ئێشاوە، چونکە پێیان وایە کە شۆڕشی عێراق بەدەستی کوردو تێکۆشانی بارزانییەکانەوە پێکهاتووەو سەرکەوتووە.



٢- هەروەها ئەوەش ئاشکراکراوە لەکاتی دابەشکردن و دەست بەسەردا گرتنی سەروماڵی نوری سەعید و ئەمیر عەبدوڵلالەو مەلیک فەیسەڵ، کوردە بارزانییەکان پێیان وابووە

که داواکارییەکانیان بەراور دەکراوەو سەروماڵی تریش لەنێوان ئەواندا دابەش دەکرێ.

ئێستاکە دەبینن پشتگیری لە چالاکییەکانی حزبی پارتی دەکرێ و خاوەن زەوی و زارەکانیش هەروا درێژە بە خاوەندارێتی خۆیان دەدەن.

هەروەها سەبارەت بە حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسمیش ڕەشبینن.

٣-پڕوپاگەندەی ئەوە هەیە کە جموجۆڵ و چالاکییەکانی مەلا مستەفای بارزانی و دارودەستەکەی لەنێو کورداندا کاریگەربووەو مەلا مستەفا



بارزانی خۆی رێزو خۆشەویستییەکی زۆری هەیەو خەریکی جموجۆڵ و تێکۆشانە بۆ سەربەخۆیی کوردەکانی ئێران و سوریەو تورکیە.

٤- سەبارەت بە داواکارینامەی دادوەری تورکیا لەدژی ژمارەیەک لە کۆمۆنیستەکان کە دەیانەوێت حکومەتێکی کۆمۆنیستی لە تورکیادا دابمەزرێنن، بیرورای خۆیان ئاشکراکردووە کە ئەو تاوانبارانە پەیوەندییان بە کوردەکانی ئێران و عێراق بەتایبەت بە مەلا مستەفای بارزانییەوە هەبووەو وا چاوەڕوان دەکرێ مەبەست لە پێکهێنانی دەوڵەتێکی کۆمۆنیستی هەر سەربەخۆیی کوردستان بێت.

٥- بەم دواییانە لەعێراق دەنگۆی ئەوە هەیە کە عەبدولکەریم قاسم بانگهێشتی مەلا مستەفای کردووە بەڵام ناوبراو بە چوونە لای



عەبدولکەریم قاسم رازی نەبووەو ئێستە لە یەکێک لە دارستانەکانی نێوان سنورەکانی ئێران و تورکیە وعێراقدا لەبەشە کوێستانیەکەی کە ناوی(نیشیریجە)یە پەناداوە لەوێوە بەردەوام لە پەیوەندی کردن بەکوردەکانی کوردستان و مهاباد و تاکو تورکییەوە بووە، هەروەها لەلایەن کوردەکانی ئێرانییەوە هاوکاری مادی و خواردەمەنی پێگەیشتووە.

٦- لەهەندێ کۆڕوکۆبوونەوەی عێراقدا بڕوای وا دەربڕاوە کە لەوانەیە کوردەکان لەعێراق ڕاپەڕین و بەدکارییەکی خوێناوی ئەنجام بدەن کە ئەم کارە بگا بە وڵاتە جیرانەکانیش کە کوردیان لێ نیشتەجێیە.

سەرۆکی شارەوانی گشتی کشوەر

سەرلەشکر نەسیری

سەرچاوە: چپ در ایران بەروایت اسناد ساواک- حزب دموکرات کردستان- جلد اول- ص٥٥-٥٦.

# بەڵگەنامەی ژمارە(٢٣)

ڕۆژ: ١٩٦١/٧/٢٩


ژمارە: ٩٢٠/م

زۆر نهێنی

بابەت /ڕاپۆرتی سیاسی

بۆ/ بەڕێز جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

بەڕێزەوە عەرزتان دەکەین، بەو شێوەیە کە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بە پێی بەڵگەنامەکانی ژاندرمەی ڕەزائیە پێی ڕاگەیاندوین دەوڵەتی شۆرەوی مەبلەغێکی بێ هەژماری پارەی بۆ چالاکی لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستانی ئازاد خستۆتە بەردەست مەلا مستەفای بارزانی و بەو پێیە بۆ وەدەست هێنانی زانیاری و پێکهێنان و ڕێکوپێک کردن و گەیشتن بە ئامانجی سەرەکی خۆی، خۆی لە هیچ جۆرە خەرج و سەرف کردنێک ناپارێزێ.



بەم دواییانە چەکی چکسلۆڤاکی (تفەنگ وتۆپی پێدڤی) دراوە بەمەلا مستەفاو عەبدولکەریمیش مەلا مستەفای بانگهێشتی بەغدا کردووەو ناوبراو برایەکەی خۆی بە ناوی عەبدولڕەحمان(تا ئێستابەندە



نەمزانیوە سەرۆک بارزانی برای بەو ناوەی هەبوبێت. م.) ناردووەتە بەغداو عەبدولکەریم قاسمیش زۆر بە شکۆوە پێشوازی لێکردووەو بە ئۆتۆمبیلەکەی خۆی بەنێو شەقامەکانی بەغدادا گێڕاویەتی.

لەلایەن وەزیری کشوەرەوە

وێنەیەک بۆ: وەزارەتی کاروباری دەرەوەو وەزارەتی جەنگ.

سازمانی ئاسایش و زانیارییەکانی وڵات.

سەرچاوە: چپ در ایران بەروایت اسناد ساواک- حزب دموکرات کردستان- جلد اول- ص٥٧.

## بەڵگەنامەی ژمارە(٢٤)


ڕۆژ: ١٩٦١/٧/٣١

ژمارە/ ٧٢٣/١٣٧٩

زۆر نهێنی

راپۆرتی زانیارییەکانی دەرەوە

نزیکەی چل ڕۆژ بەر لە ئێستا خالید بیک (بەگ) سەرۆکی حزبی پارتی لە سوریە، بەمەبەستی چاوپێکەوتن هاتۆتە بارزان و سەبارەت بە پێکهێنانی حزبی پارتی بە ڕێبەرایەتی کۆمەڵگەی عەرەب لە کوردەکانی سوریا و عێراق و تورکیەو ئێران گفتوگۆ بکرێ و لەو چاوپێکەوتنەدا مەلا مستەفای بارزانی گوتوویەتی، من پێشەوای کوردستان نیم، بەڵکو من کەسێکی خزمەتکاری گەل و نیشتمانەکەی خۆمم، پێشەوای حکومەتی فیدراڵی کورد لە ئێرانە کە دەبێت پەیڕەوی لە ئەوبکرێ، ناوی ئەو پێشەوایەی کە بارزانی مەبەستی بووە نەزانراوە، بەڵام لەوانەیە و وێدەچێ مەبەستی مەلا مستەفا بارزانی کوڕەکەی قازی محەمەد بێت.



بۆچوون/ داواکارین بڕیار بفەرموون لەو بارەوە لێکۆڵینەوەی پێدڤی



بکرێ و ئەنجامەکەشی رابگەیەنن.

بەهۆی

ج- نووسینگەی تایبەت.


سەرچاوە/ چپ در ایران بەروایت اسناد ساواک- حزب دموکرات کردستان .جلد اول- ص٥٨.

## بەڵگەنامەی ژمارە (٢٥)

ڕۆژ/ ٢٠/ ١٠/ ١٩٦١
ژمارە/ ٣٣٤/ ٣١٥

بابەت/ ڕاپەڕینی کوردەکان
لە/حەیدەر «نهێنی»

دووکەسی کوردی عێراقی، دانیشتووی ئەڵمانیا بە ناوەکانی کەمال فوئاد (دکتۆر کەمال فوئاد- و) و محەمەدی گوتیان کە حزبی دیموکرات دەزانێ کە شۆڕشی کورد لە عێراقدا ناتوانێ سەرکەوتنێکی ئەوتۆ وەدەست بێنێ، چونکە عێراق کەوتۆتە نێوان ئەو وڵاتانەی کە دژی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستانن، بەم شێوەیە حکومەتی شۆرەوی ناتوانێ چەکی پێدڤی بگەێنێتە دەست شۆڕشگێران، گوایە مەبەستی سەرەکی ئەم ڕاپەڕینانەش سەربەخۆکردنی کوردستانی ئێران بووە.



حزبی دیموکراتی عێراق (مەبەستی پارتی دیموکراتی کوردستانە-و) هەموو چالاکیەکانی خۆی بەرەو ئێران دەست پێکردووە، کەچی بڕیاروانەبوو ڕاپەڕینەکە بەم زووانە دەست پێبکا، ئەوان دەیانەویست سەرەتا لە کوردستانی ئێران بە نهێنی حزبێک دروست بکەن ئینجا شۆڕش دەست پێبکەن، کەچی تا



ئێستاش ئەم هەوڵە بە تەواوەتی کۆتایی پێنەهاتووە.

سەبارەت بە مەلا مستەفا بارزانی و شۆڕشەکەی بیروڕای جۆراوجۆر هەیە، ژمارەیەک دەڵێت کە پەنای بردۆتە بەر دەولەتی ئێران و دەیانەوێ تەسلیم بە عێراقی بکەنەوە، هەندێکی تریش دەڵێن کە کوژراوەو ژمارەیەکیش دەڵێن ئەو هێشتا لە شەڕو بەرەنگاریدایە و لەوانەیە لە ڕێگای سوریەوە پەنابەرێتە بەر شۆرەوی.

دووکەسی تر لە کوردە عێراقیەکانی دانیشتووی بەرلین بە ناوەکانی محەمەد عەبدول حوسێن و لاوچاک کە خەڵکی سولەیمانیەن، پێیان گوتین کە لە عێراقدا دوو حزب بەو دواییانە دروست بوون، یەکێک ناوی حزبی «پێشمەرگە»یەو ئەوی تریش ناوی « شۆڕش»ەو باوەڕیان وایە کە حزبی شۆڕش لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە دروست کراوەو حزبێکە لایەنگیری لە هزری ئیرانی بوونی کورد دەکات و لە هەموو شوێنەکانی کوردستان بە تایبەت لە ئیران و عێراقدا زۆر لایەنگیری بۆ خۆی دۆزیوەتەوە.

هەروەها لەلایەن حزبی شیوعی عێراقیەوە بە یاننامەیەک لە دژی ئەو حزبە بڵاوکراوەتەوە.

حزبی «پێشمەرگە» بە واتای سەربازی حزبێکە کە دەیانەوێت بە هۆی کوشت و بڕەوە کێشەی کوردستان بگەیەننە گوێی هەموو دونیا.

حزبی ناوبراو زۆر بەنهێنییەوەیەو گوایە ناوەندی کارکردنیشی لە شاری سولیمانیە بەو شێوەی وەرگرتنی بوون بە ئەندامیەتیشی، پەیڕەو کردنی کارەنهێنیەکانی کۆمەڵەی (ژ.ک)ە. واتە ماوەیەکی زۆر ئەوانە دەخەنە ژێر ئەزمونکاری و دواتر دەبێت حەوت جار سوێند بخوات و لە کاتی خیانەت کردنیش دا دەبێت بگوژرێ.

ئێستا لە بەرلینی شەرقی وغەربی نزیکەی (٣٠) کەس کوردی عێراقی دووکەس کوردی تورکیای و کوردێکی لوبنانی و سێ کەسی کوردی سوریە هەن.

ئەم کەسانە بڕیارە بەم زووانە کۆبوونەوەیەک پێک بهێنن.

تێبینی/ بە بڕوای من ئەم ئاگاداریەی سەرەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش بکرێ باشە.

١- ساواکی ڕۆژئاوا (ڕەزائیە- مهاباد- کرمانشا).

٢- ئیدارەی گشتی ساواک.

٣- ئیدارەی دووەم لە ستادی گەورەی ئەرتەشداران.

٤- ئیدارەی گشتی سێیەم.

٥- ئیدارەی سێیەمی حەوتەم.

١٩٦١/١١/٢٣



## بەڵگەنامەی ژمارە (٢٦)

ڕۆژ/ ١٩٦٢/٢/١١

ژمارە/ ٣١١/٧٦٣/د.م

بابەت: ناوچەی کوردستان

سەرچاوەی هەواڵ- ص- ب

١- گرنگترین ناوچەی گرنگ (حەساس)ی کوردستان بەپلەی یەکەم شاری مهابادە، لەبەر ئەوەی دانیشتوانی شارو دەوروبەری بۆ وەدەست هێنانی کوردستانی ئازاد بەردەوام تێدەکۆشن، هەروەها پێوەندی نێوان کوردەکانی ئێران و عێراق بە هۆی قاچاخچیانەوە بە ڕێگای شنۆوە بۆ سەردەشت و بانە، مەریوان، پاوەی ئەنجیرەک، لاوەران، بیشکان، قەسری شیرین، گەیلانی ڕۆژئاوا، ئیلام، مەهران، دهلوران، سوسەنگەردو خورەمشارەوە جێبەجێ دەبێت.



٢- دوای ئەوەی درزو کێشە لە نێوان سەرانی کوردو حکومەتی عەبدولکەریم قاسم پێک هاتووەو هاتوچۆی ئەوان بۆ خاکی شۆرەوی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

لە بارزانەوە بۆ گوندی مەلوەندا (گوندێکی ڕەشید جیهانگیری هۆزی

هەرکـیـیـە ) و لە خـاکی سـەرتیپ مـامـەندی هۆزی شکاک و لە خـاکی سـیـاچەشـمـەخـاکی هۆزی جـەلالی و خـاکی پولدەشت، خـاکی هۆزی سـەفـەرکـانلوو، قـتـور خـاکی هۆزی حـەیدەرانلو لەوێوە بەهۆی بێـتـەلەوە پەیوەندی بە هێزەکانی شۆڕەوییەوە دەکەن و ئاگاداریان دەکەنەوەو ئەوانیش بەلەم لەسەر ڕووباری ئاراس ئامادەدەکەن تا بیانگەیەنێتە نێوخاکی شۆڕەوی، ئەو حەفتا کەسەی کە چوونەتە شۆڕەوی و گەڕاونەتەوە لەم ڕێگایەوە بووەکە بە عەرزتان گەیشت، بەڵام مەلا مستەفا بارزانی بەهۆی هیلکۆپتەرێکی تایبەتییەوە چۆتە شۆڕەوی.

٣- دوای گەڕانەوەی مەلا مستەفا بارزانی لە شۆڕەوی، هێرشەکانی ئەم دواییانەی کوردەکان لە عێراق دەستی پێکردەوەو لە هەموو مەیدانەکانی شەڕ بارزانییەکان سەرکەوتوون واتە لە هەموو شارەکانی هەولێر، کەرکووک، سولەیمانییە و هەڵەبجە و دەوروبەری سەید سادق و پێنجوێن، قەڵادزێ و شەقلاوە، کۆیێ، ڕواندوز، زاخۆ، ئاکرێ و بەهۆی بێتەلەوە دەگەڵ ناوەندی بارزان پەیوەندی دروست کراوەو بەگشتی هەموولایەک خەریکی خۆ پڕچەک کردن و جموجۆڵی تازەن.

٤- دەنگۆی ئەوە هەیە کە لەلایەن یەکێتی شۆڕەوییەوە بە عەبدولکەریم قاسم گوتراوەکە سەرۆکایەتی کوردستان بە مستەفا بارزانی سپێردراوەو دەبێ لەژێر ئیدارەی حکومەتی عێراق بەڕێوەبچێت تا لە هەموو وڵاتەکانی دەوروبەریش واتە ناوچە کورد نشینەکانی ئەوانیش دەست پەیدا دەکا و تاڕادەیەکیش قاسم ئەم ڕاسپاردەیەی پەسند کردووەو خەریکی لێکۆڵینەوەیە و یەکێک لە بەندەکانی ئەم پەیماننامەیە کڕینی کارخانەی ئاسنگەریە لە شۆڕەوی لەلایەن عێراقەوە بەمەرجی ڕێکەوتن لەگەڵ کوردەکانە.

٥- هاتن و چون و چالاکی ئێستا لە عێراقەوە بۆ مەهابادو لە مەهابادەوە بەرەو تاران بۆ یەکەم جار کۆمیتەی قوتابیانی کورد لە زانکۆی تاران بە



هاوکاری خوێندکارانی لوڕستان و کەرمانشا پێک هاتووەو پەیوەستی خۆیان بە کۆمیتەی قوتابیانی کوردەکانی عێراق؛ کە ئەوانیش پەیوەستن بە کۆمیتەی قوتابیانی شۆڕەوییەوە ڕاگەیاندووە کە وێنە یەکیشیان بە هۆی دکتۆر کەمال سەدری قازی کە مانگ و نیوێک بەر لە ئێستا لە تاران بووەو؛ بۆ کۆمیتەی کوردستانی ئازاد بردویەتیە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و ڕێبەری و پەیوەندیشیان لە تاران لە ئەستۆی «ئەحمەدی قازی، قوتابی زانکۆی تاران»ە کە ناوبراو ڕابردوویەکی تودەیی و کوڕی مامی قازی محەمەدو هەروەها کۆمیتەی ژنان و کیژانی کوردیش بەرپرسیاریەتییەکەی ئەستۆی کیژی قازی محەمەدە، کە قوتابی زانکۆی تارانە، بە کورتی ئێستا کەسانی مهابادی کە لە تاران وەکو قوتابی و شتی تر دەژین بە هەمووشێوەیەک کە لە دەستیان دێت لە پێناوی وەدەست هێنانی کوردستانی ئازاد چالاکی دەنوێنن.



٦- بەشی هەرە زۆری خەڵکی مهاباد، ئێستا خەریکی خەراپەکارین، بە تایبەتی ڕەحمان مودەڕسی، بەڕێوەبەری شارەوانی ئێستای مهاباد. مەناف کەریمی وەزیری فەرهەنگ (ڕۆشنبیری) قازی محەمەد، لەگەڵ ئەنجوومەنی شاری مهاباد کە بەم دواییانە دروست بووە خەریکی جموجۆڵ و چالاکین و ئەم کەسانەی خوارەوەش کە بۆ ئیدارەی ساواکی مهاباد کاردەکەن وەکو: سەید محەمەد سەیدی موەفەقی، کەریم

خـوسـرەوی، مـینە شـەرقی، سـەدیق حـەیدەری، شـێخ مـەعـسـوم نەقشەبەندی کە بەشێوەی دوولایەنە کاردەکەن، ناوبراوان لە کەسانی ناسراوی حکومەتی قازی محەمەد بوون کە ئێستا شەوو ڕۆژ هاتوچۆی ساواکی مـهاباد دەکـەن و لە کاتی دەسـتـەلاتی سەرهەنگ داوەریانەوە ڕێگایان ئاوەلابووەو لەگەڵ عێراقدا پەیوەندییان هەیە.

هەروەها نزیکەی دووسەدکەس لە خەڵکی شاری مهاباد تەنیا بەهۆی قاچاخ فرۆشیەوە دەژین، بە ئاشکرا دەچنە عێراق و بێگومان ئەوانەش هۆکاری پەیوەندی کردنن.

٧- ڕۆژی سێ شەممەی ڕابردوو لە بەرنامەی ئێمە و گوێگرانی ڕادیۆی تاراندا کە بە زمانی کوردی پێشکەش دەکرێ، پەیامی دکتۆر کەمالی نەقشەبەندی؛ کارمەندی هێڵی ئاسنی تاران کە لە سەردەمی قازی محەمەد، جێگری وەزارەتی تەندروستی بووەو ئیمام وخەتیبی سولەیمانیەو لە مانگی (....) ساڵی ١٩٥٩ چۆتە شۆڕەوی و لە ڕادیۆی مۆسکۆوە پروپاگەندەی بۆ سەربەخۆیی کوردستان کردووە.

٨- بەرنامەی ڕادیۆی کوردی تاران هۆکاری پێوەندی نێوان کوردەکانی عێراقە، چونکە ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو لە ژێر ناوی ئێمەو گوێگران پەیامی حەسەن زیرەک لەلایەن هاوسەرەکەی (مەهدیە زیرەک - زەندی) بۆ کەسێکی عێراقی دانیشتووی شاری کەرکوک نێردراوە کە حەسەن زیرەک خۆیشی بەم دواییانە لە کوردستان بووە، واتە چۆتە سنە، بۆکان، مهابادو گەڕاوەتەوە، لەم سەفەرەی دا لەگەڵ کەسانی گومان لێکراوی عێراقی دیدەنی کردووەو سەرەڕای ئەوەی ناوبراو کارمەندی بەشی کوردی ڕادیۆی تارانە، بەڵام چونکە بەر لە شۆڕشەکەی عێراق لە بەشی کوردی ڕادیۆی بەغدا موچە خۆربووە ئێستاش ئەم مووچەیەی وەردەگرێ و خوشکەکەیشی هاوسەری یەکێک



لە پیاوە هەرە نزیکەکانی قازی محەمەد بووەو ئێستا لە شۆڕەوی دەژی.

لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٦١ بە هۆی بالوێزخانەی شۆڕەوییەوە لە ئەنقەرە هاتۆتە تورکیا و هەروەها مەهدیە زەندی بێژەری ڕادیۆی ناوبراو زۆربەی شەوان بە ناوی کەسوکاری خۆیەوە پەیام دەنێرێتە کوردستان.

٩- پێویستە ڕۆژنامەی کوردستان کە لەتاران دەردەچێت بە تەواوەتی بخرێتە ژێر لێکۆڵینەوە، چونکە بەرپوەبەرەکەی (موفتی زادە)کانن کە یەکێک لەوانە بە ناوی مەلا سەدیق بووەو ناوبراو لەو ڕۆژگارەدا لەلایەن وەزارەتی فەرهەنگەوە (مەبەستی زەمانی کۆماری کوردستانە- وەرگێڕ) لە یەکێک لە قوتابخانەکانی مهاباد مامۆستا بووە.

سەرچاوە: چپ درایران - بەروایت اسناد ساواک. حزب کوردستان ایران - جلداول - ص ٦٢/٦٣/٦٤

## بەڵگەنامەی ژمارە(٢٧)

ڕۆژ /١٩٦٢/١٢/٢٨

ژمارە / ٤٦٣٢

بابەت: هاوکاری کردن بۆ مەلا مستەفا

١- حاجی عەبدوڵلا قادری، جەڵدیان بڕێکی گەنم و پارە وەکو هاوکاری داوە بە مەلا مستەفا.

٢- هۆزی قەشقایی لە شیراز، دوو سەد هەزار تومەن و بڕێک زێڕی کۆکردۆتەوە بۆ مەلا مستەفایان ناردوە (هۆزەکانی قەشقایی- مەمەسەنی- حەیدەری و دەیان هۆزی تر کە ئێستا لە دەوروبەری شارەکانی شیراز و ناوەند و شارەکانی شاری کورد و ئەسفەهان و ناوچەکانی تری ئێراندا دەژین ئەو هۆزە کوردانەن کە کەوتوونەتە بەر هێرشی تواندنەوە و لە کورد دابڕانیان، گەلێک سەرۆک هۆز و پیاوی تێکۆشەری ئەم هۆزانە بەدرێژایی مێژوو بەتایبەت



لەسەردەمی شا عەباسی کورد کوژدا و لە سەردەمی محەمەد ڕەزا شای ئێراندا بە هۆی هەوڵدان بۆ گەڕانەوەیان بۆ ڕەسەنایەتی خۆیان و



پاراستنی کلتور و فەرهەنگی خۆیان لە سێدارە دراون یان بۆ شوێنانی زۆر دوور دوور خراوەنەتەوە- وەرگێڕ).

٣- بەپێی ئەو هەواڵانەی کە پێمان گەیشتوون بەم دواییانە ئەحمەد تۆفیق بۆ ئەنجامدانی هەندێ دیدار و وتووێژ لە ڕێگای ئالانی سەردەشتەوە هاتۆتە ئێران و (لەژێر لێکۆڵینەوەدایە).

٤- ئەحمەد تۆفیق لەلایەن مەلا مستەفاوە بە دارودەستەی حزبی گوتووە ئەگەر دەوڵەتی ئێران هاوکاری ئێمە بکات، ئێمەش دەبین بە دۆستی، بەڵام ئەگەر هاوکاری نەکردین دوای رزگاربوونمان لە چنگ عێراق ئێمەش ئیتر دۆستایەتی ناکەین بەڵکو لە ڕێگای پروپاگەندەوە لەگەڵیان دەکەوینە شەڕەوە.

خاڵی دووەم بۆ ساواکی شیراز ڕەوانەکراو دوو نوسخەی لێ چاپ و خرانە سەر پەروەندەی عەبدوڵلا قادری و ئەحمەد تۆفیق- وە تا بە ئەرشیف بکرێن.

ئەو شوێنەی کە دەبێ ئەم پەیامەیان پێ بگات: بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئیدارەی دووەم و سێیەم بۆ پێزانین.

سەرۆکایەتی ساواکی ڕەزائیەو سنەوکرمانشا بۆ زانین.

سەرچاوە: چپ در ایران، بەروایت اسناد ساواک. حزب دموکرات کوردستان- جلد اول ص ٨٣

# بەڵگەنامەی ژمارە(٢٨)

ڕۆژ /١٩٦٢/١/٨/

ژمارە / ١٦١٤٧ س-ت

بابەتی ڕاپۆرت/ جموجۆڵی کوردەکان لە زانکۆی تاران (پارتی دیموکراتی) سەرچاوەی هەواڵ/ کوردستانی

ئەو زانیارییانەی کە پێمان گەیشتوون وا ڕادەگەیەنن کە قوتابیانی کوردی زانکۆ، کە زۆربەیان خەڵکی مهاباد و سنەو کرماشانن و لە زانکۆ و زانستگاکانی تاران خەریکی خوێندنن ژمارەیەکیش دەوروبەری چل کەس لە مامۆستایانی ناوچە کوردنشینەکان ساڵی ڕابردوو بە بەهانەی خوێندن گوێزراونەتەوە تاران و لە دەوری ئەو قوتابیانەی زانکۆ کۆبوونەتەوە.



ئەمانە بنەماو ماکی چالاکییەکانی پارتی دیموکراتی (مەبەستی پارتی دیموکراتی کوردستان/ عێراق- وەرگێڕ) لە تاران پێک دەهێنن.

بەم دواییانە لەلایەن قوتابیانی کورد لە زانکۆکان کەسێک بە ناوی صلاح مهتدی کوڕی حاجی عەبدوڵلا ئێلخانی زادە(مهتدی)،(مامۆستای زانکۆ) کە قوتابی ساڵی سێیەمی کۆلیژی مافە بەرەو کوردستان



ڕۆیشتووەو هاوکات دەگەڵ شەش کەسی تر لە قوتابیانی دەرنەچووی کرماشانییەوە لە بۆکان چاویان بە مەلا مستەفا بارزانی کەوتووەو خۆیان وەکو نوێنەری قوتابیانی کوردی زانکۆکانی ئێران بەوی ناساندووەو ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە فەرەیدون معتمد وەزیری لەم ڕێگەیەدا لەگەڵ سارم الدین صادق وەزیری لە هەوڵ و کۆشش دان.

سەرچاوە: چپ در ایران- بەروایت اسناد ساواک . حزب دموکرات کوردستان جلداول ص ٨٤

# بەڵگەنامەی ژمارە(٢٩)

ڕۆژ /٨/١/١٩٦٢

ژمارە/ ٢/٨٧٩٢

بابەت/ هاوكاری خەڵكی ئێران بۆ شۆڕشگێڕانی عێراق.

شوێن/ زۆربەی شارەكان

سەرچاوەی هەواڵ/ ساواكی بانە، بە بەڵگەوە لەلایەن هاوكاری ساواك مەجید ئەحمەدییەوە.



١- كەریم ناوێك خەڵكی گوندی بلحەسەنی ئێران كە یەكێك لە هاوكارانی شۆڕشگێڕە كوردە عێراقییەكانە و ئێستا لەسەربازخانەی شەهاب الدین خەریكی جموجۆلە، ماوەیەك بەر لە ئێستا لەگەڵ كۆمەڵێك لە كەسانی لایەنگیری شۆڕش لەو سەربازخانەیە چۆتە مەهاباد و بۆكان و گوندەكانی دەوروبەری و دوای وەستانێك (١٢) باری بارگینی كەلە برێكی زۆر بەتانی و جل و بەرگ و پێڵاو و شتی تر پێك هاتووە كۆكردۆتەوەو بەرەو شەهابەدین شوێنی حەوانەوەی شۆڕشگێڕان گەڕاوەتەوە.



٢- ژمارەیەك لە خەڵكی تەورێز و مەهاباد و بۆكان كە لە چین و توێژی جۆراوجۆرن چونەتە عێراق و دەیانەوێت چاوپێكەوتنیان دەگەڵ مەلا مستەفادا هەبێت و بەرهەڤی خۆیان بۆ هەر جۆرە هاوكارییەك بەوی ڕابگەیەنن.

٣- خەڵكی شارە سەر سنوورییەكان بەتایبەت خەڵكی شاری بانە هاوكاری ماڵی و شتومەك بۆ شۆڕشگێڕان كۆدەكەنەوە.

٤- لە هەندێك خاڵی سەر سنوری ئێران لەلایەن شۆڕشگێڕانەوە پڕوپاگەندەی ئەوە دەكرێت كە خەڵكی سەر سنوورەكان هاوكاریان دەكەن و تاكو خودی مەلا مستەفا بارزانی نوێنەری خۆی هەر بۆ ئەم مەبەستە ناردۆتە تاران.

ئەو شوێنانەی دەبێت ئەو بەڵگەنامەیان پێ بگات. بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئیدارەی سێیەم

بۆ زانیاری.

سەرچاوە: سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە (٨٥)

## بەڵگەنامەی ژمارە(٣٠)

رۆژ /٣/٢/١٩٦٢

ژمارە / تایبەت

بابەت/ بارودۆخی ئێستای کوردستان

بەوپەڕی ڕێزەوە پێتان ڕادەگەیەنم کە بەم دواییانە هەندێ ڕاگەیەنراومان پێگەیشتووە کە تێیاندا هاتووە لە ناوچەکانی کوردەواریدا هەموو کەس سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردستان قسەوباس دەکەن و کارەکە گەیشتۆتە شوێنێک تاوەکو منالآنی قوتابخانە



سەرەتاییەکانیش بەوپەڕی چاکەوە باسی زیرەکی و لێهاتوویی مەلا مستەفا بارزانی دەکەن. هەروەها دەنگۆی ئەوەش هەیە کە وڵاتەکانی ئینگلیز و ئەمریکا بۆ سەربەخۆیی کوردستانی ئازاد هاوکاری و پشتیوانی کوردەکان دەکەن.. هەندێکی تریش دەڵێن مەلا مستەفا بارزانی بۆ سەر خستنی ئەم مەبستە(پێکهێنانی کوردستانی ئازاد)، لە وڵاتی رووسیە فێری تەکتیکی پارتیزانی کراوە بۆیە چۆن دەکرێ فریوی ئەمریکاییەکان بخوات. هەروەها دەگوترێ بیروڕای هەندێ کوردەکان بەڕادەیەک ئالۆزبووەو کە ئەگەر کەمترین توند و تیژی لەلایەن پیاوانی حکومەتەوە بکرێتە سەریان، بەبێ راوەستان بەرەو عێراق ڕادەکەن و خۆیان دەگەیەننە مەلا مستەفا بارزانی. هەروەها ژمارەیەک لە هۆزی کەلهوڕ و عەشیرەتی خوالێخۆش بوو ئەمین لەشکر ئەفشار کە کوردن و لەرابردوودا بەناوی کارگەر چونەتە عێراق، ئێستا بە بەردەوامی لە سنور دەدەن و زۆر لێزانانە دەچنە عێراق، بەڵام ئەمجارە لەجیاتی ئیش کردن و کارگەری دەچنە ریزی چەکدارانی بارزانییەوە.

ئەم هەواڵە بۆ ساواکی کوردستان و پارێزگای پێنجەم نێردراوەو وەڵامی ساواکی پارێزگای پێنجەم دەڵێت:-

١- بابەتی منالآنی قوتابخانەکان سەبارەت بە مەلا مستەفای بارزانی دروست نییە.

٢- ژمارەیەک بڕوایان وایە کە سەرەڕای ئەوەی مەلا مستەفای بارزانی هونەر و تەکتیکی پارتیزانی لەڕووسیا فێربووە، بیروڕای بەلای کۆمۆنیستەکانەوەیە، هەروەها ژمارەیەکیش لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئێستا چونکە کێشەی دابەش کردنی زەوی لە ئارادایە، ئەگەر بێت و مەلا مستەفای بارزانی دەستەڵات بەدەستەوە بگرێت هەموو زەوی و زارێک دەکەوێتە ژێر خاوەندارێتی میرییەوە ( وەک و ڕوانگەی کۆمۆنیستەکان).



٣- بەو شێوەیەی کە لێکۆڵینەوە ئەنجام دراوە، بە درێژایی سەر سنوورەکانی ئێران، لەهەر کوڕ و کۆبوونەوەیەکدا باس و خواسی هەوڵ و

چالاکییەکانی شۆڕشگێڕان و سەربەخۆیی کوردەکانە، بەتایبەت ئێستا کە یاسای دابەش کرانی زەوی و زار خەریکی جێ بەجێ بوونە، خاوەن زەوی و هۆزە خاوەن بەرژەوەندییەکان بەهۆی جێ بەجێ بوونی ئەم یاسایە هێز و دەستەڵاتی خۆیان لەدەست دەدەن، بۆیە زۆر ناڕەحەت و لەوانەیە زیاتر لە جاران پشتیوانی لە داوای سەربەخۆیی کورد بکەن.

تێبینی/ چونکە بەم دواییانە هەر جۆرە گۆڕانکارییەک بەسەر بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری وڵاتدا دێت، لەلایەن هەندێ هەڵگەڕاوەو فریوو خواردوی ناوکۆمەڵ پڕوپاگەندەی ئەوە دەکرێ کە لەلایەن و بەهۆی ڕێنمایی ئەمریکاییەکان و ئینگلیزەکانەوە کە لەوانەیە بەهۆی پێک هاتن و پێککەوتن دەگەل رووسەکان دروست بووە، لەکاتی بڕیار لەسەر وەرگرتنی ڕێکخستنێک هەڵبژێردرێ کە بەر بەو هەواڵانە بگرێ و سەرەڕای بەهێز کردنی هەستی ناسیۆنالستی خەڵک و بارودۆخ و کەشی سیاسی ئێران و دنیاش لەگەڵ جیاکاری و شرۆڤە کردنی ورد بخەنە بەردەستی کوردەکان و هەموو چین و توێژە خوێندەوارەکوردەکان. دەرکردنی هەر جۆرە بڕیارێک بە ستراوەتەوە بە ئەمری ئێوەی پایەبەرزە.

ئامادەکردنی: جەمیاری

سەرۆکی بەش: کامیاب

سەرۆکی ئیدارە: شەریف

بەڕێوەبەری گشتی: ئەمجەدی

جێگری ساواک

عەرزیان بفەرموون ئەگەر بڕیاری لەسەر درا تیمسار(مەنسور)یش ئەم ڕاپۆرتە بخوێننەوە.

تیمسار مەنسور پوور- لەسەر داواکاری ئیدارەی گشتی سێیەم داواکارین ئەم فایلە بخوێننەوە و بیپشکنن، بیروڕای گونجاو بۆ جێبەجێ کردن بفەرموون. بیروڕای بەندە سەبارەت بەوەی کە پەیوەندی بە مەلا



مستەفا بارزانییەوە هەیە، ئەوەیە کە ناکرێ بکرێن بە سەرچاوەیەک بۆ دژە کاردانەوەی ئێمە، بەڵکو دەبێت لەچواردەوری کێشە کە لێکۆڵینەوەو زانیاری زیاتر بکرێ و سەبارەت بە پێشنیاری ڕاگەیاندنی ئیدارەی گشتی سێیەم بەندەش رازیم بەڵام چۆن؟ بۆ وەڵامدانەوە بەم پرسیارە ئەم فایلەتان پێشکەش دەکەم.

ئەمیرلوو

١٩٦٢/٢/٣

## بەڵگەنامەی ژمارە (٣١)

ڕۆژ /١٩٦٢/٢/٥/


ژمارە/ ٥٥٤١

بۆ / تیمسار سەرۆکایەتی سازمانی زانیاریەکان و ئاسایشی وڵات (ساواک)

لە/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئیدارەی سێیەم

«زۆر نهێنی»

ئەنجامی وەدەست کەوتوو لە لێکۆڵینەوەکان گوایە زۆربەی کوردەکانی ئەم ناوچەیە حەزیان لە بابەتی سەر بەخۆیی کورد و لایەنگیری شۆڕشی مەلا مستەفایە.



هەروەها وادیارە چاوەڕێی هەندێ دەرفەتن کە لە ئەنجام دا ئارەزووی مێژوویی کوردەکان بێتە دی. ئەم هەست و سۆزە بەتایبەت لەنێو چینە خوێندەوار و ڕۆشنبیرەکان زیاترەو بەپێی ئەو توانایەی کە لەبەر دەستیاندایە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە گەلێک چالاکی دەنوێن، هەروەها بە گریمانەیەکی زۆرەوە دەگەل وڵاتە بێگانەکانیش پەیوەندییان هەیە. ئاشکرابوونی ئەو سەرچاوانە جێگای باوەڕی ئەم سازمانەیەو لەهەر جۆرە کەرەستەیەک و توانایەک کە



ئەم ئەنجامە بەدەستەوە بدات سوود وەردەگیرێ، چونکە ژمارەیەک خوێندەواری کورد و ڕۆشنبیرە مهابادییەکان ئەوانەی لەڕوانگەی ئەم سازمانەدا جێی شک و گومانن دانیشتووی تارانن، بۆیە ناوەکانیان هاوپێچ لەگەڵ ئەم نووسراوەیەدا پێش کەش دەکرێن. بڕیار بفەرموون بەپێی ئەو توانایەی کە لە بەردەستدایە، سەبارەت بە کۆنترۆڵ کردن و خستنە ژێر چاودێری هەڵس و کەوت و کردەوەی ئەوانە هەنگاو هەڵبگیرێ و لە کاتی سەرکەوتن لەو ئەرکەدا ئەنجامەکەی ڕەوانە بکرێ بۆمان.

سەرۆکی سازمانی زانیاری و

ئاسایشی مهاباد- سەیادیان

سەرچاوە: چپ در ایران- بەروایت اسناد ساواک - حزب دموکرات کوردستان. جلد اول ص ٨٩

## بەڵگەنامەی ژمارە (٣٢)

ڕۆژ / ١٩٦٢/٢/١٦
ژمارە/ ٣٣١/٣٠٢٦

نهێنی

بابەت/ کۆمیتەی قوتابیانی زانکۆ، سەر بە سەنگەری مللی

بەم دواییانە بڕیارێک بە کۆمیتە گەیشتووە کە لە جیاتی سڵاوکردن لە یەکتری کاتێک دوو خوێندکاری کورد بەیەکتری دەگەن دەڵێن(بژی ک ک) بە واتای هەر بژی کورد و کوردستانی گەورە، ئەم بابەتە هەموو قوتابیانی زانکۆ واتە کوردەکانی کرمانشا و کوردستانی(سنە)یی و هەموو ناوچەکانی تری کوردستان دەگرێتەوە.



بەپێی ئەو هەواڵانەی کە پێمان گەیشتوون کەسێک بەناوی سەید ئسحاقی کە یەکێکە لە ئەفسەرانی حزبی کۆمەڵەی جارانی مهاباد (مەبەستی ژ- ک-ە و وەرگێڕ) فەرماندەی سەربازگەی میاندواو کە بەناوی خواستراوی«عەلی تۆفیق» لەنێو پارتیدا ناسراوە، تاکو پێناسە ئێرانیەکەشی هەر بەو نێوەیە لەلایەن مەلا مستەفای بارزانییەوە بۆ ڕێنمایی کردنی حزبە کوردستانیەکان



لە تاران ڕاسپێردراوەو بە ڕێگای بادکۆوە (لەوانەیە مەبەستی باکۆبێت- وەرگێڕ) هاتۆتە نێو ئێران و ئێستا لە تارانە.

ئەم هەواڵە کە ناوبراو ئێستا لە تارانە لە ڕێگای بۆکان و مهاباد یشەوە سەرڕاست کراوەتەوە.

وێنەیەک بۆ/ ساواکی تاران
بنێردرێ بۆ فایلی جموجۆڵی کوردەکانی دانیشتوی تاران
لەلایەن - ئیدارەی دووەمی ستادی بەرزی لەشکری

سەرچاو: چپ در ایران- بەروایت اسناد ساواک- حزب دموکرات کوردستان جلد اول ص ٩٠

## بەڵگەنامەی ژمارە(٣٣)

ڕۆژ /١٩٦٢/٢/١٨

ژمارە/ ٣٣١/٣٠٢٢٤

نهێنی

بابەت/ هاوکاری دانیشتوانی سەرسنور بۆ شۆڕشگێڕانی کوردی عێراقی

سەرچاوەی هەواڵ/ ئیدارەی دووەم ستادی بەرزی لەشکری

چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستا دوو کەسی خەڵکی مهاباد بەناوەکانی میرزا قادر کە خۆی بە برازای قازی محەمەد دەناساند و سەید محەمەد کە بڕی (٦٠٠٠٠) تومان پارەو ژمارەیەک کارتی حزبییان پێبوو، بە ڕێگای گوندی شینیە(شێنێ- وەرگێڕ)ی عێراقەوە بەرامبەر پاسگای دو ستو(لەوانەیە مەبەستی دۆڵە توو بێت- وەرگێڕ) بەهۆی موختاری گوند، بەناوی خۆیەوە بردونیەتە قەڵادزێ و ئەوانەی بە ئەحمەد شەریف ناساندووە. یەکسەر ئەم دوو کەسەی ناردوونەتە لای



مەلا مستەفا و ئەوەش لە بیر نەچێت کە ئەو بڕە پارەیەیان لە کەسانی حزبی لە مهاباد و دەوروبەری کۆکردۆتەوە. دواتر ئەم دووکەسە



گەڕاونەتەوە مهاباد.

لەکاتی بڕیار لەسەردانی تکایە ڕەوانە بکرێ.

بۆ/ ساواکی مهاباد بۆ لێکۆڵینەوەو ڕاگەیاندنی چۆنیەتی ئەم بابەتە.

لەلایەن/ ئیدارەی دووەم- ستادی بەرزی لەشکری

سەرچاوە: چپ در ایران - بەروایت اسناد ساواک- حزب دموکرات کوردستان . جلد اول - ص ٩١

## بەڵگەنامەی ژمارە (٣٤)

رۆژ/ ١٩٦٣/٨/٦

ژمارە/١٤٧٦/د-٢ بەشی ٣١١

بابەت/ وتوویژ سەبارەت بە شۆڕشگێڕانی باکوری عێراق.

سەرچاوەی هەواڵ/ غەوسی

«زۆر نهێنی»

ئێستە زۆربەی وتوویژی نێو کوردەکانی ئێران یاخود لە کوردستانی ئێران دەربارەی سەرکەوتنەکانی لەشکری ئازادی خوازی کوردستان واتە (شۆڕشگێڕانی باکوری عێراق)ەو دەڵێن بارزانیەکان بەرێبەرایەتی ڕێبەری قارەمانی گەلی کورد مەلا مستەفا بارزانی نازناوی لەشکری رزگاریخوازی کوردیان وەدەست هێناوە و سەرکەوتنی زۆر گەورەیان بە دەست هێناوە و پەرەیان بە سەربەرزیەکانی سەلاحەدین ئەیوبی داوە.



کوردەکانی سەر دەشت- بانە - مهاباد، کە بەم زوانە لە کوردستان گەڕاونەتەوە گوتوویانە کە بەردەوام کوردانی تێکۆشەر لە تورکیاو شوێنە جۆراوجۆرەکانی ئێران بە تایبەت لە شاری مهاباد بۆ تێکۆشان لە پێناوی ڕێگای ئازادی دەگەنە



عێراق و بە تاسەوە چەک هەڵدەگرن و لەتەک شۆڕشگێڕان سەنگەر دەگرن و لە دژی حکومەتی بەغدا دەکەونە شەڕەوە، ئەو ڕێبوارانەی هاتوچۆ دەکەن گوتیان کە ڕێژەی خۆ بە دەستەوە دانی چەکدارانی لەشکری حکومەتی عێراق بە رادەیەکە کە زۆر زۆرە. لە بەر ئەوەی شەڕەکانی ئەم دواییە کە لە نێوان شۆڕشگێڕە کوردەکان و هێزەکانی لەشکری عێراق رویدا، بە هۆی بەدیل گرتنی چەندین یەکەی جۆراوجۆری سەربازی عێراقی، ئێستا کوردەکانی باکوری عێراق خۆیان بە چەکی وەکو دەبابە، فڕۆکە، هەموو کەلوپەلێکی جەنگی دیکە پۆشتە کردەوەو گوتوویانە ئەو شتەی بووەتە هۆی پێش کەوتنی ئازادکردنی کوردستان، ئەوەیە کە کوردە خەبات کارەکان لە مەرگ و مردن ناترسن و سڵ ناکەنەوەو ئەو کەسانەی لە ئێران و تورکیاش دەگەنە ریزی شۆڕشەوە، لەگەڵ ئەوەی کە چەکدار دەکرێن یەکسەر خوی کوردە عێراقییەکان دەگرن و بەبێ ترس هێرش دەکەنە سەر سەربازانی عێراقی. سەربازە عێراقییەکانیش بە دیتنی ئەم بوێریانەوە خۆیان لە بەرانبەر چەکدارانی کورد پێ ناگیرێ، یا خۆیان بە دەستەوە دەدەن یاخود چەکەکانیان فڕێ دەدەن و مەیدان بەجێ دێڵن و رادەکەن. بیروڕاو بۆ چوون و گێڕانەوەکانی ئەم جۆرە کەسانە بووەتە هۆی هاندانی لاوانی کوردی ئێرانی و بە پێی ئەو هەواڵانەی کە پێمان گەیشتوون تەنیا لە ناو شاری مهاباد زیاتر لە (١٥٠) کەس لە لاوانی دەرچووی ئامادەیی و دواناوەندی بەرەو عێراق رۆیشتوون و خۆیان گەیاندۆتە ریزی شۆڕشگێڕە کوردە عێراقییەکانەوە.

هەروەها دەنگۆی ئەوەش هەیە کە چەند کەسێک لە خاوەن زەوی و زارەکانی کوردستانی ئێران هەر چەندێ تەتەر دەنێرنە عێراق یاخود خۆیان دەچن، لە لایەک بەرپرسانی شۆڕشگێڕە کوردەکانەوە وەڵامێکی ئەو تۆ وەرناگرنەوە و دەیان گەڕێننەوە ئێران و پێیان دەڵێن ئێوە بۆ سەربەخۆیی کوردستان خەبات ناکەن، بەڵکو مەبەستتان پاراستنی زەوی و زاری خۆتان

و ستەم کردنە لە هەژارو لێقەوماوانی کورد. لە نێو کوردە ئێرانیەکان دەنگۆی ئەوەش هەیە کە حکومەتی ئێران زۆر بە نهێنی بۆ سەرکوت کردنی کوردەکان دەیەوێ پیلانێک بگێڕێ. کوردەکان دەڵێن ئیتر زەمان ناگەڕێتەوە دواوە و حکومەتی ئێران ناتوانێ وەکو ساڵانی رابردوو لە شارەکانی سەقزو مهاباد رۆڵەکانی گەلی کورد بە کۆمەڵ لە سێدارە بدا، چونکە هەر کاتێک حکومەتی ئێران کارێکی وا بکات یاخود خەیاڵێکی وای لە سەر دابێت، کوردستان بە جارێک دەبێت بە ئاگرو وەکو چەند ساڵێکی بەر لە ئێستای ئەلجەزیرەی لێدێ. ئەو کاتەیە خوێنی قازی محەمەد و عەلیاغای جوانمەردی و ئەحمەد خانی مەتین و گەیلانی زادەکان و ئەوانی تر دێنە جۆش.

وێنەیەک بۆ/ ئیدارەی دووەمی گشتی سێیەم

ئیدارەی سێیەمی گشتی سێیەم

سەرچاوە: چپ درایران، بەروایت ا سناد ساواک - حزب دموکرات کردستان جلد اول - ص ١٢٦ - ١٢٧.



## بەڵگەنامەی ژمارە(٣٥)

رۆژ/١٩٦٣/٨/٨


ژمارە/٣٣١/١٥٨٥٨

نهێنی

بابەت/ تەکیە و مزگەوتەکانی کوردستانی ئێران.

سەرچاوەی هەواڵ/کەسێکی تایبەت.

بەپێی ئەو هەواڵانەی کە پێمان گەیشتوون لە هەموو مزگەوتەکان و گوندو بازاڕو کۆڕو کۆبوونەوەکانی کوردستان(مەبەستی کوردستانی ئێرانە-و) خەڵکی وەک شیوەن و ماتەمی محەرەم، بۆ بۆمباران کردنی هاوڕەگەزەکانی خۆیان بەخەم و پەژارەن. شەوو رۆژ لە چاوەڕوانیدان و بەردەوام هەموو جۆرە شتێک وەکو خواردەمەنی، پارە، بەتایبەت گەنم و ئاردو قەندو شەکر کۆدەکەنەوە دەنێرنە عێراق.



کۆکردنەوەی پول و پارە ئیتر بەئاشکراییە. بەم دواییانە لە شاری ورمێ لە ناوچەکانی شاپوور، ماکۆ، شنۆو عەشایری جۆراوجۆر پول و پارە کۆکراوەتەوەو دەینێرنە کوردستانی عێراق، ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە بەشی هەرە زۆری ئەو هەرێمە لەژێرکارتێکردنی کوردەکانی لای تورکیا کە

ئەوانیش بەو کارە هەڵساون، ئەو کارەیان کردووە، چونکە کوردەکانی لای تورکیا بۆ هەناردنی هاوکاری دەستپێشخەربوون. لە ناوچەی بانە، سەردەشت، مەریوان، سنە، کرمانشانیش بەم هاوکاری کۆوەکردنە هەڵساون، لەلایەکی تر دەگوترێت لەولاتە کۆمۆنیستییەکان بە شۆڕەویشەوە، لە ولاتانی وەکو مەجەرستان، رۆمانی و، ئەوانی ترەوە هاوکاری کوردەکان دەکرێت. هەروەها لەو چەند رۆژەی رابردوودا هەواڵی سەرکەوتنەکانی کوردەکان لە تێک و پێک شکاندنی لەشکری عێراق لەسەر رێگاکانی کەرکوک، موسڵ، بەغداو خانەقین بڵاوبووەتەوە بەم بۆنەیەوە هەموو کوردە ئێرانییەکان جەژن و شاییان گێڕاو بەرهەڤی خۆیان بۆ پشتیوانی ئەوان راگەیاندەوە. سەرەڕای ئەوەش هۆزو خاوەن زەوی و زارەکانی زۆربەی عەشیرەتەکان بەشەهاوکاری خۆیان بەجیا کۆکردۆتەوەو بۆ هاوکاری ئەوان ناردوویانە. لەلایەکی تریشەوە پیاوانی حزبی پارتی دیموکراتی کوردستان لە تاران کە پەیوەندییان بە دەوڵەمەندە گەورەکانەوە هەیە بەرهەڤی خۆیان بۆ بەشداری و پشتیوانی شۆڕشی کوردستان لە بەرامبەر دەوڵەتی عێراقدا راگەیاندووە.

هەروەها کوردەکانی تاران تاکو لە دام و دەزگاکانی حکومەتی داوای هاوکاری و پشتیوانیان لە فارس زمانەکانیش کردوەو پول و پارەیان بۆ ئەو مەبەستە کۆکردۆتەوە.

وێنەیەک بۆ/ ساواکی ئازەربایجانی رۆژئاوا(رەزائیە)، کرمانشا-مهاباد-کوردستان(سنە) بۆ سەر ڕاست کردنی ئەم هەواڵەو چۆنیەتی هەوڵدانتان.

سەرچاوە: چپ درایران-لەروایت اسناد ساواک حزب دموکرات کوردستان-جلداول-ص١٢٨/١٢٩



## بەڵگەنامەی ژمارە(٣٦)

رۆژ/١٢/٨/١٩٦٣

ژمارە/١٦٦٠٢/٣٣١

زۆر نهێنی

بابەت/ هاوکاری راپەڕیوانی باکووری عێراق.

سەرچاوەی هەواڵ/شارەوانی

بەپێی ئەو هەواڵانەی کە پێمان گەیشتوون لە رەزائیەوە، لەو رۆژەوەی دەوڵەتی عێراق دەستی داوەتە سەرکوت کردنی راپەڕیوانی(مەلا مستەفا بارزانی) خاوەن زەوی و زارەکانی کوردی ئێرانی، لە روو خۆیان زۆر هێمن و بێ لایەن نیشان دەدەن، بەڵام لە دڵەوەو بە نهێنی لە گوندو لادێکان و ماڵی هەندێ لەو خاوەن زەوی و زارە دەوڵەمەندانە کە شاری(در)ییە، کۆبوونەوەو باس و خواس و پێشبینی و هاوکارییەکانی خۆیان بۆ بارزانییەکان دەخەنە بەرباس و هەموو رۆژێک پەیوەندییان بە مەلا مستەفا بارزانییەوە هەیەو هەواڵی بارودۆخییان دەپرسن، بەڵام بۆ سەرگەرم کردنی پاسەوانانی سەرسنوور پڕوپاگەندەی ئەوەیان بڵاوکردۆتەوە کە هەر کەسێک لە



کوردەکانی ئێرانی بۆ گەیشتن بە مەلا مستەفا بارزانی بچێتە ناوخاکی عێراقەوە لەلایەن بارزانییەکانەوە دەگیرێ و دەدرێتەوە دەست دەوڵەتی شاهینشایی تا بەو پروپاگەندەیە بتوانن لە هەلی گونجاو بۆچوونی خۆیان جێبەجی بکەن، هەروەها دەنگۆی ئەوەش هەیە کە دەوڵەمەندو خاوەن زەوی و زارە کوردەکان بەردەوام پەیوەندی ناڕاستەوخۆیان لەگەڵ یەکتردا هەیە.

وێنەیەک بۆ/ ساواکی ئازەربایجانی رۆژئاوا(رەزائیە)-کوردستان(سنە)

کرمانشا/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئیرادەی دووەم/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئیرادەی حەوتەم.

سەرچاوە: چپ درایران-لەروایت اسناد ساواک حزب دموکرات کوردستان-جلداول- ص١٣٠



## بەڵگەنامەی ژمارە (٣٧)

ڕۆژ: ١٩٦٣/٩/٦

ژمارە: ٢/٢٣٩

زۆر نهێنی

لە/٢٨- د-ع

بۆ /تیمسار سەرۆکایەتی ئیدارەی دووەم

بابەت/چالاکی دار و دەستەی حزبی پارتی لەناوچەی مهاباد



دارو دەستەی حزبی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق چالاکی و ڕاسپاردەی خۆیان لە ناوچەکانی بۆکان، میاندواو، مهاباد، رەزائیە، شنۆ، بەتایبەت لەسەردەشت بەو پەڕی نهێنی و شاردراوەی جێبەجێ دەکەن و چالاکییەکانیان بەردەوامە ئەگەر بێت و زیاتر لە ئێستا لا لەو جموجۆڵانە نەکرێتەوە، دیارە زۆر لەوەش زیاتر پەرە دەستێنێ، هەروەها خاوەن زەوی و زار و دەوڵەمەندانی سێلوێ- شنۆ زەنگ- شاوەلێ لە ناوچەی مامەشایەتی بوون بە ئەندامی حزبی ناوبراو بە هەموو شێوەیەک هاوکاری حزبی پارتی دەکەن.

وێنەیەک بۆ: هێزی پیادە سازمانی زانیاری و ئاسایشی ولات.

ساواکی ڕەزائیە- مهاباد بۆ ئاگاداری

سەرچاوە:- چپ درایران- بەروایت اسناد ساواک- حزب دموکرات کردستان. جلد اول-ص-١٣٤.



## بەڵگەنامەی ژمارە(٣٨)

« بەگشتی نهێنی»

ڕۆژ/ ١٩٦٣/٩/١٦ ژمارە/ تایبەت

بابەت/ چالاکی حزبی پارتی دیموکراتی کوردستان

١) سەعات (١٨)ی ڕۆژی ١٩٦٣/٨/٢٨ لە نێو باخچەی موبارەک ئاوای سنە، کۆبوونەوەی حزبی پارتی دیموکراتی کوردستان بە بەرهەڤی ئەم کەسانەی خوارەوە پێک هات:

١- موزەفەر ئەر جمەند ٢- دکتۆر کەریم موشیری ٣- کەمال پێنجوینی ٤-موزەفەر شەمس ٥- مەهدی تالبی ٦- هاشم خاکی ٧- ئاغا خان گەچکار.



سەرەتای کۆبوونەوە دکتۆر کەریم موشیری هەندێ بابەتی سەبارەت بە پارتی دیموکراتی کوردستان و نەخشی حکومەتی ئێران سەبارەت بە خەباتی گەلی کورد لە دژی حکومەتی عێراق باس کرد و لە کۆتاییدا بڕیاری ئەوەیان داوە مانگانە بڕی(٢٠٠٠) قران وەکو هاوکاری بدرێ بە بنەماڵەی بەغدادی.

٢- ڕۆژی ١٩٦٣/٩/٤ بۆ جارێکی تر کۆبوونەوەیەک لە باخچەی (زەفەریە) بە ئامادەبوونی ئەم کەسانەی خوارەوە لە سنە پێک هات:

١- دکتۆر کەریم موشیری ٢- غەفور سەلیمی ٣- کەمال پێنجوێنی ٤- موزەفەر شەمس ٥- موزەفەر ئەرجومەند ٦- مەهدی تالبی ٧- هاشم خاکی ٨- عەلی بەغدادی لەم کۆبوونەوەیەدا دکتۆر کەریم موشیری گوتوویەتی لەسەر بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی بڕیاروایە کەسانێک لە ڕێخستنەکانی لەشکری و چەند لقێکی چەکدار لە ئێران پەیوەندی بە هەڤاڵ بەغدادییەوە بکەن، هەر کەسێک چەکدارێکی پێ شک دێت هەرچی زووترە بە بەغدادی بناسێنێ.

بۆ ئەم مەبەستە مزەفەر ئەرجومەند ئەم کەسانەی خوارەوەی ناساند:

١- ملازم دووەم سەدیق موقەدەم



٢- مولازم دووەم عەبدولخالق عەبدولاّیی

٣- ملازم یەکەم سەلاح زەهیر ئەعزەمی.

هەروەها موزەفەر شەمس ئەم کەسانەی خوارەوەی ناساندن:

١- ملازم سێیەم مەنسور فەیز بەخش ٢- ملازم دووەم مەهدی ئەختەری

٣- ئەفسەری ئەندازیار فەیازی.

هەروەها دکتۆر کەریم موشیری ئەمانەی خوارەوەی ناساندن:

١- سەرگۆردی دارایی وەفا حەساس

دواتر کەمال پێنجوێنی ئەمانەی ناساندن:

١- ملازمی دووەم مزەفەر فەریوەر ٢- ئەفسەر باقر نەسری.



دواتر هاشم خاکی ئەمانەی خوارەوەی ناساندن:

١- ئەفسەر چایچی ٢- ئەفسەر قەسرانی ٣- ئەفسەر حوسێن بووبان

٤- ئەفسەر محەمەد قەسری.

هەروەها بڕیاری ئەوە دراوە کە ڕۆژی ١٩٦٣/٩/٥ کاتژمێر (١٦) چواری پاش نیوەڕۆ لە باخچەی گوریزە لە چوار کیلۆمەتری شاری سنە کۆبوونەوەیەکی تر بە بەرهەڤ بوونی ئەفسەران و پلە بەرزانی لەشکری پێک بێت.

٣- کاتژمێر( ١٦/٣٠ ) چوارو نیوی ڕۆژی ١٩٦٣/٩/٥ بە بەرهەڤی ئەم ناوانەی خوارەوە کۆبوونەوە لە باخچەی گوزیرە پێک دێت:

١- هاشم خاکی ٢- غەفور سەلیمی ٣- کەمال پێنجوێنی ٤- موزەفەرشەمسی


٥- مەهدی تالبی ٦- ئاغاخان گەچکار ٧- عەلی بەغدادی ٨- ملازمی یەکەم سەلاح زوهێر ئەعزەمی ٩- ملازمی دووەم عەبدولخالق عەبدوللاّیی ١٠- ملازمی دووەم موزەفەر فەریوەری کورد ١١- ملازمی سێ مەنسور فەیزبەخش ١٢- ملازمی دووەم مەهدی ئەختەری ١٣- ئەفسەر باقر نەسری ١٤- ئەفسەر محەمەد قەسری ١٥- ناسر مەریوانی ١٦- دکتۆر کەریم موشیری.

دوای خوێندنی سروودی نەتەوەیی کورد گفتوگۆ دەست پێدەکات:

عەلی بەغدادی دەپرسێ بۆچی ملازمی دووەم سەدیق موقەدەم و ئەفسەر فەیازی لە کۆبوونەوەدا ئامادە نین؟ موزەفەر ئەرجمەند وەڵام دەداتەوە بۆ ئەنجامدانی ئیش و کاری تایبەتی خۆیان ملازمی دووەم سەدیق موقەدەم چۆتە تاران و موزەفەر شەمس دەڵێت ئەفسەر فەیازی ماوەی مانگێکە گواستراوەتەوە کرمانشاو دکتۆر موشیری دەڵێت ئەفسەر فەیازی لە کرمانشا پەیوەندی بە سەرگورد (حەساس)ە وە بکات و نیشانەی

پەیوەندی کردنیش دراوە ملازم دووەم فەریوەری کوردیش بەناوی مۆڵەت لە کرمانشانەوە هاتۆتە سنە. دواتر ئەو کەسانەی کە لەشکری نەبوون لەوتوویژەکانی ئەم کۆبوونەوەیە هەلاوێردران و لەنێو باخچەکەدا پیاسەیان دەکرد، دواتر ڕێورەسمی ناوی نهێنی دانان و راسپاردنی بەرپرسیاریەتی لەلایەن عەلی بەغدادیەوە دەست پێدەکات بەم شێوەیەی خوارەوە:

کەسی ژمارە(٨) مەنسور فەیزەبەخش گوتی من بە تەنیا نیم لە گورگان، بەڵکو لەگەڵ فەوجێک بۆ گورگان گوێزراوینەتەوە، کەسی وا لە گورگان هەن کە دوای گەڕانەوەم بۆ گورگان دەست دەکەم بە چالاکی کردن، بڕیار لەسەر ئەوە دەدرێ تا بڕیارێکی تر پەیوەندی لەگەڵ بەرپرسی لقی سنە هەبێت و وێنەیەک لەم ناوانەی سەرەوە بە هۆی غەفور سەلیمیەوە بنێردرێتە مهاباد تاکو ڕەوانەی کۆمیتەی ناوەندی بکرێ.



٤- ڕۆژی ١٩٦٣/٩/٦ غەفور سەلیمی و کەمال پێنجوینی و عەلی بەغدادی بە ئۆتۆمبیلی تایبەتی ژمارە (١٦٧٥٣١) کە هی کەمال پێنجوینی یە لە سنەوە چوونەتە مهابادو کاتژمێر پێنجی دوای نیوەڕۆ لە باخچەی تەنیشت نەخۆشخانە لەگەڵ بەرپرسان تەها فەیزی زادە- غەفور سەلیمی- محەمەد عەبدی- عەزیز شاهرۆخ- عەلی بەغدادی-کۆبوونەوەیان پێکهێناوەو کەسێک کە بە ناوی سۆفی حەسەن بانگ دەکرا مێوانداری ئەم کۆمەڵە کەسە بووە.



لەم کۆبوونەوەیەدا عەلی بەغدادی چۆنیەتی سەردانی خۆی بۆ عێراق بۆ تەها فەیزی زادە باس دەکا، ئینجا تەها فەیزی زادە گوتی هۆی ئەمەی کە گوتم بوو بە خانەوادەوە بێیە مهاباد ئەوەبوو کە ئەگەر بتەوێ بچیتە عێراق و لیستی ئەفسەرو پلەدارانی حزبی خۆت بیگەیەنیتە کۆمیتەی ناوەندی ودواتر لیستی یەکە چەکدارەکان دەداتە عەلی بەغدادی و دەڵێت ئەم لیستە و وێنەی نێردراوی ئێوە؛ سبەی ڕۆژی ١٩٦٣/٩/٧ دەنێرینە سنووری خانێ تا بنێردرێتە عێراق.

تەها فەیزی زادە دواتر ئەرکەکە بە عەزیز شاهرۆخ دەسپێرێ تا بەپەلە لیستی ناوەکانی ئەفسەر و پلە داران ڕێک بخات وبۆ عەلی بەغدادی بنێرێ و ئەم ناوانەی خوارەوە بۆیەکەی چەکدار دەستنیشان دەکرێن.

سەرچاوە: چپ در ایران- بەروایت اسناد ساواک.
حزب دموکرات کوردستان- جلد اول -ص١٣٥/١٣٩

| ز | ناو و ناوی بنەماڵەی | ژمارەی ئەندامیەتی | شوێنی چالاکی | شوێنی دانیشتن |
|---|---|---|---|---|
| ١ | غەفور سەلیمی | ١٨ | مهاباد و دەورربەری | مهاباد |
| ٢ | عەزیز شاهرۆخ | ٢٠ | مهابادو دەوربەری | مهاباد |
| ٣ | هۆشەنگ تەنهایی | ٤٨ | شاری خانێ و دەوروبەری | مهاباد |
| ٤ | سەید رەسول دهقان | ٥٠ | شاری خانێ و دەوروبەری | ناوچەی لاجان |
| ٥ | قوتابی زانکۆ عەلی یار | ٥٢ | تاران | مهاباد |
| ٦ | قوتابی زانکۆ بابا تاهری | ٥٤ | تاران | مهاباد |
| ٧ | قوتابی زانکۆ سەراجی | ٥٦ | تاران | مهاباد |
| ٨ | قوتابی زانکۆ رەشید زادە | ٥٨ | تاران | مهاباد |
| ٩ | مزەفەر ئەرجومەند | ٦٠ | شاری سنە | سنە |
| ١٠ | مەهدی تالبی | ٦٢ | شاری سنە | سنە |
| ١١ | مەهدی نەسری | ٦٤ | شاری سنە | سنە |
| ١٢ | کەمال پەنجوینی | ٦٦ | شاری سنە | سنە |

## بەڵگەنامەی ژمارە (٣٩)

ڕۆژی / ١٩٦٣/٩/٢٠
ژمارە/٣٤٩٨

«زۆر بە پەلە و نهێنی»

ڕێزدار تیمسار سەرۆکایەتی سازمانی زانیاری و هێمنایەتی وڵات( دەفتەری تیمسار مەنسوور پوور) بەشێوەیەکی گشتی بە پێی ئەو زانیاریانەی کە وەرمانگرتوون چالاکی و جموجۆڵێکی هەمەلایەنەو بەربلاو سەبارەت بە هۆگری بە سەر بەخۆیی کوردستان و خۆشەویستی مەلا مستەفا بە بەردەوامی لە دەورو بەری شاری بۆکان لە ئارادایە. ئەم جۆرە پڕۆپاگەندانە بە هۆی کەسانی دەست ڕۆیشتووی ناوچە لە زۆربەی کاتداو بە شێوەیەکی بێ بەراورد لە ئارادایە و هەواڵەکانی جێگەی باوەڕ بە بەردەوامی ئەم ڕاستییە ڕادەگەیەنن و دەسەلمێنن، هەواڵی ورد لە کەسی ڕاسپێردراوەوە بەم شێوەیەی خوارەوەیە: لە پەیوەندیەکدا لە ڕۆژی ڕابردوودا لەگەڵ مەئموری ساواک کە هۆکاری پەیوەندی کردنی و هاکارییەکانی بەم دواییانە پێک هاتووە و لە دڵەوە حەز بە خزمەتکردن دەکات، ناوبراو لە گوندی (بەگ ئووبیسی) کە





دەکەوێتە حەوت کیلۆمەتری شاری بۆکان دادەنیشێ و خەریکی دێیانیە. ناوبراو پێی ڕاگەیاندووین کە (سوارەی ئێلخانی زادە) کوڕی ئەحمەد ئێلخانی زادە قوتابی زانکۆی تاران، بە ڕێنمایی کەس و کاری خۆی دەستی داوەتە پڕوپاگەندەی زۆر چڕو پڕو کەسانی جێی باوەڕ و تا ڕادەیەک دەست ڕۆیشتووی بۆ پشتوانی و هۆگری سەربەخۆیی کوردستان و مەلا مستەفا هان داوە و لەکاتی ڕووبەڕوو بوونەوەی دەگەڵ دێیانی ناوبراو هانی ئەویشی بۆ ئەم مەبەستە داوەو کەسی ڕاسپێردراوی ئێمە واتا ناوبراو بە مەبەستی نزیک بوونەوەی زیاتر لەوان هۆگری خۆی بۆ داواکانی نیشانداوە لە ئەنجامدا وەعدی دیداری لەگەڵیاندا بۆ دوو ڕۆژی دواتر داناوە لە کۆبوونەوەو یەکتر ببینینی دواتردا سوارەی ئێلخانی زادە سەرەڕای پیاهەڵگوتن و چاکە و لێهاتوویی گوتنی زۆر لە کوردە عێراقییەکان هیوای ئەوەی داوە بەو کەسەی ئێمە کە کاتی پێک هاتنی کوردستانی ئازادو سەربەخۆ، خۆی دەبێ بە ژەنەڕاڵ و ئەگەر بەرپرسیاریەتییەکی ئەوتۆی وەرگرت سەرەڕای خزمەتی تەواوی بۆ سەربەخۆیی کوردستان کارێکی چاکیش بەتۆ دەسپێرم؟! کەسی جێی باوەڕی ناوبراو سەرەڕای نیشاندانی پشتیوانی خۆی لەو بیرۆکەیە بە سوارەی گوتوە: ئایا دەکرێ ئەو کاتەی کە کوردستانی ئازاد پێک هات پلەی سەربازی منیش بکرێ بە (گروبان) کە سەرەڕای خزمەتی زیاتر بژێوی ژیانی بنەماڵەکەشی باشتر



دەبێت، سوارەی ئێلخانی زادە بە بەڵێن و پەیمان دان گوتویەتی کە ئامادەگی و رازی بوونی تۆ بۆ خزمەتی کوردستان بە بەرپرسانی سەرەوەتری خۆم دەگەیەنم.

بە پێی ئەوهەوالانەی کە پێمان گەیشتوون بەرهەڤی و ئەندامییەتی ئەو کەسەی ئێمە بە هۆی سوارەی ئێلخانی زادەوە لە کۆبوونەوەی ئەندامەکانی حزب کە لە قاسم موهتەدی- رەحمان موهتەدی- سەید ئاغا موهتەدی پێک هاتبوو باس کراوە، بەڵام سەید ئاغا دژی بوونە ئەندام و بەشداری ناوبراو بە هۆی رازی نەبوونی بە چالاکی کردن لە سەردەمی دیموکراتەکاندا دەوەستێ و سەرەڕای ئەمە بە هۆی پێداگری سوارە مەسەلەی بە ئەندام وەرگرتنی و بڕیار لەم بارەوە بۆ کۆبوونەوەکانی دواتر هەڵدەگیرێ. ئەنجامی ئەم بابەتە دواتر پێتان رادەگەیەنین.

سەرۆکی سازمانی زانیاری و هێمنایەتی مهاباد

سەیادیان

سەرچاوە: چپ درایران بەروایت اسناد ساواک- حزب دموکرات کردستان جلە اول. ص ١٤٠-١٤١.



## بەڵگەنامەی ژمارە(٤٠)

ڕۆژ: ١٩٦٣/٩/٢٧

ژمارە: ٣٣١/٢١٧١٥

زۆر بەپەلە

بۆ/ ناوەندەکانی ساواک لە: ڕەزائیە، مهاباد، سنە، کرمانشا

لە/ ناوەندی ساواک(مەرکەز)

بەپێی ئەو هەواڵانەی کە لە ستادی بەرزی لەشکرییەوە پێمان گەیشتوون، بەو پەیوەندییانەی کە مەلا مستەفای بارزانی دەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستان، گرتوونیەتی؛ (حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران)ی دەگەڵ حزبی هەڵوەشاوەی توودەڕێک کردووەو هەوڵ دەدا تا پرۆژەی ئاڵۆزکاری و تێکدەرانە لەناوچەی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا جێبەجێ بکات، بەم شێوەیە بتوانێت یەکەکانی ئێران لە ناوچە سەرسنوورییەکان بە ناوچە ناوخۆییەکانەوە خەریک بکات و لەو هەلە بەنرخەیەدا بتوانن بێنە ناو خاکی ئێران و خۆیان بگەیەننە ناوچە سنوورییەکانی ئێران و تورکیا و شۆرەوی و لەوێوە سوود لە چەکی ڕووسی و پشتیوانی داواخوازی سەربەخۆی کورد وەربگرن بۆ سەربەخۆیی کوردستان.



داواکارین دەستوور بفەرموون یەکەم جار بە بەشداری هاوکاری هەموو سازمانە لەشکرییەکان لە پارێزگای ناوبراو بۆ سەر ڕاست کردن و دڵنیابوون لێکۆڵینەوەو پێڕاگەیشتن بکەن و دووەم جار چونکە بارودۆخی ناسکی ناوچەیی ئازەربایجانی ڕۆئاوا وا دەخوازێ کە چاودێری زیاتر لەهەر لایەکەوە لەو پارێزگایەدا بکرێ و ئەوپەڕی هاوکاری دەگەڵ یەکە لەشکرییەکانی یەک و هەموو ڕێکخراوە چەکدارییەکانی ئەو ناوچەیە بکەن و زانیاری وەدەست کەوتوو یەکسەر بگۆڕنەوەو ئەنجامی لێکۆڵینەوەو هەوڵدانتان ڕەوانەی مەرکەز بکەن.

**ص-موقەددەم/ ٣٠/٥- ١٩٦٣/٩/٢٧ نائاشکرا**

سەرچاوە: چپ در ایران- بەروایت اسناد ساواک- حزب دموکرات کردستان- جلد اول -ص١٤٨.



## بەڵگەنامەی ژمارە(٤١)

ڕۆژ/٣/١٠/١٩٦٣

ژمارە/٣٨٠١

بۆ/تیمسار سەرۆکایەتی سازمانی زانیاری وهێمنایەتی وڵات

(بەڕێوەبەری گشتی ئیدارەی سێیەم)

بەو شێوەیەی کە مەئموری تایبەتی ناوچەی شاروێران هەواڵی داوە:

١- مەلا ئیبراهیم ڕۆستەمی، پێشنوێژی گوندی(گریاقوب) پەیوەندی پێوەکردووە دیسان سەبارەت بە هۆگری خۆی بۆ سەربەخۆیی کوردستان و بەمەبەستی ڕازی کردنی بەسەر بیروڕای خۆی قسەی دەگەڵ کردوە.



بۆیە پێی گوتووە کە هۆکاری ناسیاری تۆ دەگەڵ دۆست و هاوڕێیانم پێک دێنم. بۆ ئەم مەبەستە بڕیار دەدەن کە دوو بەدوو ڕۆژی ١٩٦٣/٩/٢٩بچنە مهابادو دەگەڵ عومەری قازی کوڕی وەهاب چاوپێکەوتن بکەن، بەڵام چونکە مەلای ناوبراو نەیتوانیوە هەموو کەسانی پێویست و پارەی پێویست کۆبکاتەوە لە چوونی خۆی دەگەڵ ئەو کەسە ڕاسپاردراوە بۆ مهاباد خۆی بواردوەو کەسی ناوبراو بۆ پەیوەندی کردن دەگەڵ عومەری قازی ڕەوانەی مهاباد دەکات.

٢- ئەو کەسە ڕاسپێردراوەی ئێمە ڕۆژی٢٩/٩/١٩٦٣ دەچێتە مهابادو دەگەڵ دۆستێکی کۆنی خۆی بەناوی مەلا قادر لاچینی، کە ئیش و کاری قوتابییەو دانیشتووی گوندی لاچینەو یەکێکە لە ئەندامە چالاکەکانی حزب و لایەنگیری سەربەخۆیی کوردستانە، پەیوەندی گرتووەو سەرەڕای گفتوگۆ سەبارەت بە بارودۆخی کوردە عێراقییەکان قسەیان کردووە. ناوبراو چونکە دووسێ ڕۆژ بەر لە ئێستا لە عێراق گەڕاوەتەوە، لەلایەن کەسی پەیوەندی کردن و نێردراوی ئەحمەد تۆفیق(عەبدوڵڵا ئسحاقی)ەو دەگەڵ کەس وئەندامانی حزبی پارتی ئێران(مەبەستی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە-وەرگێڕ)ەو هەر بەم هۆیەوە سەرەڕای باسکردنی بەچاکەی خۆئامادەکردن و لەشکری کوردەکان و بارودۆخی لۆجستکی ئەوان و گوتوویەتی لەو شەڕگەیەی کە لەشکری عێراق بەرەوپێشەوە هاتبوون و لەناوچەی بارزان نزیک کەوتبوونەوە، مەلا(مەبەستی مەلا مستەفا بارزانییە-وەرگێڕ) دەگەڵ چەند سەد پێشمەرگەیەک گەیشتۆتە شوێنی شەڕەکەو هێزەکانی عێراقیان تارومارکردووە.



دواتر مەلا قادر لاچینی، چونکە هۆگری ئەو کەسەی ئێمەی بۆ بیروباوەڕی خۆی هەست پێکردووەو زیاتر باوەڕی پێکردووە. بۆیە کاتژمێر(١٠)سەر لەبەیانی چوونەتە ماڵی عومەری قازی، کە بەهۆی لەماڵەوەنەبوونی نەیانتوانیوە بیبینن.



ئێوارەی هەر ئەو ڕۆژە کاتی یەکتردیتنەوەی ئەو کەسە ڕاسپێردراوە (جاسوسە-وەرگێڕ)ەی ئێمەو عومەری قازی، کە پێشتریش سوکە ئاشنایەتییەکیان دەگەڵ یەکتردا هەبووە، دوای زانینی ئەو بابەتەو داوای لێبوردن لێکردن، بانگێشتی ئەو کەسەی ئێمەی بۆ کاتژمێری نۆی شەوکردووەو ماوەی کاتژمێرو نیوێک سەبارەت بەسەربەخۆیی کوردستان، بەرێبەرایەتی مەلا مستەفای بارزانی باسی بۆ کردووە. مەلای ناوبراو(ئەو کەسەی ئێمەی) هانداوە بۆ پڕوپاگەندەکردن و هاندانی خەڵک بۆ ئەو مەرامەو، هەروەها بۆ کۆکردنەوەی پارە بۆ هاوکاری کوردە عێراقییەکان.

عومەری قازی بە(جاسوی ئێمەی گوتووە) کە دەبێ تۆ لە خۆتەوە دەست پێبکەی و هاوکاری بکەی.

٣- بەپێی هەواڵی(جاسوسی)ی ئێمە مەلا ئیبراهیم ڕۆستەمی بەرپرسی کۆکردنەوەی پارە بۆ حزبی پارتی و شۆڕشگێڕانە. بەو پێیەی مەلا ئیبراهیم خۆی گوتوویەتی پێشتر مەبلەغی هەزار ڕیالی لە مەستەفا باشوکی کە ئیش وکاری کشتوکاڵەو دانیشتوی گوندی خورخورەیەو مەبلەغی هەزار ڕیالیشی لە عوسمان و عەباس ڕەمەزانی، کە دانیشتوی گوندی(کۆنە)ن وەرگرتووەو هەموو مانگێکیش ئەو پارەیە وەردەگیرێ و بۆ پارتی و مەلا مستەفا دەنێردرێ.

سەرۆکایەتی سازمانی هێمنایەتی و ئاسایشی مهاباد

سەیادیان

سەرچاوە: چپ درایران-بەروایت اسناد ساواک-حزب دموکرات کوردستان ایران-جلد اول-ص١٥٤-١٥٥-١٥٦

# بەڵگەنامەی ژمارە (٤٢)

ڕۆژ/ ٩/١٠/١٩٦٣
ژمارە/ ١١١٢٦

ئەنجامی کۆبوونەوە

بەپێی داوەتنامەی ژمارە (١١١٢٦) کاتژمێر (١٠)ی بەیانی ڕۆژی ٩/١٠/١٩٦٣، کۆمیسۆنێک بە ئامادەبوونی بەڕێزان واژۆکەرانی خوارەوەکە لە دەفتەری بەڕێز جەنابی پارێزگا پێک هات، بەڕێز جەنابی پارێزگا گوتیان بەپێی ئەو هەواڵانەی کە لەلایەن ستادی لە شکری



یەکەمەوەو لە لایەن هەموو بەرپرسە پەیوەندارەکانەوە دەگەن، بڕێک کەلوپەل بەڕێگای قاچاخەوە کەلوپەلی وەکو (گەنم- ئارد- برنج و مادەی نەوتی و قەندو شەکر) بەڕێگای نایاسایی سنوورەکانەوە لە دەوروبەری نەو سوود، شوشمێ...وە ڕەد دەبێت کە ئەمە بەبێ مۆڵەت لە قەڵەم دەدرێ و لەوانەیە ببێتەهۆی پەرەسەندنی هەژاری لەنێوان هاووڵاتیە ئێرانیەکانی سەر سنوورەوە، هەروەها بە هۆی بارودۆخی ئێستای شەڕی نێوان هێزەکانی عێراقی و شۆڕشگێڕان، بە پێچەوانەی پەیوەندی نێوان هەردوو حکومەتی ئێران و عێراقە، بەم شێوەیە دوابەدوای بیروڕا گۆڕینەوە، بڕیار لەسەر ئەوە درا، فەرمان بە هەردوو



فەرمانداری (قایمقامیەتی) و ژاندرمەی پاوەبدرێ، کە بەهیچ شێوەیەک ڕێگە بەدەربازبوونی بڕی زیاتر لە پێویستی دانیشتوانی ناوچە بە شتومەک نەدرێ و گواستنەوەی ئەم جۆرە کەل وپەلانە بەرێژەی پێداویستی دانیشتوانی ناوچەکە بە مۆڵەتی فەرمانداری و لەژێر چاودێری ژاندارمەرییەوەو بە ئاگاداری هێزی سنوور پارێزەوە بێت بە بەڕێز بەرپرسی دارایی ڕابگەیەنرێ کە گواستنەوەی قەندو شەکر بۆ ئەو ناوچەیە سەرەڕای ئەوەی کە بڕی پێداویستی ناوچەکە بێت، لە ناوچە سنوورییەکان کەڵەکە نەکرێت و دەگەڵ بەڕێز سەرۆکی دابەش کردنی سووتەمەنی وتوێژ بکرێ کە هەوڵدانەکانیان بەلەبەرچاوگرتنی، جێبەجێ کردنی ئەم تێبینانەوە بێت.

لە ئەنجامدا بڕیار لەسەر ئەوەدرا سەرەڕای چاودێری بەپەلە نواندن زۆر بەپەلە ڕێگەی دابەشکردنی سووتەمەنی بەهۆی دابین کردنی کۆگای سوتەمەنی و گواستنەوەی بەهۆی تانکەرەوە بەدرێژایی ڕێگای کرمانشا تا نەوسوود( لەشوێنی فرۆشتنی بەتەنەکە) بگۆڕدرێ بۆ فرۆشتنی لە ڕێگای پۆمپەکانەوە.

هەروەها ئاگاداری ئیدارەی دانەوێڵە بکرێتەوە کە دوو کۆمیسیۆنی کڕین؛ یەکێک لە خاڵی شاری پاوەو یەکێک لە مایدەشت بکرێنەوە، تا ڕێگا لە گواستنەوەو فرۆشتنی گەنم و دانەوێڵەی زیادە بگیرێ.

- پارێزگاری کرمانشاهان/ فەزائلی
- نوێنەری لەشکری یەکەم/ سەرهەنگ خەدیوی
- لەلایەن سەرۆکایەتی سازمانی زانیارییەکان/ سەرهەنگ مرادیان- مەنوچەهری
- نوێنەری ژاندەرمەری/ سەرهەنگ باوەڕ
- سەرۆکی گومرگ/ نەسیری
- سەرۆکی دانەوێلە

## بەڵگەنامەی ژمارە (٤٣)

ڕۆژ/ ١٩٦٣/١٠/١٣

ژمارە/ ٣٩٨٦

بۆ تیمسار سەرۆکایەتی سازمانی زانیاری و هێمنایەتی وڵات

(بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئیدارەی سێیەم)

وەهاب سوڵتانیان کە لە پاییزی ساڵی (١٩٦٢)وە بەرەو عێراق رای کرد بوو ماوەیەک بەر لە ئێستا گەڕاوەتەوە ئێران و خۆی بە سازمان (ساواک)ی ئێمە ناساندووە. لێکۆڵینەوەی پێویست دە گەڵ ناوبراو کراوە و بفەرموون دەگەڵ ئەو زانیاریانەی کە وەدەست هاتوون بەم شێوەیەی خوارەوە:



١- ناوبراو ساڵی ١٩٦٢ چۆتە عێراق و دەگەڵ قادر تیگرانی چۆتە گوندی چوارتای دیوی عێراق و دواتر چۆتە لای عەبدوڵڵا ئسحاقی و بۆ ماوەی سێ مانگ دەگەڵ عەبدوڵڵا ئسحاقی و چەند کەسێکی تر بە ناوەکانی (هاشم ئەقەل تەلاب – عەلی مەدەنی- کە هەردووکیان لە هەڵاتووەکانی مهابادن) و ژمارەیەکی تر بووەو بەردەوام سەردانی گوندە لادێکانیان



کردوەو کاتێ گەیشتوونەتە هەر گوندێک سەرەتا دەگەڵ بەرپرسی حزبی ئەو گوندە پەیوەندی دەگرن و دواتر خەڵکی گوندەکە کۆدەکەنەوەو عەبدوڵڵا ئسحاقی وتاریان بۆ دەخوێنێتەوەو هانیان دەدات بچنە بەرەکانی شەڕ و هاوکاری وپشتیوانی مەلا مستەفای بارزانی بکەن. ناوبراو دەیگوت کە هەر یەکێک لە ئێمە کاغەزێکمان پێبوو کە عەبدوڵڵا ئسحاقی واژۆی کردبوو، لە هەر کوێیەک دا نیشانمان بدابوایە ڕێگایان نەدەگرتین،



بەڵام دوای ماوەیەک بە هۆی ئەو گرژی و کێشەیەی کە لە نێوان عەبدوڵڵا ئسحاقی و بەرپرسانی حزبی پارتی عێراق وەکو عومەر دەبابە و ئیبراهیم ئەحمەد، دروست دەبێت، عەبدوڵڵا ئسحاقی ئاگادار دەکەنەوە کە ئیتر مافی ئەوەی نییە کاغەزی هاتن و چوون بدا بە کەس. تا وەکو خۆیشی بەم دواییانە نەیدەتوانی بچێتە گوندو ئاواییەکان.

هەروەها ناوبراو دەڵێت دوای سێ مانگ مانەوەم لە لای عەبدوڵڵا ئسحاقی، چونکە دیتم ناوبراو دوژمنایەتی لە گەڵ برای من قاسم سوڵتانیان دا هەیە، لێی جیا بوومەوەو لە قەڵا دزێ و گوندە مەنگوڕ نشینەکانی عێراق دەستم کرد بە دەرمان فرۆشتن. بەڵام لەوێش بە هۆی خەراپی بارودۆخی ژیان و دەستەنگیم؛ زۆر لە سەختیدا دەژیام بۆیە بە ناچار گەڕامەوە ئێران و سەرەڕای ئەوەی ئەو ماوەیەی لە لای عەبدوڵڵا

ئسحاقی بووە، جگە لە جل و بەرگ و خوردو خۆراک، مانگانە بڕی دوو دینار و نیو پارەشی لە حزبی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق وەرگرتووەو لەو ماوەیەدا لە گوندو لادێکان خەڵکیان هانداوە بۆ چوونە شەڕو هاوکاری و پشتیوانی مەلا مستەفای بارزانی.

٢- ناوبراو لە لێکۆڵینەوەکاندا دەیگووت کە سولەیمان موعینی - محەمەد ئیلخانی زادە، بە ناوی نهێنی کاوە - کوێخا کەریم و محەمەد ئەمین سەعید خەڵکی ئەنجینەی نزیک بانە- هەندێ جاریش سەلاحەدین



موهتەدی، بە ناوی نهێنی مستەفا کە کوڕی حاجی رەحمانی موهتەدییە، بەردەوام بە جل و بەرگی بارزانییەکان دێنە ئێران و سولەیمان موعینی و محەمەد ئیلخانی زادە - عوسمان ناوێک، خاوەنی گوندی خور خورە - سەید عومەر ناوێک، خاوەنی گوندی حاجی کەند - ئەحمەد ناوێک، خاوەنی گوندی زاوە کێو- حاجی بابەکر ئاغا، خاوەنی گوندی زیراندۆل - و سەعد ئێلخانی زادە چاوپێکەوتن دەکەن و تاوەکو سولەیمان موعینی بە وەهابی گوتبوو کە من دەگەڵ محەمەد ئێلخانی زادە دەچینە بۆکان ماڵی قاسم موهتەدی و ئەوانی دیکەشمان لە یەکێک لە گوندەکانی دەوروبەری شاری بۆکان داناوەو نامەی مەلا مستەفا و رۆژنامەی «دیسان بارزانی» مان هێناوە و بۆ قاسم موهتەدی و ناوەکانی سەرەوە دەبەین و لە ناوەرۆکی نامەکاندا ئەو کەلو پەلانەی کە



شۆڕشگێڕە کوردەکان پێویستیان بووەو مەلا مستەفا بۆ قاسم موهتەدی دەنووسێن و بۆ نموونە - پارچەی قوماشی جل و بەرگی پیاوان - پێڵاو - چەقۆ - گۆرەوی- کڵاو - کیفە دەمانچە - رەخت - و...شتی لەو جۆرەن.

(وەهاب، لە لێکۆڵینەوەکاندا دانی بەوە نا کە:- خۆم ئەو رەختانەم کە وشەی تەورێزیان بەسەرەوە بوو بینیوە) هەروەها سولەیمان موعینی بە وەهابی گوتبوو کە ئەو کاتەی




نامەکە دەدەینە قاسم موهتەدی، تا ئەو کاتەی کەل و پەلەکان ئامادە دەکران، لە بۆکان نەدەمانەوەو لە گوندەکانی: قەرەگوێز - سەرداراوا- حاجی کەند- خور خورە و زاوە کێو، خۆمان دەشاردەوەو کاتێک کەلوپەلەکان ئامادە دەبوون، (پێرۆ- باربەر)مان لە زاوەکێو دەبردە بۆکان و شتومەکەکانمان لەقاسم موهتەدی وەر دەگرت؛ تاکو هەندێ جار کە کاتەکە گونجاو بوو سوودمان لە تراکتۆر وەردەگرت بۆ گواستنەوەی کەلو پەلەکان. سەرەوەی تراکتۆرەکانمان بە گیا دادەپۆشی تاکو هیچ کەس گومانی نەچێتە سەرو پێی نەزانێ و دواتر شەوانە کەلو پەلەکانمان دەگواستەوە بۆ دیوی عێراق.

٣- سولێمان موعینی بە وەهابی گوتبوو کە لە یەکێک لە سەفەرەکاندا کە چوینە ئێران ، ژورێکیان لە کێوێک لە دەوروبەری گوندی قەرەگوێز بۆ

ئێمە دروست کرد بوو، دانیشتبووین کە لە ناکاو قاسم موهتەدی خەبەری بۆ هێناین کە ژاندارمەکان بە دواتانەوەن و دەیانەوێ ئێوە بگرن؛ ئێمەش بە پەلە رامان کرد، بەڵام دواتر هەستمان بەوە کرد کە لە کاتی راکردنماندا، نامەیەک کە بە زمانی عەرەبی نووسراوە لە ژوورەکەدا جێمان هێشتووە، کاتێک ژاندرمەکان دەگەنە شوێنی ناوبراو نامەکە هەڵدەگرنەوە، بەڵام قاسم موهتەدی و ئەحمەد ئێلخانی زادە، ئاگاداری مەسەلەکە دەبن و بە پێدانی دە هەزار ریاڵ بە ژاندرمەکان نامەکە وەردەگرنەوە.

٤- وەهاب سولتانیان دەیگووت کە قاسم موهتەدی نوێنەری حزب لە ئێران بووەو پەیوەندی راستەوخۆی لە گەڵ مەلا مستەفا و عەبدوڵڵا ئسحاقی دا هەبووەو تاکو لە نامەکەیدا کە قاسم موهتەدی بۆ مەلا مستەفای ناردووە گوتوویەتی ئەگەر ئێوە مۆڵەتمان بدەنێ، ئێمەش بەرهەڤین تفەنگ هەڵگرین، بەڵام مەلا مستەفا بارزانی لە وەڵامی نامەکەی دا بۆی نووسیوە:



کە ئێستا من رازی نیم لە ئێران ئاڵۆزی و هەرا بکەن.

٥- وەهاب دەیگووت: لە یەکێک لەو سەفەرانەی کە سولەیمان موعینی بۆ ئێران کردوینی بڕی شەش سەد هەزار ریاڵ کەلو پەل و پارەی لەقاسم موهتەدی وەرگرتووە تا بگەیەنێتە مەلا مستەفا بارزانی بەڵام



سولەیمان موعینی بڕی پانزدە هەزار تومان بۆ خۆی هەڵدەگرێ؛ لە بەر ئەوەیە کە دوای ئەوەی عەبدوڵڵا ئسحاقی بەم کارە دەزانێ نێوانی دەگەڵ سولەیمان موعینی تێک دەچێ.

٦- ناوبراو دەیگووت: سەلاحەدین موهتەدی بە منی گوتووە کە باوکم حاجی رەحمان (باوکی سەلاحەدین - وەرگێڕ) لە تاران چالاکی دەکات و بۆ هاوکاری مەلا مستەفا شت و مەک کۆ دەکاتەوە، هەروەها ئەمەشی بە وەهاب گوتبوو کە نزیکەی نۆ مانگ بەر لە ئێستا واتە هاوینی ساڵی ١٩٦٢ عەبدوڵڵا ئسحاقی هاتۆتە تاران و چۆتە ماڵی باوکم، باوکم دەبینێ و باوکیشم دوای چەند مانگێک من دەنێرێتە بۆکان و دواتر سولەیمان موعینی من دەگەڵ خۆی دەباتە عێراق.

٧- ناوبراو دەیگووت: کە دەوڵەمەندان هاوکارییەکانی خۆیان چ پارەو چ کەل و پەل بۆ مەلا مستەفا دەنێرن. رێگای هاوکاری کردنیشیان بەم شێوەیەیە کە دەوڵەمەندان پارە و کەلو پەل دەدەنە قاسم موهتەدی و ناوبراویش کۆیان دەکاتەوەو بە هۆی سولەیمان موعینی دەنێرێتە عێراق و ناوبراو و هاوکارەکانیشی کە ناوەکانیان پێشتر ئاماژە پێکراوە پەیوەندی و تەتەری نێوان عێراق و ئێرانن.

# بەڵگەنامەی ژمارە (٤٤)

ڕۆژ: ١٩٦٣/١١/٣


ژمارە: ٣١٣/٢٥٨٧٦

زۆر نهێنی

بۆ ناوەندەکانی ساواک لە مهاباد- کرمانشا- سنە- ڕەزائیە.

لە ناوەندی ساواک

بە پێی ئەو هەواڵانەی کە پێمان گەیشتوون، پشدەرییەکان کە تا ئێستا بێلایەن بوون، بەم دواییانە بەمەبەستی هاوکاری و پشتیوانی مەلا مستەفا بارزانی خۆیان ئامادە دەکەن و بڕیارە (٥٠٠) چەک هەڵگر بنێرنە بارزان، عەباس مامەند ئاغا (١٠٠) چەک هەڵگری ناردۆتە بارزان و ئێستە لەناوچەی باڵەکایەتی دژی هێزەکانی حکومەت شەڕ دەکەن، دەستوور بفەرموون ئەم بابەتە لێی بکۆڵرێتەوەو ئەنجامەکەیشی پێمان رابگەێنین.



موقەددەم - ١٩٦٣/١١/٤

سەرچاوە: چپ در ایران- بەروایت اسناد ساواک. حزب دموکرات کردستان- جلد اول -ص١٧٢



# بەڵگەنامەی ژمارە (٤٥)

ڕۆژ: ١٩٦٣/١١/١٠

ژمارە: ٢٣٤/٠١٢٢٦

بۆ/ئیدارەی گشتی حەوتەمی ساواک

ئیدارەی گشتی سێیەمی ساواک

لە /ساواکی سنە

بە پێی زانیارییەکانی ساواکی مەریوان و بەڵگەی باوەڕپێکراو لە سنوور پارێزەکانەوە، ڕۆژی ١٩٦٣/١١/٣ بڕی (٢٠) تۆن گەنم بەهۆی عەبدوڵلاخانی دزلێیەوە بەبڕی (١٢٠٠٠٠) ریال کڕدراوەو بۆ شۆڕشگێڕە کوردە عێراقییەکان، بە هۆی ژمارەیەک عێراقی نێردراوە.



سەرچاوە: چپ در ایران- بەروایت اسناد ساواک- حزب دموکرات کردستان- جلد اول -ص١٧٥.

## بەڵگەنامەی ژمارە (٤٦)

ڕۆژ/ ١٩٦٣/١١/١٢


ژمارە/ ٣١٣/٣٨

«نهێنی»

بابەت/ ناردنی خواردەمەنی بۆ شۆڕشگێڕان

سەرچاوە/ حقوقی

بەپێی ئەو هەواڵانەی کە پێمان گەیشتوون، سەرەڕای ئەوەی سنوور پارێزانمان لە سنوورەکانی نەو سوودو پاوەو مەریوان زۆر بەچڕی بەرگری لە ناردنی خواردەمەنی بۆ عێراق دەکەن، بەڵام بەداخەوە بەم دواییانە لە سنوورەکانی سەردەشتەوە لەلایەن خەڵکی مهابادییەوە کە لایەنگیری شۆڕشگێڕە ڕاپەڕیوەکانن، بەپێی پێویست خواردەمەنی و پێویستیەکانیان دابین دەکرێ و ئاگادارتان دەکەینەوەکە کوردە عێراقیە ڕاپەڕیوەکان لە باری خواردەمەنیەوە گیروگرفتیان نییە.



بەڕێزەوە پێتان ڕادەگەیەنین ئەگەر پەسندی بفەرموون وێنەیەک بدرێ بە ئیدارەی گشتی دووەم؛ ساواکی مهاباد.

سەرچاوە: چپ درایران- بەروایت اسناد ساواک-حزب دموکرات کردستان جلداول- ص١٧٧.



## بەڵگەنامەی ژمارە ی(٤٧)

ڕۆژ ١٩٦٤/٤/٦

ژمارە ٤٤١٥٥ /٣١٣

«زۆرنهێنی»

بۆ/ سەرۆکایەتی ساواکی کرمانشا

لە/ ئیدارەی گشتی سێیەم

بەپێی خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی ئەو هەواڵانەی کە بە دەستمان گەیشتوون سەبارەت بە مەسەلەی ڕاوەستانی شەڕ لە نێوان ڕاپەڕیوەکوردەکانی باکوورو حکومەتی عێراق وا بەراورد دەکرێ کە کاردانەوەی ئەم هەواڵە لە نێو زۆربەی خەڵکی کوردی (ئێران) بەوپەڕی گرنگییەوە وەرگیراوەو سەرەڕای ئەوەی سەرکەوتنی کوردە عێراقییەکان بە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ هەموو کوردەکان دەزانن، بەوپەڕی هۆگرییەوە لە چاوەڕوانی ئەنجامە کۆتاییەکانی (گفتوگۆیەکانی نێوان کوردەکان و حکومەتی عێراقین).



سەرەڕای ئەوەی ئەگەر هەندێک ئیمتیاز بدرێ بە کوردەکان و پەسند بکرێ، ئەمە بە دەستکەوتێک بۆ هەموو کورد دەزانن، ئاشکرایە کە سەرکەوتنی کوردە عێراقییەکان، گیانی

راپەڕین و گوێ نەدان بە بڕیارەکانی میری لەلای کوردەکانی ئێران دروست دەکاو بەهێزبوونی ئەوان، ئاواتی ئۆتۆنۆمی لەلایان بە هێز دەکات بەم پێودانگە گەلێک گیروگرفتمان بۆ دێتە پێش سەرەڕای ئەمانە بە لەبەرچاوگرتنی ناسکی سەردەم و گرنگی ئەم بابەتە؛ داواکارین بڕیاری ئەوەبفەرموون بەدانانی ڕێوشوێنی پێویست و زیاتر لە رابردوو ئاگاداری بارودۆخی ناوچەکەبن و سەرەڕای خستنە ژێرچاودێری گومان لێکراوان و هەڵس و کەوتی کەسانی گومان لێکراو و پیاوانی حزبی؛ زیاتر هەوڵ بدەن بە مەبەستی وەرگرتن و زانینی زانیاری بە سوودو گشتی و لەکاتی پێویست دا بەهۆی پێکهێنانی کۆمیتەی زانیاری پارێزگا سەبارەت بە گۆڕینەوەی زانیاری وەدەست کەوتوو و نەهێشتنی ئەم ترس و گومانانەو دانانی پرۆژەی کاریگەرو بەسوودو لەبەرچاوگرتنی بڕیاری شیاوو گونجاوو ئەنجامەکەشی بە پەلە بدرێتەوە بە ناوەند.

بەڕێوەبەری گشتی ئیدارەی سێیەم- موقەددەم

وێنەیەک بۆ:

سەرۆکایەتی ساواکی ڕەزائیە بۆ زانیاری و ڕاگەیاندنی هەوڵدانەکانتان.

سەرۆکایەتی ساواکی کوردستان (سنە) بۆ زانیاری و ڕاگەیاندنی هەوڵدانەکانتان.

سەرۆکایەتی ساواکی مهاباد بۆ زانیاری و ڕاگەیاندنی هەوڵدانەکانتان.

سەرچاوە: چپ در ایران بەروایت اسناد ساواک / حزب دموکرات کردستان جلدد اول- ص ٢٢٦



# بەڵگەنامەی ژمارە(٤٨)

ڕۆژ/٢/٤/١٩٦٤

ژمارە/٢/٥٣٣

«زۆرنهێنی»

لە/د/٢١

سەرچاوەی هەواڵ/ کەماڵ

بابەت/ پروپاگەندەی کوردی لەنێو شاری مهاباد.

١- بەپێی زانیاریمان لەنێو سینەمای شاری مهاباد، بینەران سەرەڕای بوونی کەسانی ساواکی لە نێو هۆڵی سینەمایەکەدا؛ دروشمی توندو وشەی حەماسی (لەوانەیە مەبەستی سروده نەتەوەییەکان؛ وەکو ئەی ڕەقیب و ... بن وەرگێڕ) بە کۆرس گوتوون و لە قوتابخانە دواناوەندییەکان مامۆستاکان بەبۆنەی مەسەلەی پێکهاتنی گفتوگۆ لە نێوان شۆڕشگێڕە کوردەکان و حکومەتی عێراقی پیرۆزبایی لەیەکتری دەکەن، زیاتر بەپێی گەورە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکانی عێراقی بە تەباشیر دەنووسن و لەم بارەیەوە دەنگ و هەرایەکیان ناوەتەوە.



وێنەیەک بۆ:

هێزی پیادە

ساواک

دەفتەری تایبەتی زانیاری

دائیرەی دوو

سەرچاوە: چپ درایران بەروایت اسناد ساواک- حزب دموکرات کردستان جلد اول – ص ٢٢٨



## بەڵگەنامەی ژمارە (٤٩)

رۆژ: ١٩٦٤/٤/٣٠

ژمارە ٢٤٣م ـ الف

«زۆر نهێنی»

بابەت/ حزبی پارتی دیموکراتی کوردستان

سەرچاوەی هەواڵ /ک ٢،٥

بەپێی ئەو هەواڵانەی کە پێمان گەیشتوون کاتژمێر ٣٠ و ١٠ رۆژی ١٩٦٤/٣/١٢ بە پێی بڕیاری پێشووەخت، پیاوی ئێمە (جاسوسی تایبەت) دەگەڵ کەسێک بە ناوی (ئەحمەد موفتی زادە) دانیشتووی تاران کە ئیش و کاری دەفتەر داری ژمارە ٢١٢ بەڵگەنامە رەسمییەکانە چاوپێکەوتنی کردەوە دوای وتووێژێکی کورت کاتژمێر (١٣)ی هەر ئەو رۆژە چوونەتە ماڵی ئەحمەد موفتی زادە. لە ماڵی ناوبراو، حەسەن قازی و عەبدوڵڵا عەزیزیش ئامادەبوون و دواتر وتووێژەکانیان سەبارەت بە چالاکییەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان دەستی پێکردوە. سەرەتا ئەحمەد موفتی زادە گوتوویەتی، بەو جۆرە کە بەڕێزان ئاگادارن حزبی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق ماوەیەکە بڕیاری داوە کە لە



ناوەندی ئێران (مەبەستی پایتەختی ئێران تارانە- وەرگێڕ) کۆمیتەیەک پێک بهێنێ و وای لەلا پەسەندە کە ئەم کۆمیتەیە لە کەسانی رۆشنبیرو کوردانی دانیشتووی پایتەخت پێک بێت، بۆ ئەم مەبەستە لە کۆبوونەوەی رابردوو ئەندامانی کۆمیتەکە لەم ناوانەی خوارەوە پێکهاتووە.

١- ئەحمەدی موفتی زادە (سەرۆکی کۆمیتە)

٢- حەسەن قازی (جێگر)

٣- محەمەد سالّح رەزائی (پشکێنەر)

٤- عەبدوڵلا عەزیزی (راوێژکار)

٥- سوارە (لەوانەیە مەبەستی سوارەی ئێلخانی زادەی شاعیر بێت- وەرگێڕ) (ژمێریار).

دوابەدوای ئەم بابەتە دیسان ئەحمەد موفتی زادە گوتوویەتی چونکە شوێنی کار کردنی محەمەد سالّح رەزائی تاران نییە و کاتێکی کەمتری بۆ چالاکی هەیە و لەلایەکی ترەوە دەستەلاّتی زیاتری هەیە، ناوبراو ببێتە جێگر، ئەم پێشنیارە پەسەند کراوە و محەمەد سالّح رەزائی بە جێگر هەڵبژێردراوە.

ئەحمەد موفتی زادە، درێژەی بە قسەکانی داوەو گووتویەتی: سوارە کە دەو کۆبوونەوەیەدا بەرهەڤ نییە، چۆتە ساوجبلاغی کوردستان تا دەگەڵ کۆمیتەی حزبی ئەوێ پێوەندی گرێ بدا و بەرنامەو پەیڕەوی حزبیش دەگەڵ خۆی بهێنێ.

لە کۆتایشدا دەستەلات و ناوی نهێنی ئەندامانی کۆمیتە بەم شێوەیەی خوارەوە راگەیەنراوە:

١- ئەحمەد موفتی زادە سەرۆکی کۆمیتە (نووسەر)

٢- محەمەد سالّح رەزائی -جێگری کۆمیتە (ئازاد)



٣- سوارە- ژمێریار (زرنگ- زیرەک).

٤- حەسەن قازی - پشکێنەر (بەیان)

٥- عەبدوڵلا عەزیزی - راوێژکار(ئازا)

کۆبوونەوە کە کاتژمێر (١٧)ی هەر ئەو رۆژە کۆتایی پێهاتووە و بڕیار وایە رۆژی پێنج شەممەی (٦٤٩٦٤/٤/٦٤٩)، (جاسوس پیاوەکەی ئێمە) دەگەڵ موفتی زادە پەیوەندی بکاتەوە و تکایە هەر جۆرە هەوڵدوانێکی ناڕاستەوخۆو ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی ئاشکرابوونی کەسەکە (جاسووسەکەمان).

وێنەیەک بۆ/ ئیدارەی گشتی سێیەم

بەشی ٣١٦ هەوڵدانی راستەوخۆ دەبێتە هۆی ئاشکرا بوونی کەسەکە (جاسوسەکە).

سەرچاوە: چپ درایران- بەروایت اسناد ساواک- حزب دموکرات کردستان جلد اول ض٢٢٩- ٢٣٠

## بەڵگەنامەی ژمارە (٥٠)

ڕۆژ/ ١٩٦٤/٩/١٦

ژمارە/ ٢/٩٧٧

«زۆر نهێنی»

لە/ د/ ٢١

بابەت/ پەنابەرانی ئەم دواییەی عێراقی لە سەر دەشت.

١- لە رۆژی ١٩٦٤/٩/٧ جارێکی تر پەنابەرە عێراقییەکان بە ئاگاداری بەرپرسە لەشکرییەکانی دەوڵەتی شاهنشایی، لە نامەیەکدا لە مەلا مستەفاوە داوای چاوپێکەوتنی لە گوندی هێرۆی پشدەرایەتی کردوە. ناوبراو وەڵامی نامەکەیانی داوەتەوە و لە بەدواداچوونی ئەم بابەتە رازی نەبووە.



٢- پەیوەندی تایبەتی پەنابەرە عێراقییەکان دەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی بە رێگای نامەکاری زۆر نهێنییەوە ئەنجام دەدرێ و هیچ کەسێک هیچ زانیارییەک لەو بابەتە پەیدا ناکا.

٣- مەلا مستەفا بارزانی لە نێو کۆمەڵێک دا گوتوویەتی ئەگەر چەند



کەسێکی وەکو سەید عەبدوڵڵای ئسحاقی و مەلا باقی مهابادیم هەبووایە تا ئێستا توانیم بوو سەربەخۆیی کوردستان وەدەست بهێنم. مەلا مستەفا بارزانی لە باری پێناسەوە مەلا باقی بە هاوتای ئیبراهیم ئەحمەد دەزانێ بەڵام ئەوانی تر (مەبەستی بەرپرسانی تری پارتی دیموکراتی کوردستان عێراق- وەرگێڕ) (مەلا باقی) یان قبوڵ نییە. سەید عەبدوڵلا ئسحاقی و مەلا باقی کە لە راکردووە مهابادییەکانن یەکجار زۆر جێی باوەڕو لالێکردنەوەی مەلا مستەفا بارزانین.

٤- رۆژی ١٩٦٤/٩/١٧ (مەلا عەبدوڵلا) ئەندامی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ چەند کەسێکی تردا (٥) پارچە چەکیان لە خەڵکی ناوچەی مەرگەی سەر بە بنگرد وەرگرتوە خەڵکی ناوچە ئەم مەسەلەیەیان گەیاندۆتە مەلا مستەفا بارزانی.

وێنەیەک بۆ:

هێزی پیادە شاهنشایی بۆ زانیاری.

ساواک- ناوەندی تایبەت بەزانیاری-

دائیرەی (٢)

سەرچاوە: چپ درابران بەروایت اسناد ساواک- حزب دموکرات کردستان جلد اول ص ٣٤١

## بەڵگەنامەی ژمارە(٥١)

ڕۆژ/١٩٦٤/١٢/٢٢

ژمارە/١٦١٦٧/٤/هـ


(نهێنی-سری)

بابەت/جموجۆڵی حزبی پارتی دیموکراتی کوردستان

شوێن/ ناوچەی مەرگەوەڕ

سەرچاوەی هەواڵ/ئسفەند

لەرۆژی ١٩٦٤/١١/٢٧ مستەفا ئەحمەدی ناسراو بە مەعروف ئەفەندی، پێشنوێژی گوندی دزێی مەرگەوەڕ، بەمەبەستی چاوپێکەوتن دەگەڵ ئەحمەد تۆفیق چۆتە عێراق و دوای چاوپێکەوتن دەگەڵ ناوبراوداو وەرگرتنی فەرمانە حزبییەکان لە ئەحمەد تۆفیق؛ دەمانچەیەکی ڕەشیشی بەناوبراو داوەو ئەفەندی دوای گەڕانەوەی لە عێراق چۆتە گوندی سیدەکی مەرگەوەڕ و لەوێ ئەحمەد مستەفا بارزانی، دانیشتوی سیدەک(لەوانەیە مەبەستی شارۆچکەی سیدەکانی ئێستای کوردستانی عێراق بێت کە ئەوکات بەرێز ئەحمەد مستەفا کانیە لنجی-بارزانی- بەرپرسی هێزەکانی شۆڕشی ئەیلوول بوو-وەرگێڕ)





نامەی مەلا مستەفا بارزانی بەو داوەو لەو ناوچەیەدا مەلا مستەفا بارزانی بۆ ئەفەندی نووسیووە کە دەبێت لە ڕۆژی ١٩٦٤/١٢/١٦ لێرە ئامادەبێت. ئەفەندیش ڕۆژی ١٩٦٤/١٢/٨ لە ماڵی مەلا ڕەسوڵ لە گوندی دزێی مەرگەوەڕ کۆمیسۆن(کۆبوونەوەیەکی)بە ئامادەبوونی مەئموور(جاسوس) و محەمەد کوڕی حاجی محەمەدەمینی نوێیێ و حاجی مستەفای کوڕی حاجی عەزیزو مەلا ڕەسوڵ برای حاجی مستەفا پێک هێناوەو دوای نیشاندانی دەمانچەکەی کە ئەحمەد تۆفیق پێشکەشی کردوەو لەسەری نووسراوە شارەوانی(١٣١٧)گوتویەتی کە من لەلایەن ئەحمەد تۆفیقەوە کراوم بە سەرۆکی ڕێکخستنەکانی مەرگەوەڕو ئێستاش بەبڕیاری مەلامستەفا بارزانی دەبێت بۆ وەرگرتنی فەرمانی کارکردن بچم. لە کۆتاییدا لەسەر ئەوە ڕازی بوون کە ئەفەندی ومحەمەد حاجی محەمەدەمین و حاجی مستەفا حاجی عەزیزو مەلا مەجید نەزهەت زادە(کە بۆ سەرپەرستی و بەرپرسیاریەتی ڕێکخستنەکانی ڕەزائیەو شاپوورو خۆی هەڵبژێردراوە)و لەو کۆبوونەوەیەدا نەبووە، لە ڕێگای شنۆوە بەرەو عێراق بڕۆن. دوای ڕۆیشتنی ئەوانە مەلا ڕەسوڵ ژمارەیەک کارتی هاوکاری و بەیاننامەی حزبی، کە ئەفەندی دەگەڵ خۆی لە عێراقەوە هێناونیەتی داویەتی بە(جاسوسە)کەمان و ئەویش وێنەی گرتوون و دەگەڵ چەند دانەیەک بەیاننامەی حزبی و وەرگێڕدراوەکانیشیان دەگەڵ ئەم ڕاپۆرتە دەنێرینە خزمەتتان.

١- پەروەندەی چالاکی بەجیا بۆ ئەم ڕێکخستنە بەشێوەیەکی کاتی پێک بهێنرێ.

٢- ڕوونووسی بەیاننامەکەو بەرگری بەنرخی هەواڵەکە بخرێتە سەر پەروەندەکە.

٣- ڕابردووی ئەو کەسانە زۆربەوردی بخرێتەبەر لێ وردبوونەوەوە.

وێنەیەک بۆ: بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئیدارەی سێیەم.

(٣١٦) بۆ ئاگاداری.

سەرچاوە: چپ درایران-بەروایت اسناد ساواک-حزب دموکرات کوردستان ایران-جلد اول-ص٢٤٥-٢٤٦.



## بەڵگەنامەی ژمارە(٥٢)

ڕۆژ/١٩٦٤/١٢/٢٣

ژمارە/ ٣٢٦/٤٠٧٥

(زۆرنهێنی)

بابەت/کوردەکان

شوێن/تاران

سەرچاوی هەواڵ/فروغی



بەو شێوەیەی کە لە(لازار) یەکێک لە راوێژکارەکانی پێشووی باڵوێزخانەی فەرانسە لە تاران، کە ئێستا دەگەڵ ناوەندە فەرهەنگییەکانی جولەکەکانی ئێران ئالیانس هاوکاری هەیەو، هەروەها دەگەڵ کۆڕو کەسایەتییە فەرەنسەوییەکانی تاران پێوەندی دۆستانەی هەیە، هەواڵی ئەوەیان پێ گەیشتووە کە چالاکییەکانی نوێنەرانی کوردەکان لەوڵاتی فەرانسە کە لە راستیدا سەر بە مەلا مستەفا بارزانی و کەسانی سەر بە ئەون، سنووری خەباتیان تەنیا لە پێناوی ناوچە کوردنشینەکانی عێراق دانییەو، بەڵکو چالاکییە سیاسی و رۆشنبیرییەکانیان بەگشتی سەبارەت بەناوچەیەکە لە باکوورەوە دەگاتە

کـێـــوەکـــانی ئارارات و بەرەو باشـــوور تا دەگـــاتە زنجـیـــرەچیـــای حەمرین(زاگرۆسی کۆن) و پانایییەکەی لە ڕۆژهەڵات لەو چیایەوەیە کە هەردوو گۆڵەکەی ورمێ و وان لەیەکتر جیادەکاتەوەو تاکو شاری حص کهفی(لەوانەیە مەبەستی حەسەنکێف بێت، وەرگێڕ) کە شارێکە لە لێوارەکانی رووباری دیجلە(واتە سەرچاوەکانی جوگرافیایی فەرانسەوی ناوچەیەک کە سنوورەکانی لەو هێڵەوە کە لە لوتکەی ئاراراتەوە دەست پێدەکات و لە دیادین و توپراق قەلاو سعردو جەزیرە تێدەپەڕێ و لێوارەکانی ڕۆژهەڵاتی رووباری دیجلە تا ئەو خاڵەی کە ئەم رووبارە ڕێڕەوێک لە چیای حەمرین دەکاتەوە دەبڕێتەوەو ئەم هێڵە لە ئەم زنجیرە چیایە دەبڕێت و دەگاتە تانع، کە تا سەرچاوەی رووباری شێخ حەسەن درێژ دەبێتەوە.



لەوێوە بەرەو باکووری ڕۆژئاوادەبێتەوەو لە ڕۆژهەڵاتی سەحنەوە دەگاتە کانیاوەکانی قزل ئۆزۆن و لەوێوە دەگاتە سەرچاوەکانی تەختی سولەیمان و رووباری سارخ زنجیرە چیایەکانی فازڵ لە نێوان گۆڵەکانی وان و رەزائیە دەبڕێ و رەزائیە و سەلماس و خۆی لە ڕۆژهەڵات بەجێ دەهێڵێ و بەقتورو زیرەدا تێدەپەڕێ و لەکەنارەکانی ڕۆژئاوای رووباری ئاراسەوە دووبارە دەگاتەوە کێوی ئاراس و هەموو چالاکییە ڕۆشنبیری و سیاسییەکانی نوێنەرانی مەلا مستەفا بارزانی لەوڵاتی فەرانسە بەناوی کوردستانی گەورە دەکرێن و لە ئەنجامدا ناوچە کوردەوارییەکانی سووریەو تورکیەو ئێران و عێراق هەموویان لە



ئامانجەکانی داهاتوویانن.

لازاری ناوبراو درێژەی دایێ و گوتی کە بەبڕوای رایەدارانی فەرانسەیی لەتاران رایەدارانی حکومەتی ئێران بەو بڕوایەی کە ئامانجی کوردەکان تەنیا پەیوەستە بە کوردستانی عێراق و ئێران نەتەنیا دەگەڵ حکومەتی عێراق لە دژی ئەوان هاوکاری ناکات، بەڵکو تاڕادەیەکی زۆریش بەچەندین جۆر هاندەری کوردەکانیشە لە دژی دەوڵەتی ناوەندی عێراق.

ئەمە هەڵەیەکە ئەنجامەکەی دواتر یەخەی ئێرانیش دەگرێتەوە.

زۆربەپەلە/وێنەیەک بۆ ئیدارەکانی گشتی هەشتەم و دووەم بۆ زانیاری و ئەوەی پێویستە.

سەرچاوە: چپ درایران-بەروایت اسناد ساواک-حزب دموکرات کوردستان ایران-جلد اول-ص٢٤٧-٢٤٨.

## بەڵگەنامەی ژمارە (٥٣)


ڕۆژ /١٩٦٥/١٠/٢١
ژمارە/٢/٧٠٦

« زۆر نهێنی»

لە: د/٢١

بابەت/ کەسانی حزبی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەی مهاباد

کەسانی سەر بە حزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری مهاباد، بەردەوام پەیوەندییان بە مەلا مستەفای بارزانییەوە هەبووەو پەیوەندی سیاسییان هەیە. پیاوانی مەلا مستەفا بارزانی دێنە شاری مهاباد و بڕیارو ڕاسپاردەی پێویستی حزبی بە بەرپرسانی حزبی دەدەن.



یەکێک لە بەرپرسانی حزبی لە مهاباد مامی بەڕێز سەید نەجمەدینە کە مەلا مستەفا بارزانی پێوەندییەکی زۆر پتەوی دەگەڵیدا هەیە.

سەید نەجمەدین گوتوویەتی چەند ساڵێک مامی لە تاران لە زینداندا بووەو دوای ئازاد بوونی دووبارە چالاکی حزبی دەست پێکردۆتەوە هەروەها وەک دەگوترێ ڕێبەری حزب یەکێک لە هەرە نزیکەکانی ئەحمەد تۆفیق (عەبدوڵڵا ئسحاقی)



مهابادییە کە بە پێی بڕیارو ڕاسپاردەکانی وی کاروباری حزب لە مهاباد بەڕێوە دەچێت.

وێنەیەک بۆ/ ساواک - دائیرەی دوو - دەفتەری تایبەتی زانیاری- تایبەتە بە بەشی ٣١٤.

سەرچاوە: چپ درایران - بەروایت اسناد ساواک - حزب دموکرات کردستان . جلد اول - ص ٢٩٥.

# بەڵگەنامەی ژمارە (٥٤)

ڕۆژ/ ١٩ /١١/ ١٩٦٥


ژمارە / ٤/١١٣٦٠هـ

«نەپەنی»

بابەت/ چوونی باپیری بۆ عێراق

لە/ ناسری

محەمەد باپیری لە ڕۆژی (١٩٦٥/١١/١٥) بە ڕێگای خانێیەوە چۆتە عێراق و دوای گەیشتنی بە (گوندی) دەربەند چاوی کەوتووە بە سدیق ئەنجیری ئازەرو یونس و پرسیاری شوێنی حەسەن رستگاری لە ناوبراوان کردووە.



سدیق گوتوویەتی چونکە مەلا مستەفا بڕیاری داوە هەموو راکردووە ئێرانییەکان و هەروەها حزبییەکان دەبێت لە گوندی سۆنێ جێوار بن لەم رووەوە بۆیە چەند رۆژێک بەر لە ئێستا حەسەن رستگار و رەسول پێشنمازی و مراد حاسل بەرەو سۆنی وەرێ کەوتوون. باپیری هۆی ئەم کارەی لە سدیق ئەنجیری پرسیار کردو لە وەڵامدا سدیق گوتی: چوار رۆژ بەر لە ئەمرۆ جەلال تاڵەبانی و عومەر دەبابە ئەمریان بە پیاوانی حزبی پارتی کرد



بوو دەبێت بە هەر چۆنێک بێت ئەحمەد تۆفیق (عەبدوڵڵا ئسحاقی) بکوژن. پیاوانی حزبی پارتی گوتیان ئەگەر بڕیار بێت ئەحمەد تۆفیق لە عێراق بمێنێتەوە ئێمە ناتوانین کارێک بکەین.

بەڵام ناوبراو گوتوویەتی کە مەلا مستەفا بارزانی گوتوویەتی هیچ کەس ناتوانێ و مافی ئەوەی نییە ئازار بە ئەحمەد تۆفیق (عەبدوڵڵا ئسحاقی) بگەیەنێ؛ چونکە ئەو پیاوە بۆ ماوەی (٢٢) ساڵ بۆ کورد زەحمەتی کێشاوە. بۆیە بۆ ڕێگرتن لە خوێن رشتن مەلا مستەفا بڕیاری دا هەموو کوردە ئێرانییەکان لە سۆنی کۆ ببنەوە.

بیروڕا – چونکە حەسەن رستگار چۆتە سۆنی بۆیە لە چەند قۆناغێک دا بەم زوانە جێبەجێ نابێت.

بیروڕای ڕێبەری چالاکی– جۆری جموجۆڵ و وردەکارییەکانی کەسانی ناوبراو پێشتر بۆ ئەم ئیدارەیە رەوانە کراوە – مەلا مستەفا بارزانی نایەوێ هیچ زیانێک بە کوردە ئێرانییەکان بە تایبەت بە ئەحمەد تۆفیق بگا.

وێنەیەک بۆ:

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئیدارەی سێیەم

٣١٤ بۆ ئاگاداری

سەرچاوە: چپ درایران – بەروایت اسناد ساواک – حزب دموکرات کردستان. جلد اول -ص ٣٠٩

## بەڵگەنامەی ژمارە (٥٥)

رۆژ/ ١٩٦٦/٢/١٩

ژمارە/ ٢٦١/٣٦٥٣٢


«نەپەنی»

لە/ ئەڵمانیای رۆژئاواوە

سەرچاوەی هەواڵ/ ١/١١و ٣

بابەت/ پرۆژەی زانیاری(جاسوسی)کوردەکان

ئەلف: چالاکییەکانی رۆژانەی ئەنجوومەن لە پەیوەندی کوردەکان لە شارە جۆراو جۆرەکان و گۆڕینەوەی دوایین ئەو هەواڵانەی کە لە شۆڕشەوە بیستوویانە پێک دێت.



جگە لە کۆنگرەی ساڵانەی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی ڕێکخراوەکە، هەر ساڵێ جارێک واتە دوای جەژنی نەورۆز کۆبوونەوەیەک پێک دێنن، لە هەریەکێک لە وڵاتە ئەوروپاییەکان لقەکانی ڕێکخراوەکە ساڵێ جارێک کۆنگرە دەبەستن و لقە بچووکترەکانی ئەم ڕێکخراوەیش بەگشتی مانگی جارێک یاخود هەردوو مانگ جارێک کۆ دەبنەوە سەبارەت بە چالاکییە نەپەنییەکانی کوردەکان لە ئەوروپا تا ئێستا هەر



شتێک رووی دابێ پێمان راگەیاندوون.

سەبارەت بە پێوەندییەکانی ئەم ڕێکخراوەیە لەگەڵ کوردەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەت مەلا مستەفای بارزانی، ئەم ڕێکخراوە تا ئێستا سەد لەسەد لە کۆنترۆڵی پارتییەکان(پارتی دیموکراتی کوردستان)دابووەو هێشتا بەرپرس و بەڕێوەبەرەکانی پارتییەکان و کۆمۆنیستەکانن. بەڵام بەم دواییە وردە وردە لەنێو ئەندامانی ئەم ڕێکخراوەیە لایەنگرانی مستەفا بارزانی ژمارەیان زیاتر دەبێت و بەرپرسانی ئەم ڕێکخراوە تووشی بارودۆخێکی سەیرو سەمەرە بوون، ئەو گەشتیارانەی کە لە عێراقەوە دەگەڕێنەوە، دەڵێن بەردەوام رادیۆیەکانی دەرەوە باس لە بەردەوام بوون و سەرکەوتنەکانی شۆڕش لە دژی عارەبەکان دەکەن و هێشتا زۆر بە چاکە باسی مەلا مستەفا ناکەن و هێشتا راستەوخۆ پێوەندییان بە بارزانییەوە نییە.



ئەم ڕێکخراوەیە پەیوەندییەکی چاکی لەگەڵ وڵاتانی رۆژهەڵات دا هەیە، سەرەڕای ئەوەی کە ژمارەیەک لە بەرپرسانی ئەم ڕێکخراوەیە هێشتا بەڵگەی هاتوچۆی تەواویان نییە، بەڵام وڵاتەکانی رۆژهەڵات(مەبەستی رۆژهەڵاتی ئەوروپایە) مۆڵەتی هاتن و تێپەڕینیان بە وڵاتەکانی خۆیان پێدەدەن.

هیچ پێوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوادا نییە، بەتایبەت ئەڵمانیا تەنیا وەکو هاووڵاتی ئەو وڵاتانەی کە لێیەوە هاتوون چاویان لێدەکات.

چاوەڕوانی ئەوەش ناکرێت کە پەیوەندییان لەگەڵ ئیسرائیل دا هەبێت چونکە کاتی گرێدانی کۆنگرەکەیان هەوڵیاندا هاوکاری لە کۆمەڵەی جولەکەکانی بەرلین وەربگرن، بەڵام ئەوان هیچ هاوکارییەکیان نەکردن، چونکە بەم دواییانە دەنگۆی ئەوە هەیە کە ناسر بە ناردنی سەرباز بۆ عێراق لە شەڕی دژی کوردەکان بەشداری کردووە بۆیە ئێستا کوردەکان دژی ناسرن. بە شێوەیەکی گشتی چاوەڕوانی ئەوە ناکرێ پێوەندییان لەگەڵ هیچ دەوڵەتێکی عەرەبیدا هەبێت. چونکە کوردە ناسیۆنالیستەکان لە دژی عارەبن.



ئەگەر لە عێراقەوە هیچ هاوکارییەک بەو ڕێکخراوە نەگات،ئەوان پێویستە مادییەکانی خۆیان بەهۆی وەرگرتنی ئابوونەی ئەندامانەوە دابین دەکەن. ساڵانە هەر ئەندامێک ناچارە بڕی(٣٧) مارک مافی ئەندامیەتی خۆی بدات و ئەم ڕێکخراوە(٥٠٠) ئەندامی هەیە کەواتە ساڵانە نزیکەی(١٦) هەزار مارک ئەندامیەتی کۆ دەکاتەوە.

هەروەها جگە لەمانە بەردەوام بەبەهانەی جۆرانە پوڵ و پارە لە ئەندامان کۆ دەکرێتەوە.

ئەندامانی سەرەکی ئەم ڕێکخراوەیە لە وڵاتە جۆر بەجۆرەکانی ئەورووپا بەم شێوەیە پێک دێت:

١ـ لە وڵاتی شۆرەوی نزیکەی(١٢٠)کەس.



٢ـ لە وڵاتی چیکۆسلۆڤاکیا نزیکەی(٨٠) کەس.

٣ـ لە وڵاتی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا نزیکەی(٧٥) کەس.

٤ـ لە بەرلینی ڕۆژئاوا نزیکەی(٣٠) کەس.

٥ـ لە وڵاتی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات نزیکەی(٤٠) کەس.

٦ـ لە وڵاتی پۆڵۆنیا نزیکەی(٢٠) کەس.

٧ـ لە وڵاتی مەجەرستان نزیکەی(١٠)کەس.

٨ـ لە وڵاتی بولغاریا نزیکەی(٣٠) کەس.

٩ـ لە وڵاتی یوگسلاڤیا نزیکەی(٥) کەس.

١٠ـ لە وڵاتی فەرانسە نزیکەی(١٣) کەس.

١١ـ لە وڵاتی نەمسا نزیکەی(١٤) کەس.

١٢ـ لە وڵاتی ئینگلیز نزیکەی(٦٠) کەس.

١٣ـ لە وڵاتی سوید نزیکەی(٣) کەس.

بەسەریەکەوە ئەم ڕێکخراوەیە نزیکەی(٥٠٠) ئەندامی هەیە.

**چالاکییە کۆمۆنیستییەکان**

لەنێو کەسانی ئەم ڕێکخراوەیەدا بەتایبەت لە وڵاتی(شۆرەوی ـ ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات ـ مەجەرستان) ژمارەیەکی زۆر کۆمۆنیست هەن و پۆلەکانی ئەم ڕێکخراوەیە لەم وڵاتانە لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە بەڕێوە دەچێ و لەنێو لیژنەی بەڕێوەبەرایەتییەکەشی دا سێ کەس کۆمۆنیست هەیە.

**پەیوەندی ئەم ڕێکخراوەیە لەگەڵ ڕێکخراو گەلی تردا**

بە شێوەیەکی گشتی تا ئێستا هەموو چالاکییە کوردییەکان لە ئەورووپادا لەژێر پۆششی پارت، واتە ڕێکخراوی خوێندکارانی کورد(مەبەستی یەکێتی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپایە ـ وەرگێڕ)بووە بەڵام بەهۆی دروست بوونی کێشەوە لە عێراق، ئێستا گۆڕانکاری نوێ ڕوو دەدات و لەوانەیە

ئەم ڕێکخراوەیە بکەوێتە ژێر کارتێکردنی کۆمیتەی بەرگری لە مافەکانی کوردەوە.

ب ـ ئەنجوومەنی نێو نەتەوەیی کوردستان لە ئامێستەردام جمو جۆڵێکی ئەوتۆی نییەو تەنیا لەو کتێبانەی کە لەبەردەستیانن سوود وەردەگرن.

ج ـ کۆمیتەی بەرگری لە مافی کورد ـ ئامانجی ئەم کۆمیتەیە چالاکی بۆکێشەی کورد(لە بەرژەوەندی دۆزی کورد ـ وەرگێڕ) لە دەرەوەی کەش و هەوای زانکۆییە.

ئەم کۆمیتەیە بە شێوەیەکی جیا هیچ ئەندامێکی نییەو بۆ چالاکییەکانی خۆی سوود لە ئەندامانی ئەنجوومەنی دانشجو(قوتابیانی زانکۆ)ی کورد(یەکێتی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ـ وەرگێڕ) وەردەگرێ. ڕێبەرانی ئەم ڕێکخراوەیە بریتین لە: عیسمەت شەریف وانلی ـ سەعدی ئەمین دزەیی ـ دکتۆر وریا ڕواندزی.

لەم کۆمیتەیەدا مەلا مستەفا بارزانی دەستەڵاتی زۆرترە لە ڕێکخراوی قوتابیانی کورد، عیسمەت شەریف وانلی کە ئێستا نوێنەری تایبەتی مەلا مستەفا بارزانییەو بەردەوام خەریکی هاتن و چوونە لە نێوان عێراق و ئەوروپادا. مەلا مستەفا بارزانی بڕێکی زۆر پارەی هاوکاری دەداتێ و بەم دواییانە لە عێراق گەڕاوەتەوەو هاتبووە بەرلینیش. هەروەها وریا ڕواندوزیش لایەنگیری بارزانییە، تەنیا سەعید ئەمین دزەییەکە هێشتا لایەنگیری پارتییەکانە. سەبارەت بە دەلەگاسیۆنی کوردی لە پاریس زانیارییەکی ئەوتۆمان لەبەر دەست نییە. چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوەیە تایبەتە بە چالاکییەکانی دکتۆر کامەران بەدرخان. کە ئەویش پەیوەستە بە ژمارەیەک ڕۆژنامەنووسەوە. ماوە ماوە سوود لە پەیوەندی خۆی وەردەگرێ و ژمارەیەک وتار لە بەرژەوەندی کوردەکان چاپ دەکات. ناوبراو لە ساڵی ڕابردوو چالاکییەکی ئەوتۆی نەبووە لە ڕابردوودا پێوەندی دکتۆر کامەران بەدرخان لەگەڵ ڕێکخراوی قوتابیانی کورد زۆر پتەو بوو بەڵام دوا بەدوای



دروست بوونی ناکۆکی لە نێوانیان و لایەنگیری وی لە مەلا مستەفای بارزانی؛ ئیتر پێوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەکە ئەوتۆ نییە بەڵام بەردەوام هاوکاری پتەو و نێزیکی لەگەڵ عیسمەت شەریف وانلی دا ماوە.

**تێبینی:**

سەبارەت بە کوردەکانی دانیشتووی ئەوروپا لە ڕاپۆرتەکانی پێشتر زانیاری دراوە. جگە لەم ڕێکخراوانە، چوار ڕێکخراوی دیکەش هەن کە لە ئەوروپادا جمو جۆڵ وچالاکییان هەیە:

١ـ پارتی دیموکراتی کوردستان، کە لەو بارەوە گەلێک ڕاپۆرتمان داوە

٢ـ حزبی کاژیک و ڕێکخراوی قوتابیانی سەر بەو حزبە.

٣ـ ئەو چالاکییانەی کە عەبدولڕەحمان قاسملۆ بەهاوکاری حزبی توودەو بەشداری عەلی گەلاوێژ و محەمەد حەسەن قزلجی و کەریم حسامی و محەمەد موهتەدی، لە پراگ دەیکەن. ناوبراو لە مونیخ لەگەڵ حەسەن شەتەویدا هاوکاری هەیەو بەم دواییانە ڕۆژنامەی کوردستانیان چاپ کردووە.

٤ـ خوێندکارانی کوردستانی تورکیا لەنێو ڕێکخراوی قوتابیانی کورد(یەکێتی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ـ وەرگێڕ) ڕێکخراوێکیان دروست کردووە کە ژمارەی ئەندامەکانیان نزیکەی(١٠) کەس دەبن و بەڕێوەبەرانیان بریتین لە: حەمەدی تورانلی ـ ئەحمەد تورانلی ـ ئەندازیار عوسمان کە دانیشتووی (کار لسروهە) یە.

وێنەیەک بۆ:

ئیدارەی گشتی حەوتەم

ئیدارەی گشتی سێیەم

سەرچاوە: چپ در ایران بەروایت اسناد ساواک. حزب دموکرات کوردستان ـ جلد اول ص ٣٢٢ـ ٣٢٥

## بەڵگەنامەی ژمارە(٥٦)

رۆژ/ ١/ ١١/ ١٩٦٦
ژمارە/ ٨٦٩٨/ ١٢هـ

«زۆر نەپەنی»

بۆ/ ٣١٤
لە/ ١٢هـ

ئەم ناوانەی خوارەوە زۆر بە چڕی لە بەرژەوەندی حزبی پارتی دیموکراتی کوردستان چالاکی دەنوێنن.



ئەلف: محەمەدی قازی، کوڕە مامی قازی محەمەد، کە کارمەندی کارگەی سوتەمەنی بووە و ئێستە لە تاران شەقامی کۆشک- کارگەی (کامساک)دا کار دەکات و زۆربەی ئەو کەسانەی لە عێراقەوە دێن و ئەوانەی لەلایەن بەرپرسانی پارتییەوە راسپێردراون و دێن سەردانی ناوبراو دەکەن.

ب: سولەیمان یونسی (ملازمی یەکەمی پێشووی لەشکر) (پێدەچێت مەبەستی ئیبراهیم یونس بێت- وەرگێڕ) خەڵکی بانە کە ساڵی (١٩٤٧) بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو بوو و دوای



دوو ساڵ لە زیندان مانەوە بڕیاری بەخشینی بۆ دەرچوو ئەم کەسە ئێستا لە تاران و هەر لەو کارگەیەدا خەریکی کار کردنە و دەگەڵ محەمەدی قازی چالاکی هاوبەشیان هەیە.

٢- جاسوسە عێراقییەکان بە درێژایی هێڵی سنوور خەریکی هاتن و چوونن و تاکو تارانیش دەچن، یاخود بە زۆری ئەوان خۆیان بە پیاوو ئەندامانی شۆڕش بە خەڵکی دەناسێنن.

٣- مەلا مستەفای بارزانی سەبارەت بە چالاکی حزبی دیموکراتی کوردستان و چالاکییەکانی دیکە لە ناو ئێران نارەحەت نییە و پێی خۆشەو وا هەست دەکات کە هەرچی لە نێو ئێراندا خراپکاری و ئاڵۆزی بکرێ زیاتر لەلایەن کوردەکانی ئێرانەوە هاوکاری شۆڕشی کوردەکان لە عێراق دەکرێ.



٤- بەم دواییانە لە ناوچەی بۆکان- گەورک- مهاباد و سەردەشت پێناسەی نوێی حزبی دیموکراتی کوردستان دابەش کراون و مەلا مستەفا ناتوانێ بەرگەی ناردنی کارت و بڵاوکراوەی حزبی بۆ ئێران و تورکیە و سوریا بگرێ لە بەر ئەوەی مەکتەبی راپەڕاندن دەستووری ئەم ناردنەی داوە و گوایە جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی حزب و مەکتەبی ناوبراو لە سەر مەلا مستەفاش پێویستە.

٥- بە بڕیاری حزبی دیموکراتی کوردستان، هەموو دانیشتووانی کوردستانی

ئێـران دەبێت تا کـۆتایی سـاڵی داهاتوو کـارتی ئەندامـیـیـەتی حـزبی دیموکراتی کـوردستـانیـان وەرگرتبێ و تاکو لەناوچەی کرمـانشـانیش ئەم بابەتە دەستی پێکردووە.

٦- وێنەیەک لە لقە سەرەکییەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان کە لە تاران چالاکی دەکەن و خەڵکی مهابادن بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

ئەلف: مونیژە کچی قازی محەممەد قوتابی کۆلێژی ئاداب.

ب: عەزیز نانەوا زادە- کارمەند.

پ: رەحمان شەریف زادە قوتابی زانکۆ( لە پیاوانی سەید عەزیز گەیلانی زادە)

ت: عەبدولڕەحمان جوانبەخش- کارمەندی بانکی خانووبەرە.

(برای دڵشاد مهابادی ناسراو)ە

ث: ئیـبـراهیم فـروهەر- کـارمـەندی زانکۆی تاران کـە بـاوکی بەتاوانی تاکـۆتایی تەمـەن زیندانی کـراوەو یەکـێک لە حـزبیـە چالاک و ناسراوەکانە

ج: فـەتاح لاوی- مـامـۆسـتـای فـەرهەنگ و قـوتابی زانکۆ هەروەها ئەو مامۆستایانەی کە ساڵی رابردوو لە مهابادەوە گواستراونەتەوە تاران و زۆربەیان لە کەرەج و شمیران و شاری رەی دەبن.

تێبینی ساواک/ فەتاح لاوی و یوسف تەوحیدی و رەحمان شەریف زادە لە ئیدارەی گشتی خاوەن رابردوون و مەبەست لەو مامۆستایانەی کە بۆ کەرەج گوێزراونەتەوە گوایە سەیف الله تاهیرییە.

بابەتی راپۆرت ١٢/٨٥٥١هـ- ١٣/١٠/١٩٦٦

تاهید زادەگان بخرێتە سەر پەروەندەی پەیوەست بە خۆی

سەرچاوە: چپ درایران بەروایت اسناد ساواک. حزب دموکرات کردستان- جلد اول. ص ٣٧٦-٣٧٧



## بەڵگەنامەی ژمارە (٥٧)

رۆژ ١٦/٥/١٩٦٢

ژمارە ٣٦٩٤ / ٣٢١

«زۆرنەپەنی»

بابەت/ سوودوەرگرتن لە زانیاری کەسانی سەر بە حزبی کۆمەڵەی (ژ-ک)

سەرچاوەی هەواڵ/ وەزارەتی ناوخۆ

بابەتێکی گـرنگ کـە دەبێ زۆر بە وردی لێی بکۆڵرێتـەوە (سـاواک)ی مهاباد چەند کەسێکی لەوانەی، کە لە رۆژگاری قازی محەممەد و سەردەمی بوونی بارزانییەکان لە دژی حکومەت تێدەکۆشان؛ بە مەبەستی وەدەست هێنانی زانیاری و بۆ جاسووسی کردن ناردوونەتە عێراق.



ئەم کـەسـانە بە هیچ شـێـوەیەک جێگەی بـاوەڕ پێـکردن نـین و لەوانەیە زانیاری گرنگیش لە ئێرانەوە بۆ مەلا مستەفا بارزانی بەرن و هەواڵێکی پڕ کەموکوڕی و بێ ئەنجام لەگەڵ خۆیان بۆ ساواک بهێننەوەو لەم بارەیەوە دەبێت زۆر بە وردییەوە هەڵسوکەوت بکرێ و ئەوکـەسـانە رەوانەی ئەو دیووی سنوور بکرێن، کـە بە تەواوەتی جێگەی

باوەڕی ساواک بن و ئێرانیان خۆش بوێت.

سەرۆکایەتی سازمانی زانیاری و هێمنایەتی مهاباد بۆ ئاگاداری و لێکۆڵینەوەو راگەیاندنی ئەنجام و بیروڕای خۆتان.

سەرچاوە: چپ در ایران بەروایت اسناد ساواک – حزب دموکرات کردستان جلد اول – ص٧٢



## بەڵگەنامەی ژمارە (٥٨)

ڕۆژ/

ژمارە/ تایبەت

بابەت/ چالاکی حزبی کۆمەڵەی جاران (ژ- ک) بە ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان

شوێن/ کوردستان

سەرچاوەی هەواڵ/ کەس (جاسوس)ی تایبەتی

بەم دواییانە لە کوردستان بڕیاردراوە کە ئەو شانزە هەزار پێناسەیەی ئەندامیەتی کە لە سەردەمی قازی محەمەدەوە ساڵی (١٩٤٥) بە ناوی حزبی کۆمەڵە (ژ.ک)ەوە چاپ کراوەو ماوەتەوە لەنێو ئەندامانی شارەکانی (کرمانشا- سنە- پاوە- سەقز بانە- بۆکان- مهاباد- رەزائیە- ماکۆ- شاپوور (سەڵماس) دابەش بکرێ و لەمەو لا وەک کارت (پێناسە)ی ئەندامەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ژمار دێ.



لەم بڕیارەدا ئەوەش زیادکراوە کە کەسانی سەربەحزبی کۆمەڵەی (ژ.-ک) ی جاران لە کوردستان لە ریزی پێشەوەتر بە ژمار بێن و ئەو کەسانەی کاری گرنگیان بە دەستەوە بووەو بە هۆی ئەندامەتیان لەو حزبەدا

تووشی ئازارو ئەشکەنجەبوون زیاتر لە خەڵکی تر لایان لێ بکرێتەوەو ئەم بابەتە زیاتر بەهۆی هەڵاتنی ژمارەیەکی زۆر لە لاوان و قوتابیانی زانکۆ لە ناوچە کوردنشینەکان کە زۆریش پێشوازیان لێکراوە.

بڕیارە نوێیەکان بوونەتە هۆی چالاکی و ڕێکخستنی نوێ لە کوردستاندا بە تایبەتی لە مهابادو گرێدانی کۆبوونەوەی شەوانە و پەیوەندی لەگەڵ (باکۆ - عێراق - ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و تاران) دروست بووەو چالاکییەکانی ئەم دواییە زیاتر گرنگی بە خاوەن زەوی و زارە ناوچەییەکان و ئەوانەی کە لە رابردووشدا جموجۆڵیان بووەو لەلایەن کەسانی عەشیرەییەوە ئەنجام دەدرێن.

سەرەڕای ئەمانەش بەم دواییانە ژمارەیەک لە پارتیەکان پێوەندییان دەگەڵ جەبهەی میللی گرتووەو خەریکی چالاکی هاوبەشن.

ناوەندی چالاکی و جموجۆڵی ئەو دارو دەستەیە ماڵی حاجی ڕەحمانی ئێلخانی زادە ئاشتیانی یە و شوێنی چالاکی و دانیشتنی قوتابیانی زانکۆیش ماڵی محەممەد عەباسی و ڕەزا ئاسفە.

تێبینی/ کۆپیەکەی بەرانبەر دەگەڵ ئەسڵەکەی- لە فایلی ح/ ٢٥ حزبی کۆمەڵە (ژ.ک) وێنەیەکی بۆ ناوەندەکانی ساواک لە سنە - مهاباد- ڕەزائیە.

سەرچاوە: چپ در ایران بەروایت اسناد ساواک - حزب دموکرات کردستان - جلد اول /ص٩٢



## بەڵگەنامەی ژمارە (٥٩)

ڕۆژ/ ١٩٦٣/٦/٥

ژمارە/ ٣١٣/٢٩١٨٨٨

« نەپەنی»

بۆ/ سەرۆکایەتی ساواکی ڕەزائیە

لە/ ئیدارەی گشتی سێیەم

ئەو هەواڵانەی کە سەبارەت بە چالاکیەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان و هاوکاری کردنی کوردە عێراقیەکان پێمان گەیشتوون، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١- هاوکارییەکانی شۆڕەوی بۆ مەلا مستەفای بارزانی لە ڕێگای سنوورەکانی ئێرانەوە، لە نزیک سنووری تورکیەوە دەنێردرێ. یەکێک لە بەرپرسانی ناردنی ئەم یارمەتیانە سەنارمامەدی کوڕی قورتاسی ڕێبەری تیرەی مامەدی لە هۆزی شکاکە کە دانیشتووی شاری شاپوورە. هەروەها گواستنەوەی ئەم هاوکارییانە بە هۆی (ئاقاز) لە هۆزی شکاک (هەنارە) لە ناوەندی ڕووباری (ئەشک سوو)ی باکووری ڕەزائیەوە جێبەجێ دەکرێ.



٢- لە مانگی ئاوریلی رابردوو ژمارەیەکی زۆر تفەنگی برنۆ

بەڕێگای ئێرانەوە بۆ مەلا مستەفا بارزانی نێردراون.

٣- پاشاخان ئەمیر فەللاح و براکەی قولی خان و حوسێن ئەمیر فەللاح کە دەوڵەمەندو پیاو ماقولی هۆزی قەرە پاپاغن، (یەکێی لە تایبەتمەندیە مەزنەکانی بارزانیی نەمر ئەمەبوو کە باوەڕی بە ژیانی هاوبەش و یەکسانی ماف و پەیوەندی پتەوی کۆمەڵایەتی هەموو ئەو مرۆڤانە، گەلانە بوو کە لە کوردستان نیشتەجێن، بارزانیی نەمر خەباتی لە پێناوی وەدەست هێنانی مافی ڕەوای گەلی کوردستان بوو، هەر بۆیە لەژێر سایەی ئەو مرۆڤە مەزنەدا هەموو کەمە نەتەوەکانی کوردستان بە ئەرمەنی و ئاسوری و کلدانی و تورکمان و ئازەری ویەوە هەستیان بە کەسایەتی کۆمەڵایەتی و پارێزراوبوونی ماف و کەرامەتی خۆیان دەرکرد، هەر بۆیە هەردەم زانا و ژیر مەند و پیاو ماقولانی ئەم نەتەوانە یان ژمارەیەکی زۆریان بەو پەڕی لە خۆبردووییەوە هەموو جۆرە



هاوکاریەکی مستەفا بارزانی و شۆڕشەکەیان کردوە یاخود لە ڕۆژانی تەنگانەدا جوامێریان نواندوە، ئەم هاوکاریەی چەند پیاو ماقولێکی هۆزی قەرە پاپاخی ئازەری و چەندانی ترکە دواتر بە شانازییەوە پێوەندیان بە شۆڕشی کورد و بارزانیەوە کرد نموونەی ئەنجامەکانی بیرو باوەڕ و هەڵس و کەوتەکانی بارزانیی نەمر - وەرگێڕ). هاوکاری ماڵی و کەلو پەل بۆ مەلا مستەفا دەنێرن (هۆزی ناوبراو دانیشتووی گوندی ئەکتاوی سەربەشاری نەغەدەن) یەکێک لە برازاکانی ئەو ناوانەی



سەرەوە بە ناوی (فرود خسرەوی) هاوکاری مەلا مستەفا بارزانی دەکات، ئیسفەند یار خوسرەوی کە پیشەی ئەندازیارییە ساڵی ڕابردوو چووبووە عێراق و ناوچەی بێتواتەی بۆ دامەزراندنی ئێزگەی رادیۆیەک دەسنیشان کردبوو، سەرەڕای ئەمانە هۆزەکانی میرانی گوڵباخی و تماوەند ژمارەیەک کەسی خۆبەخت کەریان ناردووە.

٤- حزبی توودەی ئێران هاوکارییەکانی خۆی بۆ مەلا مستەفا درێژە پێدەدا و لەسەر ئەو بڕوایەیە کە هێرشی دووەمی کوردەکان لە دژی ئێرانەو دوابەدوای عێراق دەست پێدەکا.

سکرتێری گشتی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق ئیبراهیم ئەحمەد کەسێکی کۆمۆنیستەو کەسێکی دەستڕۆیشتووە، هەر بەم هۆیەوە لەژێر چاودێری بەردەوام دایە، ئەم پیاوە جیاوازی بیروڕای دەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی دا نییە، بەڵام کێشەو ململانێی ئەو دەگەڵ هەموو ئەندامانی تری حزبە. تکا دەکەین بڕیار بفەرموون سەرەتا سەبارەت بە چۆنیەتی ڕاست بوون وناڕاستی ئەم هەواڵە بە هۆی ئامرازی پێویست لێکۆڵینەوەی ورد ئەنجام بدرێ و دواتر سەبارەت بە ناردنی هاوکاری شۆرەوی و هاتن و ناردنی چەک و تەقەمەنی بە سنورەکانی ئێراندا لەوناوچەیە بە چڕی هەر جۆرە زانیارییەک کۆبکرێتەوەو لێی بکۆڵدرێتەوەو ئەنجامەکەشی بەمەرکەز ڕابگەیەنن.

بەڕێوەبەری گشتی ئیدارەی سێیەم

موقەدەم

سەرچاوە: چپ در ایران بەروایت اسناد ساواک - حزب دموکرات کردستان جلداول - ص - ١١١-١١٢

# بەڵگەنامەی ژمارە (٦٠)

ڕۆژ/ ١٩٦٣/٦/١٣

ژمارە/ ٠٢٤٥/ ٢٣٤

بابەت/ پەنا بەرە کوردە عێراقیەکان لە ئێران

بەپێی زانیاری چەند ڕۆژێکی ڕابردوو باپیر بابەکر ئاغا سەرۆک هۆزی میراو دەلیەکانی پشدەر، بەمەلا مستەفا بارزانی گوتووە؛ ئێستا کە حکومەتی ئێران پەنابەرەکانی ئێمەی چەک کردوون و هیچ جۆرە هاوکارییەکی مالیان ناداتێ، باشتر نییە کە بگەڕێنەوە عێراق؛ مەلا مستەفا بارزانی وەڵامی داوەتەوەو گوتوویەتی: جارێ باشتروایە تا یەکلابوونەوەی ئەنجامی وتووێژەکانمان دەگەڵ حکومەت (مەبەستی حکومەتی عێراقە- وەرگێر)، پەنابەرەکان لە ئێران بمێننەوە، ئەگەر دوای ئەنجامی وتوێژەکان سەرکەوتن بەلای ئێمەوە بوو ئەو کاتە پەنابەرەکانمان باشترین شت دەبن بۆ چالاکی و ڕاگەیاندن و پروپاگەندە لەنێو کوردەکانی ئێرانداو ئەگەریش سەرکەوتنی ئەوتۆمان دەست نەکەوت و لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە پالە پەستۆمان خرایەسەر دیسان بوونی پەنابەران لە ئێران باشترین پشتوو پەنایە بۆ کەسانی ئێمە کە خۆیان لەنێو ئەواندا وەکو پەنابەر جێ بکەنەوەو لە هەردوو حاڵەتدا بوونی پەنابەران لە ئێران بۆ حزبی ئێمە پارتی کە لایەنگیری سەربەخۆیی کوردستانە بە سوودە.



سەرچاوە: چپ درایران بەروایت اسناد ساواک - حزب دموکرات کردستان جلداول - ص ١١٦



# بەڵگەنامەی ژمارە (٦١)

ڕۆژ/

ژمارە/ ٧٠٦/د-٢/ بەشی ٣١١

نهێنی

بابەت/ چالاکی کوردەکان

شوێن / کرماشان

سەرچاوەی هەواڵ / سابیر

بەپێی ئەو هەواڵانەی کە پێمان گەیشتوون لە ناوچەی مەریوان و هەورامان سەردان و هاتن و چوون لە نێوان سەرۆک هۆزەکان پەیدا بووەو زیاتر بۆ وتوویژ کەسێکیان ناردۆتە عێراق و سەردان و هاتن و چوونی گوماناوی لە نێوانیاندا دەبینرێ و سەیرترین چالاکی ئەم دواییانەی حزبی پارتی بە پشتیوانی ڕادیۆیەکانی شۆرەوی و ئیسرائیل و هەروەها بە شێوەیەکی فەرمی دەوڵەتی شۆرەوی پشتیوان کردنی خۆی بۆ کوردەکان و حزبی پارتی کوردستان (مەبەستی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراقە- وەرگێر) ڕاگەیاندووەو ئەم مەسەلەیە بووەتە هۆی ئەوەی کە بەڕێوەبەرانی حزبی پارتی خەریکی خۆ بەرهەڤ



کردنی نویٚ بن، گۆڤاری (پاری ماچ) کە لە فەرانسە چاپ دەبیٚ ویٚنەی مەلا مستەفا بارزانی تیٚدا چاپ کراوە کە پیٚشتر پیٚشکەشمان کردوون بەنرخیٚکی یەکجار زۆر دەکرِدریٚ و لە کوردستاندا رِیٚژەیەکی زۆری لیٚ بلاوکراوەتەوەو ورەوگیانی شۆرِشگیٚرِی کوردەکانی بەرز کردۆتەوە.

ویٚنەیەک بۆ:

ئیدارەی دووەم گشتی سیٚیەم

ئیدارەی سیٚیەم گشتی سیٚیەم

سەرچاوە/ چپ درایران بەروایت اسناد ساواک- حزب دموکرات کردستان. جلداوی - ص ۱۱۷

